تەواوی ژیانی
ووتەکانی
نامەکانی
وێنەکانی
Hasty Najm
بیرەوەرییەکانی
چارلی چاپلین

بیرەوەرییەکانی

چارلی چاپلین

کتێبخانەی کارێز
کەرکوک

کۆکردنەوەی:

ئارامی مەلامحەمەد

لە زمانی پێنووسەکەی خۆیەوە

07701918565 - 07501571818

چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی چارلی چاپلین

کۆکردنەوەی: ئارامی مەلامحەمەد

وەرگێڕەکان: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سەردار حەسەنخاڵی، عیمادی مەهدی ،مامۆستا دیار ئەسعەد

هەڵەچنی و زمانەوانی: کوردۆ فەرەج

نۆبەتی چاپ: چاپی پێنجەم

تیراژ: (١٠٠٠) دانەی لێ چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارە (١١٠٩)ی پێدراوە

سالی ١٩٠١ - چارلی چاپلین - تەمەن تەنها ١٢ ساڵە - لەندەن / بەریتانیا

لەدایکبوونم، دایکم «هانا» باوکم «چارلز چاپلین»

هانا دایکی چارلی چاپلین لەتەمەنی لاوێتیدا

چاپلن ناسراو بە (چارلز چاپلین) باوکی چارلی چاپلین

سەعات ٨ی شەوی ١٦ای ئاڤریلی ١٨٨٩ لەگەڕەکی «سیت لین» لەدایکبووم. دایکم ٢٢ ساڵ و باوکم ٢٧ ساڵ بوو، دایکم «هانا» لەساڵی ١٨٦٧ لەدایکێك کە کاولی سەرشەقام و بوکی پێی سەرشەقام بوو، لەدایك بووم. ئەو ژنێکی کورتە باڵا و جوان و بەگوڕو تینو هەستیار بوو کە دەمرو چاوێکی جوانو چاوی کاڵو قژی ڕەنگێکی قاوەیی هەبوو، هەرچەند جوانییەکەی لەئاستێکی زۆر بەرزدا نەبوو، بەڵام دەمرو چاوی سەرنج ڕاکێش بوو و دەچووە دڵەوەو لەچاوی ئێمەدا جوانییەکی ئاسمان هەبوو. من زۆر خۆشم دەویستو شەیدای بووم. دایکم لەشانۆی جۆراوجۆردا ڕۆڵی فەراشی دەگێڕاو هەندێك جاریش کۆمیدی دەکردو گۆرانی دەوتەوە. دایکم ٦ ساڵ پێش ئەوەی منی ببێت، لەگەڵ کەسێکی تردا هاوسەرێتی کردبوو کە کوڕێکیان هەبوو بەناوی «سیدنی» کە چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو.

باوکم «چاپلن» لەساڵی ١٨٦٣ لەبەریتانیا لەدایك بوو. ئەو پیاوێکی بیرمەند و ئارام بوو، ڕەنگی چاوی ڕەش بوو. دایکم دەیوت ڕووخساری وەکو ناپلیۆن بووە. ئەو ئەکتەری شانۆ بوو و دەنگێکی هێمنی هەبووە، بەڵام کێشەیەکی هەبوو، لەکاتی خواردنەوەی مەشروبدا زۆری دەخواردەوە. دایکم دەیوت هۆکاری جیابوونەوەمان (ساڵێك دوای لەدایکبوونم) خواردنەوەی زۆری مەشروب بووە. چیرۆك و سەربوردەی زۆری بۆمان دەگێڕایەوەو بەخەفەتو سەروسوڕمانەوە دەیوت: کاتێك سەرخۆش دەبوو بارێکی تووڕەیی و شەڕی لەخۆ دەردەخستو

لەئەنجامدا لەیەکێك لەو سەرخۆشی و پەلامارەی بەسەرخۆشی داویەتییە سەر دایکم، دایکم هەڵات بۆ شاری «برایتۆن» و لەئەنجامدا لەساڵی ١٨٩٠ تەڵاقی وەرگرت.

جیابوونەوەی باوکم لەدایکم «هانا» و هاوسەرگیری لەگەڵ «لۆییز»

لوییز برۆك، ژنی دووەمی باوکی چارلی چاپلین، واتا باوەژنی چارلی چاپلین

ساڵی ١٩٠٣ چارلی چاپلین لەیەکەم کاری هوونەری خۆیدا لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا لە شانۆگەری Sherlock Holmes دا

لەساڵی ١٨٩٠ (یەك ساڵ پاش لەدایکبوونم) باوکم و دایکم لەیەکتر جیابوونەوە. ئەوان سێ ساڵ پێکەوە دەژیانو بوون بە خاوەنی کوڕێکی یەك ساڵە (من). دایکم پاش ئەوەی بینی باوکم تووشی خواردنەوەی زۆر بووە و بەردەوام مەترسی هەڕەشەی لێدەکات، لەباوکم جیابووەوە. دایکم داوای نەفەقەی لە باوکم نەکرد، چونکە ئەو خۆی ئەکتەرێك بوو کە هەفتەی ٢٥ پۆند داهاتی بوو و بەباشی نەیدەتوانی بەخێومان بکات، بەڵام ئەو کاتانەی دژوارییەکانی ژیانی دەبینی، هەستی دەکرد دەبوایە باوکم بەلایەوە بوایە. ئەگەر وەها بوایە دایکم قەت هەڵنەدەستا بۆ ئیشی یاسایی بەرامبەر بەباوکم. تا ماوەیەك باوکم بڕی مانگانە وەکو نەفەقەی بەدایکم دەدا. دوای تەڵاق وەرگرتن لەدایکم، باوکم ماوەیەکی پێنەچوو لەگەڵ لوییز هاوسەرگیری کرد، ئەو ژنە ئەمیکەلێکی باڵا بەرزو جەستەیەکی پڕی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی ڕوویەکی گرژو لێوڵکی فەوی هەبوو، چاوەکانی غەمبار بوو. ساڵی (١٨٩٢).

باوکم ، لوییزی خۆش دەویست و زۆر جار دیمەنی وەهام بیستبوو کە ئەوەی بۆم دەسەلماند. زۆرجار روویداوە کە باوکم ڕەفتاری لووسی هەبوو. لوییزیش باوکمی خۆش دەویست.

باوکم و لوییز منداڵێکی جوانیان هەبوو، چاوی گەورە و تیژ و قژی چڕو پڕی لوولی ڕەنگی قاوەیی ڕەنگ. ئەو برای ناتەنیم بوو. باوکم و لوییز لەدو ژووری بچووك و هەژارانەدا لەیەکێك لەگەڕەکە فەقیرنشینەکانی لەندەن کە زۆر لەئێمەشەوە دوور نەبوون دەژیان. باوکم ٧ ساڵ لەگەڵ لوییزدا ژیان پاشان بەهۆی نەخۆشی جگەرەوە مردووە لوییز بەهۆی هەژاری و نەدارییەکی زۆرەوە، منداڵە ٦ ساڵەکەی برد بۆ هەتیوخانە.

لەندەن لەسەردەمی منداڵیم دا

چارلی چاپلین لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لە لەندەن، بەریتانیا

چارلی چاپلین لەتەمەنی لاوێتیدا، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا

لەو سەردەمەدا لەندەن شارێکی هێمن بوو و ژیانی بەهێمنی دەڕۆیشتە پێشەوە. تەنانەت کالیسکەکانی شەقامی «وست مسنیتر بریج». هێواش هێواش دەجووڵان و لەکۆتایی خەتەکەدا نزیك پردەکە لەسەر گۆڕەپانێکی بچووك دەسوڕایەوە. لەندەن شوێنێکی خۆش و هاوڕێیانە بوو، دوکان و ڕێستۆرانت و هۆڵی مۆسیقای سەرنج ڕاکێش تێدا بوو. دوکانی میوەفرۆشی لەسەر سووچی شەقامەکاندا کە بەرامبەر پردەکە بوو، پەلکەزێڕینەیەك لە ڕەنگی دروست ببووە. پرتەقاڵ و سێو و هەرمێ و مۆز لەدەرەوەی دوکانەکەدا بەجوانی دا نەنرابوون، بەڵام ئەو ڕەنگانە لەگەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشی تۆخی بینای پەرلەمانی گشتی و «لۆرد»ەکان لەقەراغی دەریادا زۆر جیاواز

بوو و پێکەوە نەدەگونجان.
لەندەن وەهابوو لەسەردەمی منداڵیمدا، شاری خەونەکانم و تاڵییەکانی ژیانم. بیرەوەرییەکانم لە گەڕەکی «لاس بس» لەوەرزی بەهاردا بەبیرم دێتەوە. لەبیرم دێت لەگەڵ دایکمدا لەسەر کەژاوەی ئەسپ سوار دەبووین و منیش لەکاتی جوڵەدا هەوڵم دەدا دەست لەگوڵە یاسەکان بدەم. لەبیرم دێت کە بلیتی ڕەنگاوڕەنگی مەنشەلە و پاس بە ڕەنگی پرتەقاڵی و شین و پەمەیی و سەوز لەسەر شۆستەکان داکەوتوون و هەر لەوێش مەنشەڵەکان و کەژاوە ئەسپییەکان رادەوەستان.
باسی کچە دەمروچاو مەیلەو سوور و سپییەکانتان بۆ بکەم کە لەسووچی شەقامی «وێست مەنسیتر بریج»دا گوڵیان دروست دەکرد و دەیانفرۆشتو پەنجە چالاکەکانیان شریت و ڕۆبانی ڕەنگ زیوی و گەڵای سەروە لەرزۆکەکانیان جوانتر دەکردەوە. بۆنی خۆشی شێداری گوڵە سوورە تازە ئاودراوەکان بەبیر دێنمەوە کە خەمێکی نادیارو ناونیشان لەمندا بەجێ دەهێشتەوە.
بەڵێ، پێموایە کە گیانم لە هەموو ئەو شتە وردو بچووکانە پێکهاتووە.

1910 1906 1918 1926

چارلی چاپلین لە چوار ساڵ و چوار تەمەنی جیاوازی لاوێتی و مێرمنداڵیدا

ماڵئاوایی دایکم «هانا» لەشانۆ

هانا دایکی چارلی چاپلین لە ئەمریکا، کۆتاییەکانی تەمەنی.

دەنگی دایکم تووشی نیگەرانی بوو. حەنجەرەی دایکم هەرگیز بەهێز نەبوو، بەسەرما حەساس بوو و دەئاوسایەوە چەند هەفتە وا دەمایەوە، بەڵام ئەو ناچار بوو دەست لەکاری خۆی بەر نەدات.

هەندێك جار وا روویداوە کە لەناوەڕاستی جێبەجێ کردنی پارچە مۆسیقایەکدا حەنجەرەی یارمەتی نەدەداو دەنگی تێکدەچوو و وزەوز و خشەخشی لێهەڵدەستایەوە. پاشان پێکەنینی بینەران دەستی پێکرد و هەموو فیکەیان دەکرد.

هەروەها لاوازی دەنگی دایکم بووە هۆی ئەوەی کە لەتەمەنی ٥ساڵیدا بۆ یەکەمین جار لەژیاندا بچمە سەر تەختی شانۆ و دەربکەوم. دایکم لەو سەردەمەدا زۆربەی شەوان منی لەگەڵ خۆیدا بۆ شانۆ دەبرد تا لەوماڵەدا کە بەکرێ گرتبوومان بەتەنها نەمێنمەوە.

ئەو لەو سەردەمەدا لەهۆڵی شانۆی «ئاڵدێوشات» یاری دەکرد.

هۆڵی شانۆی ئاڵیر شات هۆڵێك بوو کە دارو دیوارەکەی زۆر پیسو پۆخڵ بوو و زۆربەی مشتەرییەکانیشی سەربازەکان بوون. ئەوانە بینەرانی تووڕەو بێ ڕەوشت بوونو بچوکترین بیانوو دەبووە هۆی ئەوەی دەست بکەن بەگاڵتەجاڕیو گاڵتە بەهونەرمەندەکانی شانۆ بکەنو هوتافیان دەکێشا.

یاریکردن لەهۆڵی «ئاڵدێرشات» بۆ ئەکتەرەکان زۆر مەترسیدار بوو. لەبیرم دێ شەوێکیان دایکم لەکاتی جێبەجێکردنی رۆڵی خۆیدا دەنگی گیراو خشەخش کەوتە قوڕگیەوە، من لەپشت پەردەی شانۆکەوە وەستابووم. لەپڕێکدا دەنگی پێکەنینی بینەران هەستاو بەدوایدا گاڵتەکردنو «میاو» کردن وەکو پشیلە. دایکم لەسەر تەختی شانۆ ماڵئاوایی کرد. ئەو دۆخە بەناچار بووە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی ئەو لەشانۆدا بەباشی نەڕواتە پێشەوە، هەروەها بووە هۆی ئەوەی بۆ هەمیشە لەتەختی شانۆ ماڵئاوایی بکات.

شەوێکیان دایکم بەهۆی لاوازی دەنگیەوە کە حەنجەرەی تووشی نەخۆشی بوو، گاڵتە پێکردنی بینەرانی

توندوتیژ و بێ ڕەوشت لەپڕێکدا لەهۆڵی شانۆدا دەستی پێکرد. لەم کاتەدا بەڕێوەبەری تەختی شانۆ زۆر جار کە من لەلای هاوڕێیانی دایکمەوە یاریم دەکرد و نمایشم دەکرد، منیان بینیبوو. لەمڕووەوە پێشنیاریان کردبوو کە لەبری ئەو بڕۆمە سەر تەختی شانۆ و دەربکەوم.

بەم جۆرە لەتەمەنی ٥ ساڵیدا بۆ یەکەمین جار بەهۆی لاوازی دەنگی دایکمەوە، چوومە سەر تەختی شانۆ.

لەبیرم دێ لەناو هات‌و هەراو شڵەژاوی بینەراندا کە گاڵتەیان بەدەنگی دایکم دەکرد، بەڕێوەبەری تەختی شانۆ دەستی منی بەرز کردەوەو پیشانی بینەرانیدا و پاش نەختێ قسە کردن لەبارەی ئەو شتەی کە روویدا منی بەئامادەبووان ناساند. پاشان منی بەتەنها لەسەر تەختی شانۆ هێشتەوە. لەژێر ریزی گڵۆپەکانی بەرتەختی شانۆ لەحاڵێکدا دەمرو چاوە جۆراوجۆرەکان بەشێوازێکی نادیار لەناو دووکەڵ و تۆزدا لەبەرچاومدا رەشکەو پێشکەی دەکرد، دەستم کرد بەگۆرانی وتن.

سەرەتا ئۆکسترای مۆسیقاکە بۆ ئەوەی سازەکانی خۆی لەگەڵ دەنگی مندا کۆک بکات، ماوەیەک تووشی نارێکوپێکی بوو و پاشان لەگەڵ دەنگمدا ڕێکخرا.

ئەو گۆرانییەی دەمووتەوە «جەک جۆنز» بوو کە لەو کاتەدا زۆر بەناوبانگ بوو. هێشتا گۆرانییەکە نەگەیشتبووە نیوەی، پارە لەهەموو لایەکەوە بەسەرمدا بارییە سەر تەختی شانۆکەوە.

خێرا گۆرانییەکەم دابڕی‌و وتم دەبێ پارەکان کۆ بکەمەوە پاشان گۆرانی دەڵێمەوە. ئەو قسەیەم پێکەنین‌و گروتینێکی زیاتری لەناو بینەراندا دروست کرد. لەگەڵ بینەراندا قسەم دەکرد، بۆیان هەڵدەپەڕیم و چەند جار حاڵەتی لاساییم دەردەهێنا، یەکێك لەو لاساییانە لاسایی دایکم دەکردەوە.

بەبێ مەبەست‌و لەڕووی سادەییەوە گۆرانییەکەی دایکمم وتەوە، بەلاسایی وتمەوە و بەو شێوازەی کۆتایی پێ هێنابوو، کۆتاییم پێ هێنا. کاریگەرییەك کە ئەو حاڵەتانەم لەسەر بینەران دانا، خۆشم زۆر سەرم سوڕما. پێکەنین‌و هاندانی بینەران نەدەبڕایەوەو دیسانەوە سکەی پارەیان بۆم دەنارد.

کاتێك کە دایکم دەهاتە سەر تەختی شانۆ تا من لەگەڵ خۆیدا ببات، دەرکەوتنی ئەو بۆ سەر تەختی شانۆکە هەستی پاڵنەری بینەران بەتوند هەڵفڕاندو دەنگی شادومانی هەستا.

ئەو شەوە یەکەمین شەو بۆ من بوو کە بچمە سەر شانۆ، بەڵام دایکم دوایین شەو بوو لەسەر تەختی شانۆ رۆڵ بگێرێت.

گۆرانی «جەك جۆنز»

-لەبازاڕدا ناو و ناوبانگی هەیە

-بۆچی نازانی، مەبەستم لەجەك جۆنزە

-کاتێك کە خۆیەتی، وەکو جاران

-قەیناکا، راستم پێ بڵێ

-بەڵام تا ئێستا ئاڵتون پێگەیشتووە

-رووخۆشییەکەی ئەو هیچ کەس نەیدیوە

-هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوڕێیانی جاران
-رق هەڵدەستێ کاتێك دەبینی
-رۆژێکیان لە ((ئەستار))*دا بینیم کە چەندە مەستە
-گیرفانەکانی تا بن قورسی بینیوە
-زۆر شڵەژاو پەرێشانە

هەژاری و زەحمەتیەکانی دایکم

دایکم نەیتوانی جارێکی تر دەنگی باش ببێتەوە. دنیای شانۆ بۆی تەواو بوو و تەنها بیرەوەرییەکی لێمابەوە. وا دیار بوو ژیانمان تێکچووە. پاییز تەواو دەبوو و زستان دەهات‌و بارودۆخی ئێمەش رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو.

هانا دایکی چارلی چاپلین لە ئەمریکا، کۆتاییەکانی تەمەنی.

هەرچەند دایکم ژنێکی بەئاگا بوو، کەمێ پاشەکەوتی هەبوو، بەڵام ئەو پاشەکەوتە خێرا تەواو بوو، بەڵام دایکم هێشتا هیوادار بوو دەنگی خۆی چاك بکاتەوە. لەمرووەوە ماڵەکەمان گواستەوە بۆ شوقەیەکی دوو ژووری و پاشان رۆیشتینە ژوورێکی تەنها و ئەو شوێنانەی دەچووینە ناوی دوا بەدوای یەك پیستر و هەژارانەتر و پەست تر بوو، لەحاڵێکدا سەرەتا لەشوقەیەکی ٣ ژوورەدا دادەنیشتین.

تەحەمولی یەك ساڵ ژیان لەبارودۆخێکی وەها وەکو تەمەنێکی دژوار بوو. ئێمە لەوپەڕی خەم‌و هەژاری‌و نەداری ژیانەوە دەمانگوزەراند.

بەدەست هێنانی کار زۆر دژوار بوو و ژنانی چینی خوارتر بەدەگمەن دەیانتوانی کارێکی تر بێجگە لەفەراشی‌و شیرینی فرۆشی کار بکەن. هەندێك جار وا روویدەدا کاری پەرستیاری ناو ماڵەوەیان دەکرد، بەڵام ئەو کارانە زۆر دەگمەن‌و کورت خایەن بوو.

ئەو لەهێزی خۆڕاگرییەکی زۆرەوە کەڵکی وەردەگرت.

ئەو کاتانەی لەشانۆدا کاری دەکرد. جلەکانی بەتایبەتی خۆی دەیدووری، لەمڕووەوە دەیتوانی بەدەرزی‌و دەزوو کار بکات‌و بەجل دوورین چەند «شیلینگ» بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەو بڕە پارەیە خەرجی سێ کەسی لەماڵێکدا نەدەدا. بەهۆی مەشروب خواردنەوەی زۆری، باوکم نەیتوانی لەشانۆدا سەر بکەوێت‌و لەمڕووەوە دەبوایە دوو

شلینگی بدایە بەدایکم، نەفەقەی دایکم دوادەکەوت.
لەم بارودۆخەدا دایکم هەموو شتی ژیانی خۆی فرۆشت و تەنها یاخانی جێ جلی شانۆکەی پاراستبوو. وابیری دەکردەوە رەنگە رۆژێك دیسانەوە دەنگی چاك بێتەوەو بێتەوە بۆ سەر تەختی شانۆو دیسانەوە ئەو جلانەی لەبەر بکات.
لەقەیرانی ئەو سەردەمە دژوارو سەختەدا، دایکم نەخۆشیی سەرئێشەی «میگرێنی» گرت و لەمڕووەوە ناچار بوو دەست لەدوورین هەڵبگرێت.
بەناچار سەرلەبەیانی تا ئێوارەی تاریك لەناو قەرەوێڵەکەیدا دەخەوتو لەبەرئەوەی سەرئێشەکەی ئارام بێتەوە، گەڵای چای لەسەر چاوەکانی دادەنا تا هێمن بێتەوە.
وەکو هەمیشە، هەموو رۆژ دوای بەربوونمان لەخوێندنگە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە و گوێم لەقسەکانی دایکم دەگرت.
سەتڵی ئاوە پیسەکانم دەڕشت و لەنهۆمی خوارەوە دوو سەتڵی تازەی ئاوم هەڵدەکێشاو پاشان دەڕۆیشتم بۆ ماڵی «مەك کارتی» لە رەفیقەکانی دایکم بوو، تا ئێوارە لەوێ دەمامەوە، چونکە باشتر لەژووری کپو ژووری خەفەتاوی ژێر باڵکۆنەکە بوو.
شەوان لەشوقەیەکی گونجاودا، لەبەشێکی باشتری گەڕەکی «کینگتۆن» دەژیانو بەگوێرەی ئێمە ژیانێکی باشتریان هەبوو.
ئەوان کوڕێکیان هەبوو بەناوی «والی» کە تا درەنگانی شەویش پێکەوە یاریمان دەکرد. بێجگە لەوەش منیان دەعوەت دەکرد بۆ خواردنی چایو نانی ئێوارانو هەندێك جاریش بۆ نان خواردن لەوێ دەمامەوە.
جار ناجارێ خانمی «مەك کارتی» کە لەم دواییانەدا کەمتر دایکمی دەبینی، ئەحواڵی دەپرسیو منیش بەجۆرێك پاساوم دەهێنایەوە کە بۆچی دایکم نایەت بۆ لای. دایکی داماوم حاڵی زۆر خراپ ببوو، بەدەگمەن سەردانی رەفیقەکانی دەکرد.
هەڵبەت هەندێك جار ئێوارن لەماڵەوە دەهاتمەوە و دایکم بێجگە لەچای، لەناو مەنجەڵدا نانی وشکی بۆ سوور دەکردمەوە. من لەو نانە ساردەی ئێوارانە چێژم وەردەگرت، بەتایبەت دایکم بۆ ماوەی یەك سەعات کتێبی بۆ دەخوێندمەوە، بەڵام جارێکیشان کە چوومە ژوورەوە، دایکم گەڕایەوە و بەشێوازێکی نیگەران سەیری کردو بەبینینی ئەو داچڵەکام. زۆر لاواز ببوو و ئێسقانی لەدەرەوە بوو و چاوەکانی حاڵەتی کەسێکی بوو کە ئازارو دەردێکی زۆر تەحەمول دەکەن. خەمێکی قورس نیشتە سەر دڵمو لەنێوان دوو هەستی جیاوازدا گیرم کردبوو، بمێنمەوە لەماڵەوەو چێژ وەربگرم لەقسەکانمان یان بڕۆمە دەرەوە لەژوورەکەو ئەو دیمەنە ناخۆشو هەژاریو نەدارییەی دایکم نەبینم. دایکم لەسەرخۆ سەیری کرد و پاشان پرسی: بۆچی ناڕۆی بۆ لای مەك کارتی؟ نزیك بوو فرمێسك لەچاوەکانم بێتە خوارەوە. وەڵامم دایەوە، دەمەوێ لەلات بمێنمەوە. ئەویش ڕووی کردە ئەولاوە و لەحاڵێکدا بەسستی سەیری ئەوبەری پەنجەرەکەی دەکرد، وتی: بڕۆ بۆلای مەك کارتیو بۆ نان خواردنیش هەر لەوێ بمێنەرەوە. ئەمشەو بۆ خواردن هیچم نییە بتدەمێ.

سەرەڕای ئەوەی لە لەحنی دەنگیدا حاڵەتێك لە لۆمەکردن دیار بوو، بەڵام خۆمم تێکنەدا و بەدەنگێکی لاوازەوە وتم: ئەگەر دەتەوێ دەڕۆم. زەردەخەنەیەکی خێراو کورت ماوە لەسەر لێوی کەوتو دەستی هێنا بەسەرمداو وتی: بەڵێ، بەڵێ. برۆ بۆ ئەوێ.
لەحاڵێکدا واهەستم دەکرد تووشی تاوانێکی گەورە بوومە، ئەوم لەو ژووورە فەقیرانەدا بەجێهێشتو هاتمە دەرەوەو نەمدەزانی چەند رۆژی داهاتوو چ چارەنووسێکی شوومو ترسێنەر چاوەڕێی دایکم دەکات.

ژیان لەخانەی منداڵاندا

یەکێك لە دەگمەنترین وێنەکانی چارلی چاپلین، لە ساڵی یەکەمی خوێندنیدا لە خوێندنگە لەگەڵ خوێندکارەکاندا، لەندەن/ بەریتانیا

کێشەکانی ژیانمان رۆژ بەرۆژ زیادی دەکرد. قیستی شتەکانمانو قەرزەکانمان دواکەوتو بەناچار مەکینەی بەرگدووری دایکمان فرۆشت. لەو کاتەشدا باوکم ئەو ١٠ شیلینگەی پێمانی دەدا لێمانی بری.
دایکم دژواری ژیانی خۆیو منداڵەکانی لەسەر شان بوو. لەحاڵێکدا زۆر نیگەران بوو. پێیان وت کە خۆیو منداڵەکانی بۆ ماوەیەك لەئۆردوگای «لامبس» شوێنی بەخێوکردنی هەتیو و بێ سەرپەرشتان بمێننەوە. لەمرووەوە بڕیاریدا هەرسێکمان بڕۆین بۆ ئەوێ. هەرچەند دەمانزانی رۆیشتن بۆ شوێنی بێ دایكو بێ باوکان چەندە شەرمەزارییە، بەڵام لە ئێرە پێمان باشتر بوو تاوەکو ئەو ژووورە پیسو پۆخڵەی هەمانبوو.
کاتێك کە هەنگاومان نایە ناو دەروازەی خانەی منداڵان، سەرگەردانیو داماوی ئەو شوێنە لەپڕێکدا وەکو کارەبا

ئێمەشی گرتەوە. لەسەرەتاوە دایکم لەلایەکەوە رۆیشت بۆ بەشی ژنان و منو براکەشمیان نارد بۆ ئەو بەشەی تایبەتی منداڵان بوو، پاش هەفتەیەك یەکترمان بینی. هێشتا خەفەتی دڵتەزێنی یەکەمین چاوپێکەوتنم لەگەڵ دایکمدا لەئۆردوگا بەبیرم دێت. بەبینینی ئەو لەحاڵێکدا جلی تایبەتی ئۆردوگای لەبەردا بوو، چووە ژووری چاوپێکەوتنەوەو من لەناخەوە رووخام. لەناو ئەو جلانەدا چەندە هەژارو داماو دیار بوو.

لەماوەی هەفتەیەکدا زۆر پیر بوو و زۆر لاوازتر ببوو، بەڵام بەبینینی ئێمە لەروخساریدا شادییەك رەخسا. «سیدنی» و من دەستمان کرد بەگریانو ئەو دۆخەش بووە هۆی ئەوەی دایکیشمان بگری. دڵۆپە گەورەکانی فرمێسك لەچاوەکانی دەرژایە خوار و بەسەر گۆنایدا دەباری. لەئەنجامدا توانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و پاشان هەرسێکمان لەسەر تەختێکی ئەستوور دانیشتین. دەستمان لەسەر داوێنی دایکمان بوو و ئەویش بەهێواشی دەستمانی نەوازش دەکرد. دایکم بەبینینی سەری تاشراومان پێکەنیو دەستی بەسەرماندا دەهێناو وتی: بەم زووانە دیسانەوە هەرسێکمان پێکەوە دەژین. پاشان لەناو گیرفانەکەی نەختێك نانی شیرینی دەرهێناو پێمانی دا. ئەو نانە شیرینەی بەپارەی دوورینی قۆڵی جلی یەکێك لەپەرستیارەکان کە بەدەستی هێنابوو، لەکافتریا کڕیبووی. پاشان لەیەکتر جیابووینەوە، بەڵام «سیدنی» بەنیگەرانییەوە زوو زوو دووپاتی دەکردەوە کە دایکمان لەماوەی هەفتەیەکدا چەندە پیر بووە.

رێك دوای سێ هەفتە مانەوە لەئۆردوگا ناردمانیان بۆ قوتابخانەی تایبەتی بێ سەرپەرشتانی «هانوێل». ئەو شوێنە لە لەندەنەوە ٢٠ کیلۆمەتر دوور بوو. لەو قوتابخانەیەدا هەستم بە هەژارییەکی تەواو دەکرد، چونکە لەئۆردوگا زیاتر هەستم دەکرد لەدایکمەوە نزیکم. لە «هانوێل» وا بیرم دەکردەوە هەزاران کیلۆمەتر لەدایکمەوە دوورم. «سیدنی» و من خولی سەرەتایی قوتابخانەمان تەواو کردو رۆیشتینە بەشی سەرەکی. «سیدنی» رۆیشتە بەشی گەورەکان و منیش رۆیشتمە بەشی منداڵان. ئێمە لەبینای جیاوازدا دەخەوتین، بۆیە یەکترمان نەدەبینی. ئەو کاتە تەمەنم ٦ ساڵ بوو و زۆر هەستم بەتەنهایی دەکرد. ئەو بارودۆخەش زۆر نیگەرانی دەکردمو دەبووە هۆی ئەوەی لەخۆمدا هەست بە کەمو کورتی بکەم.

دایکم لەماوەی مانەوەماندا لەئۆردوگا، بەهەوڵو تێکۆشانێکی زۆر بڕیاریدا لەئۆردوگا نەمێنێتەوەو بەزەحمەت توانی ماڵێکمان بۆ بگرێت، پاشان دوای ١٨ مانگ توانیمان هەرسێکمان یەك بگرینەوە لەشوێنێکدا.

لەخانەی نەوجەوانان قامچیان لێدام

لەخانەی نەوجەوانانداا بۆ تاوانە گرنگەکان کە منداڵان پێی تاوانبار دەبن، مەراسیمی سزایان لەرۆژانی هەینی لەگۆڕەپانی وەرزشی خانەی نەوجەواناندا بەڕێوەیان دەبرد. ئەو شوێنە رووبەرەکەی بەدرێژایی ٢٠ مەترو ١٥ مەتر بەسەقفێکی بەرز کە لە تەنافی جۆراوجۆر شۆڕ بوونەوە پێکهاتبوو و دیمەنێکی زۆر ناخۆشو بێزارکەری هەبوو. رۆژانی پێنج شەممە لەپڕێکدا فەرمانی بێدەنگی لەخانەی نەوجەوانان دەدرا. دەبوایە لەشوێنی خۆماندا نەجووڵاباین و وەکو پەیکەر وشك بوەستاینو گوێمان بەقسەکانی چاودێری خانەی نەوجەوانانی «هیندرۆم»

یەکێك لە دەگمەنترین وێنەکانی چارلی چاپلین، لە ساڵی یەکەمی خوێندنیدا لە خوێندنگە لەگەڵ خوێندکارەکاندا، لەندەن/ بەریتانیا

بگرتایە. ئەو لەناوەوەی بیناکەدا بەدەنگی بەرز ناوی ئەو کەسانەی رادەگەیاند کە دەبوایە رۆژی دواتر سزا بدرێن. سەرلەبەیانی رۆژانی هەینی ۲۰۰ تا ۳۰۰ نەفەر منداڵی کوڕی ۷ بۆ ١٤ ساڵە لە زەوی وەرزشدا ریز دەبوون و بەشێوازی ستونی سەربازی دەوەستان. لەسووچی گۆڕەپانی زەوی وەرزشەکەدا مێزێکی گەورە کە درێژییەکەی وەك مێزی نانخواردنی سەربازخانەکان بوو، دایاندەنا. تاوانباری دیاریکراو لەبەرامبەر ئەو مێزەدا رادەوەستاو سزاکەیان رادەگەیاند.

تاوانبارەکان لەسەر مێزەکە دەخەواند و لەحاڵێکدا دەمرو چاوی لەسەر مێزەکە دانرابوو، قاچیان دەبەستەوەو پلەدارێك بەتوندی دەیگرت. ئینجا پلەدارێکی تر قایشی پانتۆڵەکەی توند دەکردەوە. ئێنجا چاودێر «هیندرۆم» کە ئەفسەرێکی خانەنشینی هێزی دەریایی بوو و کێشی ۱۰۰ کیلۆ بوو، دەستێکی دەنایە کەمەری و بەدەستێکی تری دارەکەی دەگرتە دەستیەوە، ئەو دارە ئەستوورییەکەی بەئەندازەی پەنجە گەرەی پیاوێك دەبوو و درێژیەکەی زیاتر لە مەترێك دەبوو، ئینجا دارەکەی دەسوڕاند و لەحاڵێکدا جەستەی قنج رادەگرت، دارەکەی بەهێواشی دەبرد سەرەوە و لەپڕێکدا بەخێرایی و پتەوی دەیسوڕاندو لەسمتی تاوانبارەکەی دەدا. ئەنجامەکەی مەترسیدار بوو، چونکە بەبێ ئەملاو ئەولا ئەو منداڵە دەبوورایەوەو دەکەوت. لە سێ بۆ شەش لێدانیان لەتاوانبارەکە دەدا. لێدانی دارەکان منداڵەکەی تا ئاستی ئیفلیجی دەبرد، پاشان تاوانبارەکەیان بەسەر زەوییەکەدا دەخشاندو لەسووچێك لەگۆڕەپانەکەدا دەخەواند و شوێنی لێدانو ئەشکەنجەکان وەکو شوێنی سێ پەنجە بەسەر سمتیەوە تا ماوەیەکی درێژخایەن دەمایەوە.

ئیتر تەمەنم بوو بە ۷ ساڵاو ناردیانم بۆ بەشی کوڕە گەورەکانی خانەی نەوجەوانان. رۆژێکی پێنج شەممە بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە لەبڵندگۆی خانەی نەوجەوانانەوە ناوی خۆمم لەناوی ئەو تاوانبارانەی دبوایە سزا بدرێن، بیست. بەهیچ شێوازێك نەمتوانی بزانم چ کارێکم کردووە کە پێی تاوانبارم. تووشی نیگەرانی و شڵەژانێکی زۆر بووم.

ڕۆژی سزادان هات‌و منیان بردە شوێنی سزادانەکە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وتی: «تۆ بەوە تاوانباری کە لە توالێتدا ئاگرت داگیرساندووە». ئەو قسەیە ڕاست نەبوو. مەسەلەکە وا بوو کە چەند نەفەر لەمنداڵەکان لەناو توالێتەکەدا چەند پارچە کاغەزیان سوتاندبوو و ئاگر داگیرسابوو، ڕێك لەو کاتەشدا من چوومە توالێتەکەوە، بەڵام لەداگیرساندنی ئاگرەکەدا هیچ ڕۆڵێکم نەبوو، هەرچەند هەوڵمدا بەرپرسانی خانەی نەوجەوانان بڕوایان بە قسەکەم نەکرد.

خۆمم لەبەردەم مێزی سزادان بینییەوە. منیان برد بۆلای مێزی سزاکەو سێ لێدانی قورسیان لەسەر سمتم دا. ئێش‌و ئازاری لێدانەکە ئەوەندە زۆر بوو کە هەناسەم بڕا...

«سیدنی»یش لەزەوی وەرزشدا سەیری سزاکەی منی دەکرد. ئەویش هاواری دەکردو بۆ من دەگریا.

ژیانم پاش خانەی نەوجەوانان

چارلی چاپلین لەتەمەنی لاوێتیدا، ساڵی ۱۹۱۰ لەتەمەنی ۲۱ ساڵیدا

ساڵی ۱۹۰٦ لە تەمەنی ۱۷ساڵیدا

پاش ۲ ساڵ ژیانم لەخانەی نەوجەوانان، دایکم ژوورێکی لەکۆڵانەکانی پشت گەڕەکی کنینگتۆن بەکرێ گرت‌و ماوەیەکیش توانی ژیانمان ئیدارە بکات.

ئیتر ژیانمان بەو شێوازەی لێهاتبوو کە لەکۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر ماڵ بگوازینەوەو وەکو تۆپی یاری ئەملاو

ئەولامان دەکردو پاشان خۆمان لە هەتیوخانەو ئۆردوگای بێ سەرپەرشتاندا دەبینییەوە.

رۆژێکیان کاتێك کە «سیدنی» برام خەریکی یاری تۆپی پێ بوو، پێیان وت کە دایکمان شێت بووەو ناردوویانە بۆ نەخۆشخانە. «سیدنی» رۆیشتە سووچێك و دەستی کرد بەگریان. «سیدنی» مەسەلەکەی بۆ گێرامەوە، بەڵام بڕوام نەکرد. بەڵکو بێ ئومێدییەکی زۆر سەرتاپای گرتم. پرسیارم لەخۆم کرد بۆچی دەبێ وابێ؟ چۆن دەکرێ ژنێك بەدڵی نەرمو میهرەبانەوە، لێوانلێو لەو هەموو گڕوتینە، عەقڵو هەستی خۆی لەدەست بدات؟

دوای هەفتەیەك، دادگا، پشتگیری خۆی لە «سیدنی» و من دەربڕی. بۆ من ژیان لەلای باوکمو ورووژێنەر بوو، چونکە لەهەموو تەمەنمدا دووجار ئەوم بینیبوو. جارێکیان لەسەر تەختی شانۆو جارێکی تریشیان لەبەر ماڵماندا کاتێك کە لەگەڵ خانمێك تێپەڕی ئەوم بینی - باوکم منی نەناسیو دەستی بەگیرفانیدا کرد و دوای گەڕان لەگیرفانیدا سکەیەکی دوو شلینگیو نیوی پێدام. بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەم خێرا رامکرد بەرەو ماڵو بەدایکم وت کە باوکمم بینیوە.

ئێستا دەبوایە بڕۆیشتینایە لەگەڵ ئەودا بژین.

باوکم دوای جیابوونەوەی لەدایکم، لەگەڵ ژنێکی تردا بەناوی «لوییز» هاوسەرێتی کرد. لویز ژنێك بوو بەرواڵەت دڵتەڕ و رووترش و باڵایەکی بەرزو هەیکەلێکی پڕو بەهێز، لێوەکانی گۆشتنو چاوەکانی خەمبار. لەدەمو چاویدا وا دەردەکەوت تەمەنی ٣٠ ساڵە.

ئەوان لەدوو ژووردا دەژیان. هەموو شتێکی ناوماڵەکە وەکو خودی لوییز خەمبار دەهاتەبەر چاو. کاغەزە دیکۆرییەکانی سەر دیوارەکە، ئامێرو کەرەسەی ژوورەکانو پەیکەرێکی «سۆنە ماسی» کە لەچوارچێوەیەکی شووشەیدا دانرابوو و خەریك بوو سەیری «سۆنە ماسی»یەکی گەورەتر لەخۆی بەدەمیدا دەبرد و سەری دووەمییەکەیان لەدەمی یەکەمەکەیانەوە هاتبووە دەرەوە.

هەموو شتێك بەشێوازێکی مەترسیدار، خەفەتاویو خەمبار دەهاتە بەرچاو.

بەباشی پێشوازییان لێ نەکردینو ئەوەش چاوەڕوانکراو بوو. هەرچەند «لوییز» رووترش و بەدئەخلاق بوو و بە رەفتاری خراپو قسەی ناڕەوا ئازار و ئەزیەتی دەداینو هەندێك جار ئێمەی لەماڵ دەکردە دەرەوە، بەڵام باوکم بەگەرمی پێشوازی لێمان دەکردو لەگەڵمان میهرەبان بوو.

«لوییز» لەخواردنی مەشروباتدا ئاستێکی دیاریکراوی نەبوو و زۆری دەخواردەوە. کاتێك کە سەرخۆش دەبوو، بەشێوازێکی مەترسیدار دەستی دەکرد بەجنێو و دەربڕینی وشەی خراپو ناڕەوا. ئەو کارەش دەبووە هۆی ئەوەی ئێمە زیاتر بترسین. هەرچەند لەو کاتەشدا هێشتا ٨ ساڵم پڕ نەکردبووەوە، بەڵام ئەو رۆژانە درێژترینو تاڵۆزترین رۆژەکانی ژیانم بوون.

شەوانی یەکشەممە ناخم پڕ دەبوو لەخەمو نیگەرانی. بیری دایکم دەکرد کە لەنەخۆشخانە بوو. «لوییز» هەندێك جار نەیدەهێشت ئێمە بڕۆینە ماڵەوەو ناچار بووین لەگۆشەی شەقامەکاندا ئاگر بکەینەوە و لەوێ بخەوین. هیلاك و ماندوو و داماو بووین. باوکیشم بەردەوام مەشروبی زۆری دەخواردەوە و زۆربەی شەوان بەسەرخۆشی دەهاتە ماڵەوە و نەیدەتوانی ماڵەکە کۆنترۆڵ بکات.

لویز بـرۆك ژنـی دووەمـی باوکی چارلی چاپلین واتا باوەژنی چارلی چاپلین
Louise Brooks

پۆستەری چارلس چاپلین باوکی ڕاستەقینەی چارلی چاپلین لەکاتی ڕیکلامکردن بۆ یەکێك لەکارە هونەرییەکانیدا لە لەندەن

ڕۆژێکیان شەممە بوو، نیوەڕۆ کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، کەسێکم بینی. «سیدنی» وەکو جاران هەموو ڕۆژەکان یاری دەکردو خاوەن ماڵەکە وتی «لوییز» و کوڕەکەی لەبەیانییەوە تا ئێستا چوونەتە دەرەوە. سەرەتا ئەو مەسەلەیە منی خۆشحاڵ کرد، چونکە ئیتر ناچار نەبووم ناو ماڵەکە بشۆرم. دەمەوئێوارە وردە وردە نیگەران بووم و هەستم بەغوربەت کرد و لەبەر خۆمەوە وتم ڕەنگە منیان بەجێ هێشتبێ و بەتەنهایان هێشتبێتمەوە. ژوورەکە بەلامەوە غەریب و خەفەتاوی دیار بوو و بێدەنگی و چۆڵبوونی دەبووە هۆی ترسم. لەلایەکەوە هەستم بەبرسیەتی دەکرد. ڕۆیشتمە چێشتخانەکەوە، بەڵام خواردنێکم نەدۆزییەوە، بەنیگەرانی لەماڵ هاتمە دەرەوە و هەموو دوای نیوەڕۆکەی سەیری بازاڕی نزیك ماڵی خۆمانم دەکرد و دەسوڕامەوە و بەبرسێتییەکی تەواو سەیری دیکۆری چێشتخانەکانم دەکردو سەیری جزوڤزی گۆشت و پەتاتەی سوورەوکراوم دەکرد. کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە، شەو بوو. لە دەرگام دا، بەڵام کەسێك وەڵامی نەدایەوە. هیلاك و ماندوو ڕۆیشتمە سەر لێواری تەنیشت دەرگاکە دانیشتم و سەیری دەرگاکەم کرد تا ڕەنگە یەکێکیان بێن. هیلاك و ماندوو بووم. لەپڕ لەتاریکی شەودا کەسێکم بینی دەهات بۆ لای ماڵەکە. «لوییز» بوو و کوڕە بچکۆلەکەشی لەپێشیەوە رایدەکرد.

«لوییز» لەحاڵێکدا هاوسەنگی خۆی لەدەستدابوو و لەکاتی ڕۆیشتندا ئەملاو ئەولای دەکرد، ڕەش و شین و سەرخۆش ببوو. زۆر خەوم دەهات و تەنها هیوایەتم جێیەك بوو تیایدا بسرەوم. لەگەڵ «لوییز» و منداڵەکەیدا ڕۆیشتینە ماڵەوە، بەڵام «لوییز» پێی وتم: ون بە، لێرە بڕۆ. منیش لەپلیکانەکان هیلاك و ماندوو هاتمە خوارەوە و لەماڵ چوومە دەرەوە. هێشتا چەند هەنگاو نەڕۆیشتبووم کە لەژێر ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکەدا باوکم بینی دەهات بەرەو ڕووم. ڕۆیشتم بۆلای و بەگریانەوە وتم: «لوییز» ناهێڵێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. پێموایە سەرخۆشە. باوکیشم کە پێکەوە دەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە، بەچپەوە لەژێر لێویەوە وتی: «منیش ناتوانم خۆم ڕاگرم، هاوسەنگیم نییە».

چارلی چاپلین لە تەمەنی لاوێتیدا لەکاتی وەرزشکردندا

باوکم دەرگـای ژووری دانیشتنەکەی کـردەوە و بەحاڵەتی هەڕەشە ئاسا سەیرێکی «لوییز»ی کرد و، «لوییز» لەلای سۆپاکەوە راوەستابوو و دەستی نابووە لای سۆپاکەوە تا هاوسەنگی خۆی بپارێزێت. باوکم وتی: «بۆچی نەتهێشتووە بێتە ماڵەوە؟» لوییز هاواری کرد: «تۆش بڕۆ قیروسیا، بۆ هەر جەهەنەمێك دەڕۆن بڕۆن، هەمووتان».

لەپڕێکدا باوکم شانەیەکی قژی هەڵگرت و خێرا بەرەو لوییزی فڕێدا. دەستەکی شانەکە دای لە دەمو چاوی. «لوییز» چاوەکانی نوقاندو پاشان بەدەنگێکی کپەوە بوورایەوەو لەژوورەکەدا کەوت. ئەو کارەی باوکم منی چڵەکاندەوە. لەبارەی ئەو شتانەوە چی ڕوویداوە، بیرەوەرییەکانم نادیارە. دوای ئەوە «سیدنی» هاتە ژوورەکەوە، ئینجا باوکم دەستی هەردووکمانی گرت و بردینییە ناو تەختەکەوە تا بخەوین، پاشان لەماڵ چووە دەرەوە. ئێمەی نزیکەی ٣ مانگ لەماڵی باوکمان بووین. ئینجا دایکمان بەتەندروستی لەنەخۆشخانە هاتە دەرەوە و پاشان ژوورێکمان لە نزیکی کۆڵانەکانی کنینگتۆن لە لای کارگەی سرکە دروست کردنەوە بە کرێ گرت.

کاتە خۆش و ناخۆشەکان

شەوێکیان لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتین سەیری هۆڵێکی گەورەمان کرد کە شوێنی یاری و نمایشی خۆش و جوان بوو. ئەو شەوە زۆر خۆش بوو و چێژی زۆرم وەرگرت. بلیتێکی شانسیم کڕی کە نرخەکەی ٦ پنس بوو. دایکم منی بەرز کردەوە تا لەناو بەرمیلەکانی پڕ لەئارد بەستەی شانسی خۆم دەربێنم. لەناو ئەو شانسیەدا مەساسەو

سیدنی دایك برای چارلی چاپلین

گوڵێکی سەر سنگی یاقووتی ڕەنگی تێدا بوو و پاشان ڕۆیشتین بۆ هۆڵی شانۆ و لەسەر کورسییە نەرمەکان کە ڕەنگی سوور بوو دانیشتینو پاشان سەیر نمایشی باوکمان کرد.

دوای شانۆکە ئیتر دنیا تاریك ببوو. دایکم مەلافەیەکی بەدەورمدا و لەگەڵ ڕەفیقەکانیدا کە پێکەوە لەشانۆ بوون سواری کەژاوە بوون. دەنگی پێکەنینو گاڵتەی دایکمو هاوڕێکانی بەدرێژایی ئەو جادەیەی بەرەو «کنینگتۆن» دەڕۆیشتین دانەدەبڕاو دەنگیان تێکەڵی کەژاوەی ئەسپەکە و جیرەجیری تایەکانی بوو.

ڕۆژی دواتر سەر لەبەیانییەکەی کارەساتێك ڕوویدا. ئەو ڕۆژە سەرلەبەیانی دایکم لەگەڵ یەکێك لەهاوڕێکانیدا لەدەرەوە بوونو بەحاڵەتێکی ورووژان هاتە ماڵەوە. من لەژوورەکەدا یاریم دەکرد، بەڵام سەرنجی دەنگی ناو ژوورەکەم نەدا. وەکو ئەوە وابوو لەناو چاڵێکەوە دەنگێك بێ بەگوێمدا. دایکم بەتوندیو نیگەرانی باسی لەهەندێك مەسەلە دەکرد. چاوەکانی پڕ لەفرمێسك بوو و ناوی «ئارمێسترانگ»ی دەهێنایە سەر زمان. لەبیرم دێت جارێکیان وتی «ئارمێسترانگ» بوونەوەرێکی بێڕەحمە.

دوای چەند ساڵ لەگرنگی ئەو مەسەلەیە تێگەیشتم. دایکم لەخانەی بێ سەرپەرشتان گەڕابوویەوە و دژی باوکم کە نەفەقەی پێمان نەدەدا، شکاتی کرد لە دادگا، بەڵام شکاتەکە سوودی نەبوو.

پارێزەری باوکم ناوی «ئارمێسترانگ» بوو.

مردنی باوکم «چارلز چاپلن»

شەوێکیان لەشەقامی «کنینگتۆن»دا پیاسەم دەکرد کە لەپڕێکدا لەبەردەم چایخانەیەکدا چرکەیەك ڕاوەستام. هەرچەند ئەوێ شوێنی وەستانی باوکم نەبوو، بەڵام لەپڕێکدا وەکو کەسێك پێم بڵێت سەری ئەو ناوە بدەم ڕەنگە ببینم.

دەرگاکەم بەقەد پەنجەرەیەك کردەوە و بینیم لەسوچێکدا دانیشتووە. دەمویست بگەڕێمەوە، بەڵام باوکم منی بینی.

هات بەرەو پیرم و من لەو کارەی سەرم سوڕما، چونکە ئەو کەسێك نەبوو هەستەکانی خۆی بدرکێنێت.

وەکو نەخۆش دەهاتە بەرچاو، چاوەکانی چووبووە چاڵدا و هەیکەلی بەشێوازێکی نائاسایی گەورە ببوو و ئاوسابوو. دەستێکی خۆی بەشێوازی ناپلیۆن نابووە بەر کۆتەکەی‌و دەتووت دەیەوێت بەو شێوازە هەناسە هەڵمژینی ئاسان بکاتەوە.

وێنەی چەند پۆستەرێکی کارە هونەریەکانی چارلز چاپلین باوکی چارلی چاپلین

ئەو شەوە زۆر نیگەران دیار بوو، ئەحواڵی دایکم و سیدنی پرسی‌و پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەم‌و منی لەئامێز گرت و بۆ یەکەم جار ماچی کردم. ئەوە دواجار بوو ئەوم بەو شێوازە دەبینی.

دوای سێ هەفتە ئەویان برد بۆ نەخۆشخانەی «سنت تۆماس». هەرچەند گەنج بوو و تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو، بەڵام بەهۆی نەخۆشی جگەر مرد.

لەماوەی نەخۆشییەکەیدا لەنەخۆشخانە، دایکم چەند جار سەری لێدا و هەر جارەی دەیبینی زیاتر پەرۆش دەبوو.

دایکم دەیووت باوکت حەز دەکا لەگەڵمدا ئاشت بێتەوە و ژیانێکی تازە بۆ خۆی دروست بکات. هەڵبەت باوکم دوای چەند رۆژ مرد.

رۆژی مەراسیمی ناشتنەکەی دەبوایە برۆیشتینایە بۆ نەخۆشخانە. من‌و دایکم دوو کاتژمێر زووتر رۆیشتینە نەخۆشخانە. چونکە دایکم دەیویست جارێکی تر پێش ئەوەی باوکم بنێژن بیبینێت.

دارمەیتەکەی باوکمیان بەقوماشێکی سپی داپۆشیبوو و گوڵی داودییان لەسەری دانابوو. بەلای دایکمەوە ئەو گوڵانە زۆر سادە و خەفەتاوی بوون. ئەو گوڵانە لوییز و کورەکەی هێنابوویان. لەکاتی مەراسیمی ناشتندا دنیا هەور بوو و لەوانە بوو ببارێت. قەبرهەڵکەنەکان گڵ‌و کوڵۆ و خاك و خۆڵەکەیان دەکردە سەر تەرمەکەو دەنگی بێڵ و قوڵنگەکان زۆر دڵتەزێن بوون.

خزمەکانمان چەپکە گوڵەکانیان دەنایە سەر گۆڕەکە و دایکم هیچی پێ نەبوو. دەستماڵێکی بەنرخی منی گرت بەدەستیەوە و بە چپەوە وتی: «کوڕم، ئەوە لەلایەن من و تۆ»، پاشان خستیە سەر قەبرەکەی باوکم.

کاتێك گەیشتینە ماڵەوە، بێجگە لە زڵرپیاڵەیەك پڕ لە رۆنی گا، هیچ خواردنێکی ترمان نەبوو و دایکیشم لەو کاتەدا پارەی پێنەبوو.

نەداری - «پاش مەرگی باوکم»

لەو رۆژەوە باوکم نەخۆش کەوتبوو، سێبەری مەرگ زیاتر باڵی کێشابووە سەر ئێمە. دوای ناشتنی تەرمی باوکم لەقەبرسان لەحاڵێکدا برسی بووین گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

وێنەی چارلی چاپلین بەبێ میکیاژ واتا پێش میکیاژکردنی بۆ بینینی ڕۆڵی چارلی چاپلین واتا ئەمە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیەتی، ساڵی ١٩١٦ واتا چارلی چاپلین لەتەمەنی ٢٧ ساڵیدا

لەماڵەوە شتێکمان نەبوو بۆ خـواردن. خۆشبەختانە دەستفرۆشێك کەگەڵای کۆنی دەکڕی لەهەمان کاتدا لەبەر ما ڵماندا تێپەڕی. لەماڵەوە دەبەیەکی جێ نەوتی کۆنمان هەبوو و هەرچەند داکیشم لەدڵی نەدەهات بیفرۆشێت، بەڵام پیشانی دەستفرۆشەکەی داو پاشان دایکم بە نیو پنی فرۆشتیو بەو پارەیە نانمان کڕیو لەگەڵ تریتدا خواردمان کە تەنها بەئەندازەی یەك پیاڵە بوو.

ئەو شتانە بەشێوازی یاسایی لەباوکمەوە بەمیرات گەیشتە دایکم، بریتی بوو لەجلێکی ڕەش کە پەڵەی خوێنی لەسەر بوو، بیجامە، یەك کراسو بۆینباخێکی ڕەش و یەك دەست جلی خەو لەگەڵ پێڵاوێکی کەتاندا کە سەرپەنجەکانی پڕ لەخۆڵ بوو. کاتێك کە دایکم ناو پێڵاوەکەی خاوێن کردەوە، نیو پۆندی زیو لەناو تاکێك لەپێڵاوەکان کەوتە سەر قەرەوێڵەکە.

بۆ ماوەی چەند هەفتە زینە (قوماشو شریت)ی ڕەشم بەهێمای تازیباری لەقۆڵم دەبەست. ئەوە هێمای خەمبارییە، رۆژێك دوای نیوەڕۆ کاتێك کە بۆ کارو کاسبی ڕۆیشتم بۆ گوڵ فرۆشی، زۆریش باش بوو. دەڕۆیشتمە بازاڕی گوڵ فرۆشەکانو دوو چەپکەی گەورە گوڵی نێرگزم دەکڕی. دەڕۆیشتمە هۆڵە جۆراوجۆرەکانو لەحاڵێکدا زۆر خەمبار و خەفەتاوی بووم بەزێر لێوەوە دەموت: «کچەکە، نێرگز، خانم، نێرگز». ژنەکان زۆر جار دەیانپرسی «کوڕەکەم بۆچی تازیەباری». ئینجا من دەنگم نزم دەکردەوە و بەلەحنێکی خەفەتاوییەوە دەموت: «باوکم». کاتێك کە شەو دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوەو پارەی دوای نیوەڕیەك کە کارم دەکردو ٥ شیلینگ یا زیاتر بوو دەمدایە دەستی دایکمو ئەویش سەری سوڕ دەما. هەرچەند دایکم بەرگدووری دەکرد، بەڵام ئەو پارەیە بەشی بژێوی ژیانمانی نەدەکرد. من لەو کاتەدا تۆزێك وریاو کارامە ببوومەوە. دایکم هەندێك جلی کۆنی هەبوو و سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە کە پشوو بوو بەدایکم وت کە جلەکان دەبەمە بازاڕو دەیانفرۆشم. دایکم هەندێك گومانی هەبوو و وتی ئەو جلانە هیچ

بەکەڵك نایەن و نرخی نییە. ئینجا منیش هەموو جلەکانم لەمەلافەیەکدا پێچاو دامە ژێر قوڵمرو کەوتمە ڕێ. جلە کۆنەکانم لەکەناری شەقامدا پان کردەوە، بەڵام کاتێك کە خۆم سەیرم کرد بینیم دیمەنێکی زۆر ناخۆش هەیە.

سەرەڕای ئەوەش لەکەناری شۆستەکەدا ڕاوەستامو هاوارم کرد: «سەیر کەن!» ئینجا لەحاڵێکدا کراسێکی کۆنو یەك جووت مەمکەوەسی کۆنم گرتبووە دەستمەوە و پیشانی خەڵکم دەدا، دەموت: «بۆ ئەمانە چەندم پێدەدەن؟ یەك شیلینگ، شەش پنس، سێ پنس، دوو پنس، کەسێك نەبوو؟»

بەڵام تەنانەت کەسێك ئامادە نەبوو ئەوەم، بەیەك پنس لێ بکریت. خەڵك لەبەردەممدا رادەوەستاو واقیان وڕدەماو سەیریان دەکردو پاشان پێدەکەنینو دەڕۆیشتن. وردە وردە هەستم بەنیگەرانی کرد، بەڵام هیچ کام لەو هۆکارانە نەیتوانی من لەکارەکەم بوەستێنێت تا لەئەنجامدا «گتر»ێك* کە زۆریش خراپ نەبوو، بەشەش پنس فرۆشتم.

ئێستا سەرەی ئەوە هاتووە جلو پلاسەکەم دیسانەوە بێنمە ناو بوخچەکەم و بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

من مەسیحم خۆش دەوێت

لەبیرم دێ شەوێکیان لەژوورێکدا کە لەژێرزەمینی شەقامی «ئۆلکی»دا بووم، لەناو تەختەکەدا کەوتبوومو خەریك بوو حاڵم باش دەبوو.

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

من و دایکم بەتەنها بووین. دایکم لەپشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو و کتێبی دەخوێندەوە، پاشان هەندێك یاری کرد کە شێوازی ئەکتەرییەکەی دایکم کەس نەیدەزانی ئاسایی بکاتەوە و تایبەتی خۆی بوو. ئینجا شرۆڤەی مەسیحی بۆ کردم کە چەندە حەزی لەمنداڵانو هەژاران کردووە و یارمەتیانی داوە.

ڕەنگە نەخۆشییەکەم هەستەکانی ئەوی وروژاندبوو، بەڵام بەهەرحاڵ لەمەسیح کەسایەتییەکی وەهای دروست کرد کە زۆر نیشتە دڵمەوە و حەزم لێکرد.

دایکم لەتێگەیشتنی قووڵی ئەو قسەی بۆ کردم. هەروەها باسی ژنێکی تاوانباری کرد کە خەریك بوو لەلایەن خەڵکەوە بەردباران بکرێت. قسەکانی مەسیحی بۆ گێڕامەوەو وتی: «چ کەسێك لەناو ئێوەدا تاوانبار نییە. هەر کەسێك خۆی بەتاوانبار نازانێت حەقی هەیە بەرد فڕێ بدات بۆ ئەو ژنە.»

تا کۆتایی شەو کتێبی دەخوێندەوە و ئینجا لەئیمانو باوەڕی مەسیح قسەی بۆ کردمو وتی هەر ئەوەندە بەس بوو نەخۆشەکان گۆشەی جلەکانی بگرن تا شەفا بدرێن.

دایکم لەبەخیلی بردنی کێشە گەورەکانی لەبەرامبەر مەسیحدا قسەی کردو ڕووداوی دەستگیری مەسیحی بەدەستی «پونتیۆس پیلمات» پاشای ڕۆمای بۆ گێرامەوە و چۆنیەتی خۆڕاگری مەسیح لەبەرامبەریدا.

چارلی چاپلینن لە تەمەنی لاوێتیدا

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

مەسیح وتی: «من لەم پیاوەدا هیچ تاوانێك نابینم، خۆتان دەزانن» دیسان گێڕایەوە کە چۆن جلەکانیان لەبەری مەسیح دەرهێناو قامچیان لەجەستەی داو و تفیان کرد بە دەمو چاویدا.

پاشان دایکم گێڕایەوە: کاتێك کە مەسیحیان لەخاچدا، دزێکیش هاوکات لەگەڵیدا لەسێدارە دەدرا کە داوای لێبوردنی کرد. مەسیح پێی وت: «ئەمڕۆ لەگەڵ مندا دەڕۆی بۆ بەهەشت». لەو کاتەدا بوو کە هەردووکمان دەستمان کرد بەگریان. ئینجا لەحاڵێکدا کە دایکم چاوەکانی پڕ ببوو لەفرمێسك، پێی وتم: «دەزانی ئەوە چ مرۆڤێکە».

ئەوەندە لەژێر کاریگەریو جووڵەی دایکمدا بووم کە لەدڵەوە ئارەزووم کرد هەر ئەو شەوە بمرم تا مەسیح ببینم، بەڵام دایکم تا ئەو ڕادەیە بەگوڕو تین نەبوو. پێی وتم: «مەسیح دەیەوێ تۆ زیندوو بمێنیو ئەو شتەی چارەنووسته بەدی بهێنیت».

لەو ژوورە تاریکەدا لەژێر زەمینی شەقامی ئۆکلی وادیار بوو کە دایکم درەوشاوەترین گڕێکە لەسۆزو میهرەبانی کە تا ئێستا جیهان بەخۆیەوە بینیوە. ئەو هونەری شانۆو ئەدەبیاتی بەقوڵترین ئاستەوە، واتە عەشقو بەرزیو مرۆڤایەتی بە من بەخشی.

ڕۆژی پشووی سەردەمی منداڵیم

یەکێك لە دەگمەنترین وێنەکانی چارلی چاپلین، لەساڵی یەکەمی خوێندنیدا لە خوێندنگە لەگەڵ خـوێـنـدکـارەکـانـدا، لـەنـدەن/ بەریتانیا

سەرلەبەیانییەك ڕۆژی یەکشەممە کە دایکم نانی بەیانیمی لەناو قەرەوێڵەکەدا پێدام، خۆمم لەناو ژوورێکی بچووك‌و خاوێندا کە زۆر ڕێك‌و پێك بوو بینییەوە.

ئاگرێکی کز لەسۆپاکەدا داگیرسابوو و دایکیشم نانی لەسەری دەبرژاند. ماسییەکی بچوکیش لەسەر سۆپاکە خەریکی گەرم بوونەوە بوو و کتری ئاوەکەش قوڵپی لێدەداو دەکوڵ.

بوونی بەگوڕو تینی دایکم، دەنگی هێواش‌و بەردەوامی قوڵپ لێدانی ئاو لەناو کتری گڵینەکەداو خوێندنەوەی حەوتەنامەی حەز لێکراوم، ئەو یەکشەممەیە چێژێکی تایبەتی پێدام.

بەڵام لەڕۆژی یەکشەممەیەکی تردا، دایکم وەکو جاران لەلای پەنجەرەکەوە ڕادەوەستاو بێدەنگ‌و واق‌و وڕ دەمایەوەو دەچووە ناو ناخی خۆیەوە.

دەمزانی زۆر نیگەرانە، چونکە قیستی مەکینەی بەرگدوورییەکەی دواکەوتبوو کە ئامێری سەرەکی پیشەی کاری دایکم بوو. ئەوانیش بەناچار مەکینەکەیان لێمان سەندبووەوە (کە هەڵبەت پێشتریش شتێکی وەها ڕوویدابوو). جاران ٥ شیلینگ کارم دەکرد بۆ یارمەتیدانی خەرجی ماڵەوە، بەڵام لەپڕێکدا ئەویش دابڕاو هەڵبەت دژواری‌و گیروگرفتی زۆریش گوشاری دەروونی قوورسی لەسەر دایکم دادەنا.

نەداری وەرزی زستان

زستان نزیك دەبوویەوە و «سیدنی» برام جلی نەبوو. بۆیە دایکم کۆتێکی بۆ دووری کە قوماشەکەی لە جاکەتێکی کۆنی قەدیفە هەڵوەشاندبوویەوە و ڕەنگەکەی سوورو ڕەش بوو.

دایکم هەموو هەوڵی خۆی دابوو تا کۆتەکە جوان بدوورێت، بەڵام نەیتوانی زۆر بەجوانی دروستی بکات.

کاتێك کۆتەکەی لەبەر کرد، «سیدنی» گریاو وتی: «منداڵەکان لەقوتابخانە چیم پێدەڵێن؟ دایکم وەڵامی دایەوە: «کێ گوێ لەقسەی خەڵك دەگرێت، تازە ئەوە کۆتێکی زۆر جوان‌و گونجاوە و لەجلی هەموو کەسێکیش جوانترە.»

دایکم ئەوەندە هێزی کاریگەری‌و هاندانی بەهێز بوو کە تا ئەمڕۆ «سیدنی» نەیتوانی تێبگات چۆن قبوڵی کرد ئەو کۆتە سەیرو سەمەرەیە لەبەر بکات‌و بەقسەی دایکم بکات.

بەهەرحاڵ ئەو قبوڵی کردو ئەو کۆتەی لەبەر کردو پێڵاوێکی کۆنی دایکیشمان هەبوو کە پاژنەکەی لێکەوتبوو، ئەویشی لەپێ کرد و ڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

هەڵبەت ئەو جل و پێڵاوە شەڕی زۆری بۆ «سیدنی» لەقوتابخانە نایەوە و لەبەر تانەو تەشەری هاوپۆلییەکانی ناچار دەبوو دەست بەیەخە بێت. هاوپۆلییەکانی ناوی «سیدنی»یان نابوو «جـۆزف» (یوسف)، ناوی چاکەتەکەشیان نابوو هەزار پینە.

جووتێك لەگۆرەوییە درێژەکانی دایکم ڕەنگی سوور بوو و ملوانەکەی کورت کردبوویەوەو وا دیار بوو کە ملوانەکەیان دەق کردووە، ئەوەش بووە هی من. منداڵەکانیش بەو گۆرەوییانەوە بە «فرانسس ئەریك» - «دەریاوانی بەناوبانگی بەریتانی» بانگیان دەکردم.

هەموو تەمەنی چارلی چاپلین بە وێنە، کە بە بچوکترین تەمەن دەستی پێکردووە و گەورەترین تەمەنی کۆتایی پێهاتووە

خانووی سەردەمی منداڵیم



ئەو ماڵەی چارلی چالینی تێدا ژیاوە لە لەندەن لە گەڕەکی کنینگتۆنی، وێنەکە ئەو سەردەمە گیراوە کە چارلی تێیدا ژیاوە



ئەو ماڵەی چارلی چالینی تێدا ژیاوە لە لەندەن لە گەڕەکی کنینگتۆنی، وێنەکە ئەو سەردەمە گیراوە کە وەك ڕێزێك لە چارلی کراوە بە مۆزەخانەو نوێکراوەتەوە

خانووەکەمان لەبەشی خانووە کۆنو خراپەکانی گەڕەکی کنینگتۆنی لەندەندا بوو. چەند پلیکانی هەبوو پەیوەست دەبوو بەژوورێکی بچووك لەژێر سەقفی فەرەنسییەوە. خانوویەکی دڵتەنگ و بۆنێکی خراپ و چڵکاو کە لەگۆشە و کەناریدا، پڕبوو لەسەتڵی کۆنو جلی دڕاو و پیس. ژوورێکی بچوکی دڵتەنگ بوو کە ڕووبەرەکەی ٣ بە ٤ مەتری دووجا بوو و سەقفەکەشی سکی دابوو، بەڵام بەرواڵەت لەڕووبەرەکەی خۆی کەمتر دیار بوو. لەسەر مێزی کەناری دیوارەکە قاپو قاچاخو پیاڵەی کۆن دیار بوو. لەگۆشەی کورتی دیوارەکەوە قەرەوێڵەیەکی کۆن دیار بوو کە دایکم ڕەنگی سپی لیدابوو. لەنێوان تەختەکە و پەنجەرەکەدا سۆپایەکی بچوك دانرابوو و لەخوار قەرەوێلەکەشەوە کورسییەکی دەسکەدار دەبینرا کە دەسکەکەیان خەواندبوو تا «سیدنی» برام لەباتی قەرەوێلە کەڵکی لێوەرگرێت. تابلۆیەکی بەرزیش لە «نل گوین - ئەکتەر» کە هی دایکم بوو لەژوورەکەدا بوو، بەڵام من حەزم لێ نەدەکرد. گۆزەڵەیەکی مل بەرزیش لەچێشتخانەی ژوورەکەدا رقی هەڵدەستاندم. بەستەیەکی مۆسیقای بچوك کە لەسەر بەستەکە فڕینی فریشتەکان بۆ ناو هەورەکانی تێدا بوو. لەبینینی ئەو بەستەیە هەستم بەرەزامەندیو خۆشحاڵی و بێبەریبوون دەکرد.

ئەو پیشانەی هەمانبوو

زیاتر لە هەموو کارێك لەسەر تەختی شانۆ بووم. گۆرانیم دەوت و لاساییم دەکردەوە و...

ساڵی ١٩١٤ منداڵێك لە بەریتانیا جل و بەرگی چارلی چاپلینی کڕیوەو لاسایی جوڵەکانی دەکاتەوە

چەپکە گوڵی نێرگزم لەگوڵفرۆشی دەکڕی و لەئێوارەی ڕۆژانی یەکشەممەدا دەمفرۆشت بەخانمەکان. بەژێر لێوەوە دەموت: «کچەکە نێرگز، خانم نێرگز».

لەدوکانی وشکەفرۆشیدا بوومە شاگرد و زۆرم لەشیرینییەکانی ئەوێ دەخوارد تا نەخۆش کەوتم و ئیتر نەچووم بۆ ئەوێ. ماوەیەکیش لەدوکانێکی پەڕاوگەدا کارم دەکرد، بەڵام کاتێك زانیان تەمەنم یاسایی نییە دەریان کردم.

تەنها بۆ ماوەی یەك ڕۆژ بووم بەشووشەچی. من لەبارەی شووشەچییەوە هەندێك شت لەقوتابخانەوە فێر بووم. بەڕای خۆشم ئەو کارە سەرنجڕاکێش و خەوناوی بوو. بەڵام گەرمای کارگەکە ئەوەندە زۆر بوو کە لەهەمان ڕۆژی یەکەمدا گەرما گێژی کردم، لەحاڵێکدا بووراببوومەوە، منیان لەسەر لمەکان خەواند. ئەوەندە لەو کارە بێزار بووم کە تەنانەت نەگەڕامەوە مووچەی ئەو ڕۆژەی کارم کردبوو وەریبگرم.

پاشان لەچاپخانەیەکدا خەریکی کار بووم. لەوێ (ژلانین)م لەمەکینەی چاپەکان دەدا؟ هێشتا سێ هەفتە لەکار کردنم لەچاپەمەنیدا تێنەپەڕیبوو کە تووشی ئەنفلۆنزا بووم. دایکم پێداگر بوو لەوەی کە دەبێ بشوو بدەم و دیسانەوە بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە.

ڕۆژانی پشووی یەکشەممە جلە کۆنەکانم دەنایە ناو بوخچەیەك و دەمنایە ژێر قۆڵم و دەڕۆیشتمە بازاڕ لە کەناری شۆستەکەدا رامدەخست تا شتێکیان لێ بفرۆشم. هەروەها دەیان کاری تر، ڕۆژنامەفرۆشی، کارگەی دارتاشی، سەرتاشخانە و...هتد، لەئەنجامدا چوومە ناو شانۆ و سینەماوە.

چارلی چاپلین ساڵی ١٩١٩ واتا چارلی چاپلین لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا

چارلی چاپلین ساڵی ١٩١٧ واتا چارلی چاپلین لەتەمەنی ٢٨ ساڵیدا

بەدرێژایی تەمەنم کاری جۆراوجۆرم کردووە وەکو رۆژنامەفرۆشی، شاگردی لەچاپەمەنیدا، شووشەچێتی و... هتد، بەڵام لەناو ئەو بگرەو بەردەو راکردنانەدا هەرگیز لە ئامانجی راستەقینەی خۆم کە ئەکتەری بوو، دوور نەکەوتمەوە.

کە دەستم لەکارێك بەردەدا و بەدوای کارێکی تردا دەگەڕام، لەو نێوانەدا پێڵاوەکانم بۆیاخ دەکرد و جلەکانم جوان لەبەر دەکردو قوماشێکی جوانم لەمل دەکردو دەڕۆیشتم بۆ هۆڵی شانۆ. ئەو کارە درێژەی پێدرا تا بارودۆخی جلەکانم بەشێوازێك دەرهات کە ئیتر بووە رێگر لەوەی خۆم لەو شوێنەدا دەربخەم.

رۆژێکیان رۆیشتمە هۆڵی شانۆ، هۆڵەکە پڕ بوو لەئەکتەری ژنو پیاو و هەموو جلەکانیان وەکو یەك بوو و بەگوڕو تینەوە پێکەوە قسەیان دەکرد.

من بەترسو لەرزەوە لەسووچێك راوەستامو لەحاڵێکدا زۆر تەریق بوومەوە، هەوڵم دەدا جلە کۆنو پێڵاوەکانم کە لەسەر پەنجەوە نەختێك کون ببوو، مشارمەوە.

لەهۆڵی شانۆکە جار ناجارێك سکرتێرێکی گەنج دەڕۆیشتە دەرەوەو وەکو کەسێك دروێنە بکات، لەبەردەم ئەکتەرەکاندا دەوەستاو بەرستەیەکی کورت بەم شێوەیە دەیوت: «بۆ تۆ هیچ کارێکمان نیە. بۆ تۆش هەروەها، «تۆ». هەر بەو شێوازە کەسەکانی دەردەکرد و پاشان هۆڵەکە وەکو کەنیسەیەکی چۆڵا، بێدەنگ مایەوە.

لەناو ئەو هەموو کەسە، تەنها من لەسووچێکدا مابوومەوە. کاتێك سکرتێرەکە منی بینی وتی: «تۆ چیت دەوێ؟» لەحاڵێکدا خەریك بوو قسەکەم نەکەم وتم: «ئایا ئێوە رۆڵێکتان هەیە بۆ کوڕە بچکۆلەکان؟ لێی پرسیم: «ناوت نووسیوە؟» منیش سەرم لەقاند. لەحاڵێدا سەرم سوڕمابوو، ئەو منی بردە ژوورێکی تەنیشتەوە ناو و هەموو ناونیشانەکەی لێوەگرتم و نووسیو وتی ئەگەر پێویستمان بەرۆڵێکی وەها هەبوو پێت دەڵێین.

دوای مانگێك پۆستکارتێك گەیشتە دەستمو تیایدا نووسیبووی: «دەکرێ داواتان لێ بکەین سەردانێکی نووسینگەی «بلەك مۆر» بکەن؟

چارلی چاپلینن لە تەمەنی لاوێتیدا

بەو جلە تازانەی «سیدنی» برام بۆی کڕیبووم، گەیشتمە ژووری جەنابی «بلەك مۆر». ئەو پیاوە یەکپارچە پێکەنینو رووخۆشیو میهرەبانی تێدا بوو. یاداشتێکی بۆ نووسیم بیدەمە جەنابی «هامیلتۆن». جەنابی «هامیلتۆن» یاداشتەکەی خوێندەوە، ئەو مەسەلەیەش چونکە من زۆر بچووك بووم، بووە هۆی سەرسوڕمانو پێکەنینی ئەو.

هەڵبەت من لەبارەی تەمەنمەوە درۆم کردبوو، خۆمم بەچواردە ساڵان ناساند. لەحاڵێکدا ئەو کاتە ١٣ ساڵو نیو بووم. ئەو داوای لێکردمو شرۆڤەی کرد دەبێ لەشانۆی «شرلۆك هۆڵمز»دا رۆڵی شاگردێکی ئوتێل بگێڕم. وا دایاننابوو ئەو شانۆیە لەماوەی سەفەرێکی ٤٠ هەفتەییدا کە لەپاییزی هەمان ساڵ دەستی پێدەکرد، لە شارە جۆراوجۆرەکاندا نمایشی بکەن.

جەنابی «هامیلتۆن» وتی تا دەست پێکردنی ئەو بەرنامەیە رۆڵی کوڕێکی منداڵ هەیە لەشانۆیەك بەناوی «جیم، خۆشەویستی لەندەنییەك» کە زۆر گرنگە. ئەو مووچەیەی بە منیان دا بۆ ئەو رۆڵە، لەم شانۆیەوە و لەشانۆی «شرلۆك هۆڵمز»دا ٢ پۆند و ١٠ شیلینگ لەهەفتەیەکدا بوو. هەرچەند ئەو بڕە پارە پێشنیارکراوە وەکو میرات بوو کە «با» بیهێنێت، بەڵام سەرم سوڕنەما. بەهێمنی وتم: لەبارەی هەلومەرجی گرێبەستەکەوە دەبێ لەگەڵ براکەمدا قسە بکەمو ئەویش بەقسەکەم بکەنی.

چی روویدابوو؟ دەتووت دنیا لەپڕێکدا نوقمەسار بووە، منی بەگەرمی لە ئامێز گرتووە و پەسەندی کردووم. بەسەر هەورەکاندا دەفڕیم.

دیالۆگەکانی رۆڵی «سامی» لەشانۆکەدا دا پێم و وتی ئەوە یەکێکە لەگرنگترین کەسایەتییەکانی شانۆکە. تۆزێك شڵەژابووم، چونکە دەترسام داوام لێبکات هەر لەوێ دیالۆگەکە بخوێنمەوە. ئەگەر شتێکی وەهای لێم بویستایە زۆر خراپ دەبوو، چونکە ئەوەندە خوێندنەوەم نەبوو. خۆشبەختانە ئەو وتی دیالۆگەکان ببەمەوە

ماڵەوەو لەوێ بیخوێنمەوە و بەهێمنی لەبەری بکەم. لەکاتێکدا خۆشحاڵییەکی زۆر رووی لەمن کردبوو، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

وردە وردە لە گرنگی ئەو شتەی بۆم روویدەدا، تێدەگەیشتم. لەپڕێکدا ژیانی هەژارانەم تێپەڕاند و چوومە ناو سەردەمی خەوناوییەوە کە چەند ساڵە چاوەڕێی دەکــردم. ئــەو خەونانەی دایکم لەبارەیەوە قسەی بۆ کردبووم، ئێستا راست بوو. خەریك بوو دەبوومە ئەکتەرێکی تـەواو! ئەو مەسەلە گرنگە چەند لەناکاو چەندە چاوەڕوان نەکراو روویدابوو.

یەك لە بەناوبانگترین وێنەکانی چارلی لە فلیمی (منداڵەکە)وە

نامیلکەی دیالۆگەکانم لادەدایــەوە. گرنگترین بەڵگە بــوو کە لەسەردەمی ژیانمدا دەستم کـەوتبــوو. لـەنـاو مەنشەعەکەدا بیرم لـەوە دەکردەوە چوومەتە ناو رووداوێکی راستەقینە. ئیتر ئەو بوونەوەرە نەبووم لەگەڕەکە پیس‌و پۆخڵەکانی لەندەندا. ئێستا بەئەکتەرێکی باشی شانۆ دەژمێردرام. حەزم دەکرد بگریم. کاتێك مەسەلەکەم بۆ «سیدنی» گێڕایەوە، چاوی زەق بوویەوە. لەسەر تەختەکەی خۆی چەماندەوە و لەحاڵێکدا بیرمەندانە لەپەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوەی دەکــرد، سـەری دەبزواند و بەهێمای بەخت خستنە سـەر پێشکەوتنم، سەری دەلەقاند. پاشان بە قورساییەکەوە وتی: «ئەوە رووداوێکی زۆر گرنگە لەژیانماندا». چی دەبوو ئەگەر دایکیشم لێرە دەبوو و لەشادیو خۆشحاڵیماندا بەشدار دەبوو. «دایکم لەو کاتەدا لەنەخۆشخانەی دەروونی خەواندبوویان».

«سیدنی» دیالۆگەکانی رۆڵی خۆمی بۆ دەخوێندمەوە و یارمەتی دەدام ئەوانە بپارێزم. بۆ ماوەی ٣ رۆژ هەموو ئەوانەم لەبەر کرد. «سیدنی» گوڕو تینێکی وەهای تیامدا ئامادە کردبوو کە هەموو وشەکانی رۆڵی خۆم لەبەر بوو.

من هەرگیز نەمزانیبوو کە شتێك بەناوی تەکنیك و کارامەیی تەختی شانۆو لەبەرچاوگرتنی کاتو وەستان و شێوازی دانیشتنو شێوازی هەستان لەشانۆدا بوونی هەیە، بەڵام هەموو کارەکانم بەشێوازی سروشتی ئەنجام دەدا.

پاش ئەوەی چەند شێوازم لەهۆڵی نمایشدا راهێنان کرد، خۆشحاڵییەك لە رەزامەندی و خۆشحاڵی لە روخساری بەڕێوەبەری نمایشو ئەکتەرەکانی تردا دەدرەوشایەوە! بەهەرحاڵ من گرۆتینی ئەوانم لەسەرچاوەی هەڵکەوتوویی سکماکی خۆم زانی.

شەوی نمایشەکە، بەدوای هەر رستەیەکدا دەموتەوە، پێکەنینی بینەران بەرز دەبوویەوە. لەو کاتەدا رۆژنامەوانی «تایمز» نووسی: «ئەو منداڵەی ئەکتەری هەڵکەوتوو و ناخ بەرزە».

شانۆ لەگەڕەکی جوولەکەکاندا

ئیتر چوونە ناو سەردەمی کێشەو گیروگرفتی پێشکەوتوویی‌و رێو رەسمی هەستەکانی تازە پێگەیشتووی. وەسفکەری ئازایەتی‌و دلێری نارەواو پەسەندکەری رووداوە ورووژاوییەکان و داهاتی ناش. خەوناوییەك و خەمۆکێکی هەستیار کە دژی ژیان یاخی دەبوو و لەهەمان کاتیشدا عەشقی پێ بوو.خاوەنی مێشکێك سەرەرای هەموو داهێنانی نوێ، بەیاخی بوون سۆزدارییەکانی تازە پێگەیشتوویی بەرەبەستەکانی دەڕووخا. لەپێچ‌و پەنای ئەو وێنانەی لەسەر ئاوێنە رواڵەتیەکانی ژیان ئەو سەردەمە دەنەخشا، کاتمان دادەناو ئەندێشەکانمان دەرفەتێکی بۆ دەرەخسا بۆ دەرکەوتنی.

وشەی هونەر هەرگیز نەدەهاتە مێشکمەوەو لەکلتوری مندا شوێنێکی نەبوو. شانۆ بەلای منەوە تەنها یەك واتای هەبوو، ئەویش ئامێرێك بوو بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانم.

لەئەنجامدا توانیم کارێك بدۆزمەوە لەگروپی سیرکی «کسیمی»دا کە نمایشی سووك‌و ئاسانیان ئەنجام دەدا. بەرای من کارێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بۆ من دەرفەتێك بوو تا رێگام بدۆزمەوە بەمەبەستی ئەوەی ببمە کۆمیدیەنێك.

کۆمیدیەنێك لەکۆمپانیای «هونەری کاری نوێ»دا نمایشی دەدا، هەفتەیەك ١٤ شیلینگی بۆ خەرجی بژێوی ژیانمان دەدا.

جارێکیان «سیدنی» ٢ پۆندی پێمدا و منیش ڕۆیشتم نامیلکەی نۆتی مۆسیقام کڕی کە بریتیی بوو لەگۆرانییەکانو هەروەها کتێبی وتووێژی شانۆیی.

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

بۆماوەی چەند هەفتە ڕاهێنانم کرد. بڕیار بوو بۆ ماوەی یەك هەفتە وەکو تاقیکردنەوە و بەبێ مووچە لەهۆڵی «فراترز»دا نمایش بدەم. ئەو هۆڵە لەناوەندی گەڕەکی جوولەکەکاندا بوو.

هەموو هیواو خەونەکان بەند بوو بەسەرکەوتنی ئەو یەك هەفتە نمایشە تاقیکردنەوەییەدا. ئەگەر سەربکەوتمایە دەمتوانی لە هەموو نمایشە گرنگەکانی لەندەندا یاری بکەم. کێ دەیزانێ؟ ڕەنگە لەماوەی یەك ساڵدا وەکو یەکێك لەگەورەترینو بەناوبانگترین ئەکتەرەکانی شانۆ ناوبانگ دەربکەم.

شەوی نمایشەکە هات، بەڵام بەبێ ئەوەی تاوانێکم هەبووبێ، نمایشەکە حاڵەتی دژی جوولەکەی لەخۆ گرت. پاش ئەوەی لەسەرەتاوە نوکتەیەکم بەزاراوەی جوولەکە گێڕایەوە. ئامادەبووان دەستیان کرد بەفڕێدانی سکەی پارە و توێکڵی پرتەقاڵ، قاچیان دەدا بەزەویداو هورایان دەکێشا. سەرەتا تێنەگەیشتم مەسەلەکە چییە، بەڵام وردە وردە ترس لەو بارودۆخە منیشی گرتەوە. هەوڵم دەدا کە ڕۆڵی خۆمو ئەو قسانەی دەبوابە بمکردایە، بەپەلە کۆتایی پێ بهێنم. کاتێك لەسەر تەختی شانۆ چوومە دەرەوە، ئیتر چاوەڕێی بەرپەرچدانەوەی بەڕێوەبەری شانۆم نەکرد. ڕێك ڕۆیشتمە ژووری گۆڕینی جلەکان، گریمەکەی خۆمم سڕیەوە. لەشانۆ چوومە دەرەوەو ئیتر نەگەڕامەوە بۆ ئەوێ. تەنانەت نەچووم نامیلکەی نۆتەکانو دیالۆگەکانم کۆبکەمەوە.

زۆر باش بوو «سیدنی» لەشارەکانی تردا خەریکی نمایش بوو، بۆیە پێویستی نەکرد من ببمە ئەرك بۆ ئەو، بەڵام بەگومان تێگەیشتبوو یا لەو بارەیەوە شتێکی بیستبوو. «سیدنی» هەرگیز لەبارەی ئەو شانۆ بێ نرخە هیچ شرۆڤەیەکی لێم نەویست، بەڵام بیرەوەری ئەو ئەزموونە ترسناکە فێری کردم خۆم لەگەڵ ڕاستییەکاندا زیاتر ببینمەوە.

بەباشی لەو مەسەلەیە تێگەیشتم کە من کۆمیدیەیەکی سووكو سەلیم نیمو ئەو توانایەم نییە بەو شێوازە پێکەنین بخەمە سەر لێوی بینەران. وا سەیری خۆمم دەکردو دڵنەوایی خۆمم دەدایەوە کە کۆمیدیەیەکی قورسو بەسامم.

بیرەوەرییە نەمرەکان

چەند ساڵ لەوەو پێش، لەدنیایەکدا کە سێ ساڵو نیویم تێپەڕاندبوو، هەموو شتێك دەکرا روو بدات. ئەگەر سیدنی چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو و دەیتوانی سیحربازی بکات و سکەیەك قووت بداتو پاشان لەپشتی ملیەوە بیهێنێتەوە، منیش دەمتوانی بیکەم. جارێکیان سکەیەکی نیو (پنی)م خستە چاڵی خواردنەکەوە، هەر بەدوایدا گەڕاین، پاشان دایکم ناچار بوو بمباتە لای دکتۆر.

چارلی چاپلین ساڵی ۱۹۱۵ تەمەنی ۲٦ ساڵ

کاتێك ۱۷ ساڵان بووم لەنمایشێکدا بەناوی «ئەفسەری سەرخۆش» کە کارێکی هیچو پووچ بوو و تەنها یەك هەفتە لەسەر تەختی شانۆ مایەوە، رۆڵی گەنجی یەکەمی نمایشەکەم گێڕا. ئەستێرەی شانۆکە بۆنموونە هاوسەرم بوو ٥٠ ساڵی تەمەن بوو. ئەو خانمە هەموو شەوێك دەهاتە سەر تەختی شانۆکەو بۆنی ناخۆشی دەمی دەهاتو منی چارەڕەش دەبوایە لەباوەشی بکەمو ماچێکی زۆری بکەم. ئەو ئەزموونە بەلایەکی وەهای بەسەرمدا هێنا کە لە هەر جۆرە هیوایەتێك بێزار بوومو بیرم لێ نەکردەوە.

ئیتر وای لێهاتبوو خۆمم لەبیر کردبوو و ئەوەندە گرنگیم بەسەرو وەزعی خۆم نەدەدا.

کاتێك لەگەڵ گروپی نمایشدا دەڕۆیشتم بۆ سەفەر، هەمیشە درەنگتر و لەدواین چرکەدا دەگەیشتمە وێستگەی هێڵی ئاسن. ئەویش بەجلو بەرگو قژێکی شێواو و سەرو وەزعی گونجاو. لەمڕووەوە هەرکاتێك منیان دەبینی، لۆمەیان دەکردم یان لە مووچەکەمیان دەبڕی.

جارێکی تر لەبەرئەوەی جەوێك بگۆڕم، کەروێشکێکم کڕیو هەرجارەو ماڵەکێم دەگۆڕی، لەبەرئەوەی خاوەن ماڵەکە پێم نەزانێت بەهێواشی کەروێشکەکەم دەبردە ژوورەوە.

حەیوانێکی بچووك بوو، بەڵام سەبارەت بە ڕێو رەسمی ژیان لەشوقەکەدا هیچی نەدەزانی.

پێستی ئەوەندە سپیو خاوێن بوو کە لەگەڵ بۆنی خراپی جەستەیدا نەدەگونجا. خستبوومە ناو قەفەزی دار و قەفەزەکەشم لەژێر تەختەکەمدا دەشاردەوە.

خانمی خاوەن ماڵ بەپێکەنینو رووی خۆشەوە بەسینییەکی نانی بەیانی دەهاتە ژوورەکەمەوە. پاشان بۆنی

خراپی کەروێشکەکە دەچووە لووتیەوەو بەدەمرو چاوی مۆنەوە لەژوورەکە دەرۆیشتە دەرەوە. کاتێك خاوەن ماڵەکە دەڕۆیشتە دەرەوە، حەیوانەکەم لەقەفەز دەردەهێنایە دەرەوەو ئەویش دەستی دەکرد بە یاری کردن. ماوەیەکی نەخایاند فێرم کردبوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی دەرگاکە بڕواتە ناو قەفەزەکەیەوە. ئەگەر خاوەن ماڵەکە بیزانیبایە رازیم دەکرد بەزەیی پێمان بهاتایە تا بۆ هەفتەیەکی تریش لەوێ بمێنینەوە.

عاشق بووم، بەڵام...

زۆربەی عاشقەکانی گەنجێتی رێی دیاریکراو و شێوازێکیان هەیە. بەهۆی نیگایەکەوە چەند وشە لەسەرەتاوە و زۆر جار وشەی خەیاڵی، هەموو شێوازی ژیانی خەڵك تێك دەدات. ١٩ ساڵم بوو و کۆمیدیەیەنێکی سەرکەوتووی گروپی شانۆی «کارنۆ» بووم، بەڵام لەژیانمدا هەستم بەکەمرو کورتی دەکرد. بەهار هاتو رۆیشتو هاوینی هیچو پووچ هاتبوو. کارە ئاساییەکانی رۆژانەم هیلاککەر و ئەو شوێنەی تیایدا کارم دەکرد شوێنێکی خۆش نەبوو. نە لەتەنهایی لەگەڵ خۆمدا چێژم وەردەگرتو نە لە قسە کردن لەگەڵ خەڵکیدا. رووداوێکی چاوەڕوانکراو کە دەبوایە رووبدات، لەئەنجامدا روویدا: عاشق بووم.

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

لەو کاتەدا لەشانۆی «ئەستریتهایم ئەمپایەر» یاریم دەکرد. لەو شانۆیەدا گروپێکی سەما بەناوی «کچەکانی برت کۆتز» پێش بەرنامەکەی ئێمە بەرنامەیان هەبوو. من لەپشت پەردەی شانۆکە وەستابووم و سەیری شانۆکەم دەکرد. لەپرێکدا یەکێك لەکچەکان لەکاتی سەمادا قاچی خلیسکاو ئەوانی تریش پێی پێکەنین. لەناو ئەو کچانەی سەمایان دەکردو گۆرانیان دەوت، یەکێکیان بەچاوی گەورە و قاوەیی بە بزەیەکی جوان سەیری کردم تا بزانێت کەوتنەکەی بووتە هۆی پێکەنینم یان نا؟ ئەو چاوە، چاوی ئاسکێکی بەژنو باڵا رێك و لاواز بوو، بەدەمرو چاوێکی هێلکەیی گونجاو، دەمێکی ورووژێنەر و ددانێکی جوانی بوو. نیگاکەی وەکو بریسکەیەك کاریگەری لەسەرم دانا. لەنزیکەوە بەوردی سەیرم

کرد. دەسپێکی کارەکەش لێرەوە بوو. ڕۆژی چوارشەممە لێی پرسیم: دەتوانم ڕۆژی یەکشەممە بتبینم؟ بەڵێنیدا کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە لەدەروازەی گەڕەکی کنینگتۆن بێت بۆ لام.

ڕۆژێکی هاوینە بوو و هەتا بەردەوام دەدرەوشایەوە. من قاتێکی تۆخم لەبەر کردبوو کە دوورینی چاکەتەکەی زۆر جوان بوو و تا کەمەرم دەهات. بۆینباخێکی تۆخم بەستبوو. ١٠ خولەك مابوو بۆ کاتژمێر (٤). هەستم بەنیگەرانیو نائارامی دەکرد. هەروەها کە چاوەڕوان بووم لەپڕێکدا بەبیرم هاتەوە ئەوم بەبێ گریم نەبینیوە. ڕێك یەك خولەك مابوو بۆ کاتژمێر (٤)، کچێکی جوان لە تراموا دابەزیو هات بۆ لامو لەبەردەممدا وەستا. ئەو ئارایشتی نەکردبوو و جوانتر لەجارانیش دەهاتە بەرچاو. کڵاوێکی سادەی دەریاوانی لەسەری نابوو. چاکەتێکی شینی لەبەر کردبوو بەدوگمەی ڕەنگی برنجییەوە، دەستی خستبووە ناو گیرفانەکانی. بەکورتی وتی: هاتم. هاتنی ئەو ئەوەندە کاریگەری لەسەرم دانابوو بەزەحمەت دەمتوانی قسە بکەم. زۆر شڵەژابوومو نەمدەزانی چی بکەمو چی بڵێم. بەدەنگێکی کپەوە وتم: بڕۆین بۆ «وێست ئەند».

پێدەچوو ئەو هەموو شەوقو زەوقەی من کچەکەی گێژ کردبێت، چونکە لەناو تەکسییەکەدا ئەم ڕستانەم دووپات دەکردەوە: «داوای لێبوردن دەکەم... ببورە... تۆ زۆر جوانی». بێهودە هەوڵم دەدا لەبەرچاوی سەرنج ڕاکێش بم. ٣ پۆند لەو پارەیە کە لەبانکدا هەمبوو، وەرم گرتبوو و وادامنابوو بیبەم بۆ هۆڵی مۆسیقای «ترۆکادرۆ» تا کچەکە بتوانێ لەژێر کاریگەری مۆسیقاو جوانی ئەوێ، من لەباشترین دۆخی عاشقانەو گونجاودا ببینێت.

دەمویست چۆکی بۆ دابدەمو خۆڵی بەرپێی گسك بدەم، بەڵام لەبەرامبەر گڕو تینی مندا ئەو لە سەرخۆ و تەنانەت واقی وڕمابوو. بەتایبەت کاتێك لەکاتی قسە کردندا ئەوم بەناوی «ئیلاهەی تۆڵە»ی خۆم ناونابوو. ئەو ڕستەیە تازە فێری ببووم، چونکە ئەوەم لەلای خۆم دەبینییەوە لەهەڵسوکەوت لەگەڵیدا هەستم بەخۆشحاڵی دەکرد. شەو بوو، پێکەوە نانی ئێوارەمان خوارد. ئەو شەوە بەدرێژایی ڕووباری «تایمس» ماوەیەك پیاسەمان کردو ئەو هەندێك قسەی خۆشی بۆ گێڕامەوە، بەڵام من بەزەحمەت لەقسەکانی تێدەگەیشتم. تەنها دەمزانی شەوێکی پڕ لەشادومانیو خۆشحاڵییەو وەك ئەوە وابوو لە بەهەشت پیاسە بکەم. دوای ئەوەی ئەو ڕۆیشت، من مامەوە و بەدرێژایی ڕووباری «تایمس» پیاسەم دەکرد و هەستم دەکرد زاڵم بەسەر هەموو شتێکدا!

ئەو ٣ پۆندەی مابوویەوە، دابەشم کرد بەسەر فەقیرە بێ ماڵو شوێنەکانی کەناری ڕووباری «تایمس» کە لەوێ خەوتبووم.

بڕیار بوو کاتژمێر ٧ی بەیانی یەکتر ببینین، چونکە ئەو کاتژمێر ٨ی بەیانی لەشەقامی «شانتسووری» ڕاهێنانی هەبوو. گەڕەکی «کامبرۆڵ ڕوود» بۆ من سەرنج ڕاکێشانێکی تایبەتی هەبوو، چونکە ئەو لەو گەڕەکەدا دەژیا، گەڕەکی «کامبرۆڵ ڕوود» کە هەمیشە لەنزیکبوونەوەی پارێزم دەکرد، ئێستا وەکو دائێك کە کۆترەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، زۆر بەلامەوە جوان بوو. سێ ڕۆژ سەرلەبەیانیان دوا بەدوای یەك ئەوم بینی، سێ سەرلەبەیانی کورت کە ئەو ڕۆژە تا سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی ئیتر واتایەکی نەبوو، بەڵام «هتی» ڕۆژی چوارەم ڕەفتاری گۆڕا. بەڕوویەکی مۆنو سارد لەگەڵمدا ڕەفتاری دەکرد. من بەهۆی ڕەفتاریەوە لۆمەم کردو بەگاڵتەوە

پێم وت عاشقم نیت. وەڵامی دایەوە: «تۆ چاوەڕوانی شتی زۆر دەکەی». با بزانی من ١٥ ساڵ تەمەنمە و تۆ ٤ ساڵ لە من گەورەتری. نەمدەتوانی لەوشەکانی تێبگەم، بەڵام هەستم بەحاڵەتێك دەکرد لەقسەکانیدا. ڕاستەوخۆ سەیری بەرامبەری خۆی دەکرد. هەردوو دەستی خۆی نابووە گیرفانی پاڵتۆکەی. من وتم: پێموایە منت خۆش ناوێ؟ وەڵامی دایەوە: نازانم. گێژ بووم. وتم: باشە، ئەگەر نازانی حەتمەن حەزت لێ نییە. لەباتی ئەوەی وەڵام بداتەوە لەبێدەنگیدا هەنگاوی دەنا. بەناچاری درێژەم بەقسەکانم دا، بەڵام لەبەرامبەر هەموو پرسیارەکانمدا تەنها وەڵامی دەدایەوە و دەیوت: «نازانم». وتم: ئامادەی لەگەڵمدا هاوسەرێتی بکەی؟ هێشتا بۆ هاوسەرێتی زۆر منداڵم. زۆر باشە، بەڵام ئەگەر ناچار بیت هاوسەرێتی بکەی من هەڵدەبژێری یا کەسێکی تر؟ تەنها ئەو دەیوت: من تۆم خۆش ئەوێ... بەڵام... وتم: «بەڵام منت خۆش ناوێ». بێدەنگ مایەوە. چووینە شوێنی میترۆ. لەوێ وتم باشترە لەیەك جیا ببینەوە و لەمە بەدواوە یەکتر نەبینین، بەڵام حەزم نەبوو بزانم چ بەرپەرچدانەوەیەکی هەیە. زۆر سامدارو هێمن دیار بوو. وتم: ماڵئاوا. واباشترە. تۆ ئێستا کاریگەرییەکی زۆرت لەسەرم داناوە. وەڵامی دایەوە: ماڵئاوا. ببوورە.

لێبوردنەکەی وەکو لێدانێك وابوو بۆ من تا ئاستی مەرگ. هەستم کرد بێ تەحەمول بوومە و ناخم بەتاڵ بووە. دەبوایە چیم بکردایە؟ ئەگەر بمتوانیبایە ئەو حاڵەتە دەروونییەی خۆمم لەخەودا نوقم بکردایەو تا سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی دیسانەوە ئەوم ببینیایەو خۆڕاگریم بکردایە، چەندە باش دەبوو، بەڵام هەر جۆرێك بووە تا خۆی نەیەوێت باشتر وایە لێی دوور بم، بەڵام ئایا حەز دەکات دیسانەوە بمبینێت؟ بێگومان دەبێ حەز بکات. ئەو ناتوانێ بەئاسانی دەستم لێهەڵگرێت. سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی نەمتوانی خۆم ڕابگرمو نەچم بۆ شەقامی «کامبرۆڵ ڕوود»، بەڵام تا ١٤ی مانگ ئەوم نەبینی.

بەلاوازیو دەروونێکی وێرانەوە، شەوێکیان بەتەنها بەرەو لای ماڵەوەیان لە «کامبردۆد ڕوود» بەڕێکەوتم، بەڵام ماڵەکەیان چۆڵ بوو و لەسەر خانووەکەیان تابلۆیەك بەم ڕستەیە دانرابوو «بۆ کرێ»، چەند ساڵ لەو بیرەوەرییە تێپەڕیو من لەئەمریکا نیشتەجێ بووم.

ئێستاش هەستی میهرەبانیو سۆزی ئەو لەم چەند ساڵەدا هەر لەدڵمدا ماوەتەوە.

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

یەکەمین سەفەرم بۆ دەرەوەی وڵات - پاریس

لەساڵی ١٩٠٩ ڕۆیشتم بۆ پاریس، جەنابی «بورنڵ» بەڕێوەبەری هۆڵی «فولی برژە» لەگەڵ کۆمپانیای هونەری «کارنۆ»دا گرێبەستی یەك مانگەی بەست تا لەوێ نمایش بکەم.

لەوەی کە دەڕۆیشتم بۆ وڵاتێکی دەرەکی، زۆر شڵەژابووم.!

پێش ئەوەی سواری کەشتی بین، یەك هەفتە لە «ولویچ»ی بەریتانیا لەسەر تەختی شانۆ ڕاهێنانمان دەکرد و هەفتەیەکی دژوار و بێزارکەر و بێ گوڕو تینمان لەو شارە نەگبەتەدا تێپەڕاند. لەو ماوەیەدا چرکەکانم دەژمارد تا ڕۆژی سەفەر بێتە بەرەوە.

بڕیار وابوو ڕۆژی یەك شەممە، سەرلەبەیانی زوو بەڕێ بکەوین. نەختێکی مابوو لەشەمەندەفەر جێ بمێنم، بەڵام لەسەر سەکۆی هێڵی ئاسنەکە ئەوەندە ڕامکرد تا لەئەنجامدا سواری دوا ڤاگۆنەکە بووین‌و سەرکەوتینە سەر ڤاگۆنەکە و تا شاری «دۆرۆ» هەر لەو ڤاگۆنەدا ماینەوە. لەو ڕۆژانەدا هۆش‌و زیرەکییەکی باشم لەخۆم پیشان دەدا کە توانیومە بگەمە شەمەندەفەرەکە.

باران بەخوڕ دەبارییە سەر دەریای «مانش». یەکەم نیگا بۆ خاکی فەرەنسا، تەم‌ومژو گڕو تینێکی نەمری لەزەینمدا بەجێهێشت.

کۆتاییەکانی پاییز بوو، لەپاڵ گوندە ساردو تەنیاکاندا تێدەپەڕین. وردە وردە نزیکی پاریس دەبووینەوە، گڕو تینم زیاد دەبوویەوە.

لەئەنجامدا لەهەوایەکدا کە وردە وردە تاریك دەبوو، ریزی رووناکی چراکانی دەرکەوت. فەرەنسییەك کە لەژووری شەمەندەفەرەکەماندا بوو وتی: «ئەمە شاری پاریسە».

ئەو جۆرەی چاوەڕوانم دەکرد پاریس وابوو. سەعات ۷ی شەو چووینە ناو پاریسەوە. رۆیشتین لە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ کۆلانی «ژنف فەرڤاماری» منی بێبڕیار کردبوو و دەیشلەژاندم. حەزم دەکرد لەسەر هەر شەقامێك دابەزمو پیاسە بکەم.

چرای ئالتونی رەنگی ریستۆرانو چایخانەکان بە رووناکییەکی دلنشینو جوانییەکەوە دەدرەشایەوە و مێزی راخراو لەشۆستەکاندا پیشاندەری ژیانی خۆشو خۆشحالییان بوو.

رۆژی یەکشەممە بوو و دەتووت ئەو خەلکە بێجگە لە سەیران کردنو شادومانی ئیتر هیچ کارێکیان بەدەستەوە نییە.

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

شەوی یەکشەممە رۆیشتم سەردانی هۆلی شانۆی «فۆلی برژە»م کرد. هیچ هۆلێك وەکو ئەوە جوان نەبوو، مۆدێلی رۆژ و ئاوێنەکاری ناوەکەی و سورەیای گەورە و بریسکەی رەنگەکانی، ئەفسووناوی بوو.

بەهۆلە گەورەکەی دەرەوە مۆسیقا لێدەدراو لەهەمان کاتیشدا خانمەکان بەشالو چاکەتی پێستی بەنرخو گران دەهاتنو دەچوونو قۆلو شانە بلوورینەکانیان خستبووە دەرە و لە هۆلو شوێنی خێزانی کافتریاکەدا خۆش رایان دەبوارد.

لەشەوانی داهاتوودا دوای ئەنجامدانی نمایش، جلی شەوی شانۆم لەبەر دەکردو تێکەلی خەلکەکە دەبووم.

دوای ئەوەی نمایشەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەمانتوانی بۆ ماوەی ۱۰ هەفتەی تر لە «فۆلی برژە»دا بمێنینەوە، بەلام کۆمپانیای «کارنۆ» گرێبەستی تری هەبوو.

دوای کۆتایی ئەو یەك مانگە لەگەل گروپەکەدا گەڕاینەوە بۆ لەندەن.

ژیانی داهاتووم لەفاڵو لەپی دەست بینیندا

بەپێی دەعوەتی کۆمپانیای هونەری «کارنۆ» سەفەرێکی یەك مانگەمر بۆ ئەمریکا هەبوو. بۆ ماوەی سێ هەفتە لەشارە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا، «سەن فرانسیسکۆ، سەن دییەگۆ و...» نمایشی شانۆمان هەبوو و پاشان لەوێ گەڕاینەوە بۆ بەریتانیا.

ڕۆژێك پێش ئەوەی «سەن فرانسیسکۆ» بەجێ بهێڵین، بۆ سەردانێك ڕۆیشتینە شەقامی «مارکێت» و لەپڕێکدا چاوم بەدووکانێکی بچووك کەوت کە لە پشت پەنجەرەیەکەوە پەردەیەکیان هەڵواسیبوو لەسەری نووسرابوو: «بەبینینی لەپی دەستو وەرەق فاڵتان دەگرین - بەیەك دۆلار».

بەهەندێك شڵەژاوی‌و گومانەوە چوومە ناو دوکانەکەوە و ژنێکی قەڵەوم بینی تەمەنی ٤٠ ساڵ دەبوو و لەحاڵێکدا پارویەکی نانی تەپاندبووە دەمیەوە، لەژووری پەستۆکە هاتە دەرەوە. دیار بوو تێر بووە و بەبێ گرنگیدان ئاماژەی بەمێزی بچووکی بەرامبەر دەرگاکە دا و بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی: «فەرموون دانیشن»، پاشان خۆیشی لەبەرامبەرم دانیشت. ڕەفتاری توندو بەپەلە بوو. وتی:

دیمەنێك لە کارە هوونەرییەکانی

«هەردوو دەستت بخەرە سەر مێزەکە بەرامبەری من».

پاشان وەرەقەکانی هەڵگەڕاندەوە و لەلای یەك دایناو لێی ورد بوویەوە.

پاشان سەیری لەپی دەستی منی کرد و وتی: «ئازیزم خەیاڵی سەفەرێکی دوورودرێـژت لەمێشکدایە، واتە دەتەوێ لەم وڵاتە بڕۆیت، بەڵام دیسانەوە دەگەڕێیتەوە و کار و پیشەیەکی نوێ دەگریتە دەست».

هەندێك گومانی کردو گێژ و مات دیار بوو. دیسانەوە وتی: «باشە هەر کارو کاسبیە، بەڵام سەرکەوتنت تێدا دەبینم، داهاتووت پیشەیەکی زۆر باشی تیایە، بەڵام نازانم چ کارێکە». سەیری کردمو دەستی منی نایە ناو دەستی: «ئۆ بەڵێ. سێ هاوسەرێتی لەبەردەمدایە، دوو هاوسەرێتی یەکەمت ئەنجامێکی نابێ، بەڵام ژیانت بەهاوسەرێتی سێیەمو سێ منداڵەوە بەخۆشی‌و شادومانی تێپەڕ دەبێت، دیسانەوە سەیری هێڵەکانی ناو دەستی کردمو وتی: «بەڵێ، سامانێکی زۆر باش بەدەست دێنیت، دەستی تۆ پارە دێتە ناوی». پاشان سەیری رووخساری کردمو وتی: لەتەمەنی هەشتاو دوو ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی ئاوسانی سییەکانتەوە تەمەنت کۆتایی پێ دێت.

تکایە یەك دۆلارم پێ بدە. پرسیارێك ماوە؟ بەپێکەنینەوە وتم: «نە، پێموایە هەر ئەوەندە بەسە».

نیشتەجێبوون لەئەمریکا

«ئەلێف ریۆز» بەڕێوەبەری کۆمپانیای «کارنۆ» بۆ دروست کردنی فیلم لەئەمریکا هاتبووە بەریتانیاو ڕایگەیاندبوو، بەدوای کۆمیدییەنێکی باشدا دەگەڕێت کە لەگەڵ خۆی بیبات بۆ ئەمریکا.
لەلایەکی ترەوە ماوەیەك بوو بیرم لەوە دەکردەوە سەفەر بۆ ئەمریکا بکەم، ئەو بیرکردنەوەیە نەك بەهۆی خۆشییەکانی ئەمریکا، بەڵکو پێموابوو لەوڵاتی خۆمدا دەرفەتەکانم سنووردارن و داهاتوویەکی باشم لە ئەمریکا بۆ خۆم دەبینییەوە. خۆشبەختانە لەو کاتەدا ڕۆڵی سەرەکی ئەو شانۆیە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا.

چارلی چاپلین کاتێك بۆ جاری یەکەم دەچێتە وڵاتی ئەمەریکا ساڵی ١٩١٠ لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا

کاتێك کە جەنابی «ئەلێف ریۆز» تەلەگرافی بۆ «کارنۆ» کردو وتبووی ئەو کۆمیدییەنەی پێویستییەتی دۆزیویەتیەوە.
شانسی ڕۆیشتن بۆ ئەمریکا، ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕام.
ئەو شەوەی بڕیار بوو لەبەیانییەکەیدا بڕۆم بۆ ئەمریکا، ڕۆیشتمە شەقامە چۆڵو فلکەو گـەڕەكو کۆڵانە فەقیرنشینەکەی شاری لەندەنو تا کاتژمێر (٢)ی نیوەشەو پیاسەم کـردو بڕیاری تـەواوم دابـوو بۆ هەمیشە لەئەمریکا بمێنمەوە. حەزم نەبوو ماڵئاوایی بکەم، چونکە کـۆبـوونـەوەی ڕەفیقانو خزمان بۆ ماڵئاوایی کردن هەستی جودایی‌و دووری لەمندا زیاد دەکردەوە.
کاتژمێر ٦ی بەیانی هەستامو هەر لەبەر ئەو هۆکارەی کە وتم «سیدنی»م لەخەو هەڵنەساند، بەڵکو یاداشتێکی وەهام لەسەر مێزەکە بۆی دانا: «ڕۆیشتم بۆ ئەمریکا، نامەت بۆ دەنووسم. هاوڕێت - چارلی».
سەفەرەکەمان بە کەشتی تایبەتی گواستنەوەی ئاژەڵ بوو و لەڕێگەی کەنەداو (٢) هەفتەی خایاند تا لەئەنجامدا ڕێك سەری کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە گەیشتینە نیویۆرك.

بەریتانیامان لەبوەی زستانێکی زۆر ساردا بەجێهێشت، بەڵام کاتێك کە گەیشتینە نیویۆرك، رووبەڕووی (٣٠) پلەی گەرما بووینەوە.

بەهەر حاڵ ئێرە نیویۆرك بوو، شارێك پڕ لە رووداوی سامناكو هەندێك ترسناك. دەتووت بینا بەرزەکان لەخۆباییبوونێکی بێ بەزەییانەیان هەبوو و بەئاسانی ئاوڕیان لە خەڵك نەدەدایەوە. ژوورێکم بەکرێ گرت حەوشەی هەبوو، بەردی خانووەکە قاوەیی رەنگ بوو لەشەقامی (٤٣)دا. ژوورێکی بێزارکەرو پیسو پۆخڵ بوو و هەستی خەمو غوربەتی لەمندا بەدی دەهێنا، تاڕادەیەك کە بیری شوقە بچووکەکەمانم لە لەندەن دەکرد. لەژێرزەمینی ئەو ماڵەدا جل شۆرێکی کارەبایی هەبوو و بەدرێژایی هەفتەش بۆنی خراپی ئەو جلانەی دەمشۆرد و ئوتویانم دەکردو ئەو هەڵمەی لێهەڵدەستا زیاتر خەمو خەفەتی پێدەدام.

لەهەمان رۆژی یەکەمەوە هەستم بە غەریبی دەکرد. پێم وابوو هەموو کەسێك ئەو هەستەی منی هەیە، بەڵام شەو کاتێك کە لە «شەقامی برادۆی» پیاسەم دەکرد، لەپڕێکدا شەقامەکە بەهەزار گڵۆپی رەنگاورەنگ داگیرساو وەکو زیو و گەوهەر درەوشانەوە. لەو شەوە گەرمو شێدارەدا بیرم گۆڕاو واتای ئەمریکا بۆم ئاشکرا بوو. بینا زۆر بەرز و زەخمەکان کە سەریان لەناو هەوردا بوو، گڵۆپە جوانو درەوشاوە و ورووژێنەرەکان، هیواو هەستێکی باشیان خستە دڵمەوە. بەخۆمم وت: «لێی تێبگە! تۆ گرێدراوی بەئێرەوە»!

هەرچەند سەرەنجام دوای (٤٠) ساڵ و پاش ستەمی پیاوانی حکومیو رووداوە ناخۆشەکانی ژیانم هیچ وێنایەکم لەمێشکدا نەبوو.

چارلی چاپلین گیرسانە وەی لە وڵاتی ئەمەریکا ساڵی ١٩١١ لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا

چوومە ناو سینەماوە - هۆڵیوود

لەگروپی شانۆی «کارنۆ» لەشاری «فلادیلفیا»ی ئەمریکادا بووم کە ڕۆژێکیان تەلەگرافێك بۆ جەنابی «ریۆز» (بەڕێوەبەری گروپی کارنۆ) گەیشتە دەستمان، ڕێك لەو کاتەدا کە نامەکەیان کردەوە من لەوێ بووم. لە تەلەگرافەکەدا نووسرابوو «ئەگەر کەسێك بەناوی چارلین لەناو گروپەکەتاندایە پێی بڵێن پەیوەندی بکات بەم ناونیشانەوە: «کەسلو یۆمێن، ژمارە (٢٤)، بینای لانگ ئەکر لە برادۆی». بەنیگەرانیو شڵەژاوییەوە بلیتی شەمەندەفەری سەر لەبەیانیم کڕی بۆ نیویۆرك. لەفلادیلفیا تا نیویۆرك بەم شەمەندەفەرە (٣) کاتژمێری دەخایاند.

کاتی وێنەگرتنی کارێکی هوونەری لە ئەمەریکا هۆڵیوود ساڵی ١٩١١ لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا

جەنابی «کەسل و بۆمێن» دەرهێنەری فیلمی سینەماییو لە شەریکەکانی کۆمپانیای دەرهێنانو دروست کردنی فیلمی «کی ئەستۆن» بوو. ئەو وتی جەنابی «مەك سنت» بەڕێوەبەری «کی ئەستۆن» تۆی لەهۆڵی مۆسیقادا لەشەقامی (٤٧) لە ڕۆژی «سەرخۆش»دا بینیوە و حەز دەکات تۆ لەباتی «فۆرد ئەسترلینگ» دابمەزرێنێت - جەنابی «ئەسترلینگ»ی (٤٥) ساڵ یەکێك لەکۆمیدییەنە بەناوبانگەکانی ئەمریکا بوو. بەکەڵك وەرگرتن لەو بارودۆخە دەمتوانی بگەمە لووتکەی ناوبانگ و لەلایەکی تریشەوە کاری سینەما ژیانێکی نوێو خۆشی بۆ دابین دەکردم. جەنابی «کەسێل» وتی: بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی کە دەینووسین، دەبێ لەهەفتەیەکدا لە (٣) فیلمدا دەور ببینم و (١٥٠) دۆلار مووچە وەربگرم. ماوەی گرێبەستەکە بۆ یەك ساڵ بوو کە بۆ سێ مانگی یەکەم، هەفتەیەك (١٥٠) دۆلار و دوای ئەوە هەفتەیەك (١٧٥) دۆلار وەربگرم. ئەوە گرنگترین بڕە پارەیەك بوو کە تا ئەو ڕۆژە پێشنیارم پێ کرابوو. بۆیە چووم بۆ ستۆدیۆی فیلمی «سنت» لەنزیکی لۆس ئەنجلێس و.. هەر لەو ستۆدیۆیەدا بوو کە بۆ یەکەم جار شێوازی تایبەتی خۆم بەدەست هێناو (کڵاو، گۆچان، پانتۆڵی فش، پێڵاوی گەورەو سمێڵی بچوك و...».

ڕواڵەتی ئاساییم

چارلی چاپلین لەگەڵ گروپی کۆمپانیای کارنۆ ساڵی ١٩١٠
لە ئەمریکا

چارلی چاپلین
لەئەمەریکا ساڵی ١٩١٠
لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا
لەگەڵ بەڕێوەبەری
کۆمپانیای کارنۆ بیڵ ریۆز

دەستو قاچم بچووكو ڕێك بوو، سەرەڕای ئەوەی دەمم گەورەو چاوم بچووكو لووتم گەورە بوو، بەڵام دەمو چاوم باش بوو، قژم رەشو لوول بوو کە دوایی بوو بەماشو برنجی. لێوم گەورەو ریشم دەتاشی. چاوم کاڵو درەوشاوە و سەرم گەورە بوو کە رووخسارمی نادیار و شەرمن کردبوو.

باڵام ١٧٠ سانتی مەتر بوو و هەیکەلم باریك و تیرەی سەرم ٦- سانتی مەتر بوو کە لەباوکمەوە بەمیرات بۆم مابوویەوە.

هەرگیز حەزم لەمستیلەو سەعاتی مەچەك نەبوو و خووم پێوە نەگرتبوو و رقم هەڵدەستا شتێك بکەمە دەستو مەچەکم. تا کاتێك کە هێلەك مۆدێل بوو، سەعاتەکەم دەنایە ناو گیرفانی هێلەکەکەم. زۆر کات پووتم لەپێ دەکرد و خوارەوەی پووتەکانم چەرمی ڤێرنی (بریقەداری رەش)و سەرەوەی چەرمی جێری خۆڵەمێشی بوو، بەجۆرێك بوو هەموو کەس وایدەزانی «گتر»م (چەرمی سەر پێلاو)م لەپێ کردووە.

من جلی ئاساییم لەبەر دەکرد، جلەکانم رەنگو مۆدێلی کۆنو جنسەکەی لەفاستۆنی خۆڵەمێشی، قاوەیی یان نیلی بوون. هەر جلێکم سێ-چوار ساڵ لەبەر دەکرد و پاشان لامدەبرد و جلی تازەم رادەسپێرا دروستی بکەم. بەقژی خۆڵەمێشیو جلی فاستۆنی فیلی و پووتی قاوەیی وادیار بوو جوان دەهاتمە بەرچاو و رواڵەتێکی پەسەندکراوم هەبوو.

هەموو کەسێك توانجی لێدەدام بەهۆی پووتەکانمەوە و دەیانووت ئەو پێلاوانە هی چاخی بەردینە، بەڵام چونکە لەمنداڵییەوە هیوایەتم لەپێ کردنی ئەو پووتانە بوو و لەپێی هونەرمەندانو کەسانی بەناوبانگی کۆمەڵگادا

دەمبینی، هەرگیز نەمدەتوانی واز لەو بووتانە بهێنم. هەرچەند منداڵ و ژنەکەشم توانجیان لێدەدام.

ماوەی ٩ رۆژ بێکار لەستۆدیۆدا سەرگەردان بووم و بەهۆی ئەو بێکاربیەوە دۆخەکە بەلامەوە سست و بێزارکەر بوو.

بەڵام ئەو چرکانەی چاوەڕێیان دەکردم هاتنە پێش. من جلی ئاسایم لەبەردا بوو، چونکە هیچ رۆڵێکیان پێ نەدابووم لە سوچێکەوە بۆخۆم راوەستابووم و شوێنەکەم جۆرێك بوو کە «سنت» بەڕێوەبەری ستۆدیۆکە دەیتوانی بمبینێت.

ماوەیەك بوو دەیناسیمو دەیزانی هیوایەتم یاری کۆمیدییە.

ئەو خەریکی دروست کردنی فیلمی سینەمایی بوو. منی بینیو وتی: ئەو فیلمەی ئێستا خەریکم پێویستی بە مەشهەدێکی کۆمیدی هەیە. برۆ گریمێکی کۆمیدی بکە، هەرچییەك بێت گرنگ نییە. برۆ بزانم چی دەکەی!

چارلی چاپلین ساڵی ١٩١١ لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا

کاتێك ئەو قسەیەم بیست، بەهیچ شێوەیەك جۆری ئارایشو گریمەکەم لەبەرچاو نەبوو و بیرم لێ نەکردبووەوە. لەحاڵێکدا دەڕۆیشتم بۆ ژووری جل گۆڕین، مەسەلەیەکم بیر کەوتەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر بۆم روویدابوو. (چەند ساڵ لەمەوبەر شەوێکیان کە لەهۆڵی شانۆی لەندەندا نمایشم دەکرد. بەڕێوەبەری نمایش وەکو شێت هات بۆ لامو وتی هونەرمەندی کۆمیدی سەرەکی شانۆکە نەخۆشە و دەبێ کەسێك لەباتی ئەو یاری بکات. ئایا دەتوانی یارمەتیمان بدەیت؟ هونەرمەندی کۆمیدی پیاوێکی هەیکەلی بوو و جلەکانی بۆ من گەورە بوو، پانتۆڵ و پێڵاوێکی گەورە، بەڵام کڵاوە «شاپۆملۆن»ەکەی لەسەرمدا بچووك بوو، چونکە سەرم لەسەری هونەرمەندی کۆمیدی نەخۆش گەورەتر بوو.

ئەو جلانەم لەبەر کرد و ئینجا رواڵەت و تیپی من بووە بەشێك لەکەسایەتیم.

کاتێك رۆیشتمە سەر تەختی شانۆ، هەموو بینەرانو هاوکارانم بۆ ئەو جلانەی لەبەرمدا گەورە بوون پێکەنین. رۆڵی خۆم کە وابوو لەکۆتایدا بکەومە ناو تەشتێکی گەورە یاریم دەکرد. لەو کاتەدا بوو ئەو پانتۆڵە وەکو مەشکێك (با)ی تێکرابێ لەسەر ئاوەکەوە دەجوولا و قاچی منی لەسەر ئاوەکەوە دەهێشتەوە.»

بەو زەینەوە هەمبوو رۆیشتمە ژووری جل گۆڕین. بەخۆمم وت باشتر وایە پانتۆڵێکی گەورە لەپێ بکەمو گۆچانێکی ناسك بگرم بەدەستمەوە و جووتێك پێڵاوی گەورە لەپێ بکەمو کڵاوێکی رەنگاوڕەنگ لەسەر بکەم.

حەزم دەکرد رواڵەتێکی شپرزە و ناجۆرم هەبێت. پانتۆڵێکی فش، چاکەتێکی تەسك و لکاو، کڵاوێکی بچووك و پێڵاوی زۆر گەورە، نەمدەزانی دەبێ گەنج بێمە بەرچاو یان پیر، بەڵام لەپڕێکدا بیرم کەوتەوە «سنت» حەزی دەکرد من لەو تەمەنەی هەمە گەورەتر بێمە بەرچاو. سمێڵێکی بچووکیشم بەو حاڵەتەوە زیاد کرد، بەبێ ئەوەی رواڵەتم بگۆڕێت، چەند ساڵێك گەورەتر پیشانی دەدام.

لەبارەی ئەو رواڵەتەوە بۆ خۆم دروستم کردبوو هەرگیز بیرم لێنەکردبووەوە جودی جلەکانی ئارایشتی رووخسارم رواڵەتی خۆمی پێ ناساندم.

کاتێك رۆیشتمە لای «سنت» رواڵەتی کەسایەتی یارییەکەم بەخۆوە گرت، چەند هەنگاوێك رۆیشتم و گۆچانەکەم سوڕاند و لەبەردەمیدا نمایشم کرد. کاتێك کە منی بینی وەستا و پێکەنی. پێکەنینەکەی ئەوەندەی خایاند کاتێك بینیم لەپێکەنینی زۆردا چەماوەتەوە.

ئەو دۆخە وورەی پێدام و دەستم کرد بەشرۆڤەی تایبەتمەندی ئەو رواڵەتەی بۆ خۆم دروست کردووە. وتم: ئەو کەسەی دەیبینی لەهەموو کارێکدا لێهاتووە. بەرەڵایەك، کەسێکی رەسەن، هەڵبەستوان، خەوناوی، کەسێکی گۆشەگیرو غەریبو هەمیشەش دڵی پڕ لەخەونی عەشق کە حەز دەکات بەدوای شتەکاندا بچێت.

ئەو دەتوانێ قەناعەتت پێ بێنێت و بڕوا بکەیت. یەك زانایە یان یەك مۆسیقار و «نە، گۆچان بازێکە، بەڵام ترسیشی نییە بەوەی لەسەر زەوییەکەدا قنچکە جگەرەیەك هەڵبگرێت یان کەڵەشێرێکی جوانکیلە (قاقا لیلی) لەدەست منداڵێك وەربگرێت، هەڵبەت ئەگەر دەرفەتێك بدۆزێتەوە، لەقەیەکیش لەقاچی خانمێك دەداو ئەو کارەش کاتێك ئەنجام دەدا کە بێزارو تووڕە بووبێت، ماوەی ١٠ خولەك درێژەم بەو یارییەدا و بوومە هۆی ئەوەی «سنت» بەردەوام پێبکەنێت. لەئەنجامدا وتی: «زۆرباشە، ئێستا بڕۆ لەسەر تەختی شانۆ تا بزانم پیاوی گۆڕەپانی یان نا.»

لەندەن، بەریتانیا، منداڵان لاسایی جوڵەکانی چارلی چاپلین دەکەنەوە لەو کاتەی کە چارلی بەناوبانگ بووە

کەسایەتیم بەو جلەوە پێکهات. ئەو رواڵەتەم نەك لەڕووی خوێندنەوەو بەپێی نەخشە بێ، بەڵکو لەقووڵایی ناخمەوە هەڵسا. لەڕاستیدا ئەوە دوایین کەسایەتیم بوو، منداڵێك کە هەرگیز گەشەی نەکردووە و برسی و جلی شڕی لەبەرایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەموو دنیام خستە پێکەنین.

«ئارترنایت» نووسەری مێژووی سینەما نووسی: «جلەکانی چارلی یەکێك لەو رواڵەتە دەگمەنانە بوو کە شانسو هەڵکەوتوویی بەدواوە بوو».

یەکەم دەرهێنەریی فیلم

لە هەر دەرفەتێك بۆ ئەوەی زانیاریم لەزەمینەی کاری سینەمادا بەرەو پێش بەرم، کەڵکم وەرگرت. بەردەوام سەردانی زووری مۆنتاژو شتنەوەی فیلمم دەکردو چۆنیەتی دروست کردنی پارچە فیلمەکانم دەبینی کە چۆن پێکەوە دەیانخستە سەر یەك. لەفیلمە جۆراو جۆرەکاندا یاریم دەکرد. هەڵبەت من دەمویست کارێك بکەم ئامانجێکی لەپشتەوە بێت، نەك هەر تەنها هەڵبەزمەوەو خۆم بخەمە سەر «تراموا»یەك‌و دیسان باز بدەمە خوارەوەو ببمە هۆی پێکەنینی بینەران. چۆنیەتی هەندێك لەفیلمەکان سووك‌و سەلیم دەهاتە بەرچاوم، بۆیە ناچار بووم بە هونەرێکی زیاترەوە یاری بکەم. ئیتر وردە وردە حەزم کردبوو کۆمیدییەکانم خۆم بیاننوسمو ببمە دەرهێنەریان. لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە لەگەڵ جەنابی «سنت» بەڕێوەبەری کۆمپانیای «کی ئەستۆن» کە تیایدا خەریکی کار بووم قسەم کرد.

بەڵام گوێی لێ نەدەگرتمو لەباتی ئەو کارەم پێشنیاری کرد ببمە یاریدەدەری خانمی «مابڵ نۆرمەند» کە تازە دەستی کردبوو بەدەرهێنەری. ئەو پێشنیارە زۆر بێزاری کردم، هەرچەند خانمی مابڵ نۆرمەند زۆر باش بوو و دەچووە دڵەوە، بەڵام من گومانم لێ بوو بتوانێت دەرهێنەری بکات.

چارلی چاپلین ساڵی ١٩١١ لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا ویلایەتەیەگرتووەکانی ئەمریکا / هۆڵیوود

لە نزیکی «لۆس ئەنجلێس»دا لەگەڵیدا خەریکی هەڵگرتنی فیلم بووین. من پێشنیارێکی سادەم پێکرد و ئەو لەباتی ئەوەی پێشنیارەکەم بەلایەوە پەسەند بێ، هاواری کرد بەسەرمدا و وتی: «ئێمە کاتمان نییە و هەرچیت پێدەڵێم ئەنجامی بدە».

ئیتر بەس بوو! نەمدەتوانی قسەی قبوڵ بکەم. سووکایەتی! ئەویش لەلایەن خانمی مابڵ نۆرمەندەوە. وتم:

«ببوره خانم نۆرمەند» من کەسێك نیم هەرچیم پێ بڵێن ئەنجامی بدەم و پێم وانییە شایستەی ئەو بێت فەرمانم پێ بدەی. پاشان لەوێ گەڕامەوە بۆ ستۆدیۆ.

کاتێك لەستۆدیۆدا گریمەکەمم سڕییەوە، «سنت» لەحاڵێکدا زۆر تووڕە بوو. هاتە ژووری گۆڕینی جلەکانم و وتی: «دەتەوێ چ پێشنیارێکی پڕو پووچم بۆ بکەی؟» هەوڵمدا بۆی شی بکەمەوە، وتم: «چیرۆکەکە پێویستی بەوەیە کە لایەنی گاڵتەجاڕییەکەی بەهێز بکرێت، بەڵام خانمی نۆرمەند گوێی لەقسەکانم نەدەگرت».

«سنت» وەڵامی دایەوە: تۆ دەبێ هەر ئەو فەرمانەی پێت دەدرێ ئەنجامی بدەیت، ئەگینا بەبێ گوێدان بەگرێبەستەکە دەرت دەکەم.

سبەی بەیانییەکەی «سنت» منی بینیو وتی: «گوێ بگرە، مابڵ زۆر حەزی لەتۆیە. ئێمە هەموومان حەزمان لەتۆیەو وا بیر دەکەینەوە تۆ هونەرمەندێکی زۆر باشی. چۆن حەز دەکەی وا بیر بکەرەوە، بەڵام نەختێك لەخۆبایی مەبە و یارمەتی بدە». لەحاڵێکدا ئەو قسانەی بۆ دەکردم بەدەست لەپشتی منی دا.

وەڵامم دایەوە: «ئەوە رێك ئەو کارەیە من هەوڵ دەدەم ئەنجامی بدەم، بەڵام ئەگەر تۆ بهێڵی من فیلمەکانم خۆم ببمە دەرهێنەریان، هیچ کێشەیەکت بۆ دەرناکەوێ». پاشان وتی: ئایا چیرۆکێکت لەبەردەمدایە بۆ دروست کردنی فیلم؟

وەڵامم دایەوە: بەڵێ، هەرچەند چیرۆکت دەوێ لەبەر دەستمدایە.

سنت وەڵامی دایەوە: زۆر باشە. فیلمەکەت لەگەڵ «ماتڵ»دا تەواو بکە، پاشان لەبارەی ئەو مەسەلەیە قسەی لێوە دەکەین. دواتر بەمیهرەبانیو هاوڕێیانە دەستی گوشیم. پاشان رۆیشتم بۆلای ماتڵو داوای لێبوردنم لێی کرد.

ئینجا بەشادومانی فیلمەکەمان لەگەڵ «ماتڵ»دا تەواو کرد و سەری ئەکتەرەکەمان و کارمەندە تەکنیکییەکان لەو کارەمان سوڕما. کاتێك دەستم کرد بە دەرهێنەریی یەکەم فیلمی خۆم، وەها کە بیرم دەکردەوە باوەڕ بەخۆبوونم لەخۆمدا نەبینی. لەڕاستیدا تۆزێك شڵەژابووم، بەڵام ئەوەی «سنت» یەکەمین کاری منی بینی، دیسان متمانەم بەخۆم کرد.

یەکەم فیلم کە دەرهێنەری بووم، ناوی «دەستگیری لەکابارە» بوو. هەرچەند ئەو فیلمە ناوبانگی دەرنەکرد، بەڵام زۆر پێکەنیناویو جوان بوو و بەش بەحاڵی خۆی سەرکەوتنێکی تەواو بوو.

لەوە بەدواوە هەموو سیناریۆی فیلمەکانم خۆم دەمنووسیو دەرهێنەریم دەکرد. بەهۆی هاندانم، «سنت» بێجگە لە مووچەکەم بۆ هەر فیلمێك، ٢٥ دۆلار پاداشتی پێ دەدام. ئەو منی بەلاوە باش بوو و هەموو شەو بۆ خوانی ئێوارە دەعوەتی دەکردم.

ئیتر کاتێك کە شایەتحاڵی نمایشی فیلمەکانم بووم لەبەرامبەر بینەراندا، دەمبینی بەگوێرەی رابردوو زۆر گۆڕاوە. گرو تین لەنێوان بینەراندا بەراگەیاندنی نمایشێکی کۆمیدی کۆمپانیای «کی ئەستۆن» پێکهات، زۆر هاندەر و ئومێدبەخش بوو.

پێشوازی خەڵکی شاری نیۆرك لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە چارلی چاپلین ساڵی ١٩١٨ چارلی تەمەنی تەنها ٢٩ ساڵە

کاتێك کە مۆنتاژی فیلمی «کارمەن» تەواو بوو، بەپەلە بەستەیەکی بچوکم هەڵگرتو لەژووری گۆڕینی جلەکانم ڕاست بەرەو ئەو وێستگەی شەمەندەفەرە دەڕۆیشتم کە دەڕۆیشتین بۆ نیویۆرك.

تەنها یەك تەلەگرافم بۆ «سیدنی» برام نارد و ڕۆیشتینو کاتژمێرەکەم پێڕاگەیاند. شەمەندەفەرەکە ماوەی نێوان لۆس ئەنجلێس بۆ نیویۆرکی بە ٥ رۆژ دەپێوا.

من لەژووری شەمەندەفەرەکەدا بەتەنها دانیشتبووم. لەو کاتەدا خەڵك هێشتا منیان بەبێ ئارایشتو گریمی تایبەت نەدەناسی. ڕێگەی باشوورم لەڕێگەی شاری «ئاماری لۆ»ی (تەکزاس) دەپێواو بڕیار وابوو کاتژمێر ٧ی دوای نیوەڕۆ بگەینە ئەوێ.

هەروەها کە شەمەندەفەرەکە دەڕۆیشت بۆ وێستگەی «ئاماری لۆ»، لەپڕێکدا بینیم کە شڵەقاوە و هەراو دەنگێکی زۆر دێت. بینیم لەوێستگەکەدا خەڵکێکی زۆر بەشڵەژاوی شەپۆل دەدەن. دروشمو ئاڵای جۆراوجۆر لەهەموو شوێنێکدا هەڵواسرابوو و لەسەر دارو دیوارو سەربانەکانەوە دیار بوو. لەوێستگەکەدا چەندین مێز دانرابوو و سەرمێزەکە پڕ بوو لەمیوەو شیرینیو شەربەت.

دۆخەکە چرکە بە چرکە زیاتر دەشڵەقا. پاشان هەندێك دەنگ هات بەگوێمدا کە دەیانووت: «ئەوە لەکوێیە، چاپلن لەکوێیە؟» وەڵامم دایەوە: بەڵێ؟ دەنگێك هات بەگوێمدا وتی: لەلایەن شارەوانی «ئاماری لۆ» و لەلایەن هەموو خەڵکەوە داوات لێدەکەین چەند خولەکێك لامان بمێنیتەوە. لەپڕێکدا دڵەڕاوکێ و نیگەرانی منی گرتەوە، چونکە هەرگیز بیرم لێ نەدەکردەوە. لەحاڵێکدا چاکەتەکەم لەبەر دەکرد، لەپلیکانی شەمەندەفەرەکەدا هاتمە خوارەوە. خەڵکەکە بەهاوارو هاندانەوە پێشوازییان لێ کردم. شارەوانی «ئاماری لۆ» لەمەراسیمێکی تایبەتدا بەخێرهاتنی لێ کردمو منیش وتم لەهاتنم بۆ تەگزاس زۆر بەختەوەرم و لەپێشوازی جوانو گەرمی خەڵك سەرم سوڕمابوو کە تا کۆتایی تەمەنم لەبیری ناکەم.

پاشان دانیشتمو قسەم لەگەڵ شارەوانیدا کرد. لێم پرسی چۆن ئاگادار بووە من دێم بۆ «ئاماری لۆ» ئەو وتی: تەلەگرافچیەکانو شرۆڤەی کردو وتی: ئەو تەلەگرافەی لەبەرواری هاتنت بۆ «سیدنی» برات نارد لە «سەن فرەنسیسکۆ» سەرەتا بۆ «تەگزاس» پاشان بۆ «کانزاس» و «شیکاگۆ» و «نیویۆرك» ناردراو تەلەگرافچیەکانیش هەواڵەکەیان داوە بە رۆژنامەکان.

پێشوازی خەڵکی شاری نیۆرك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چارلی چاپلین ساڵی ١٩١٨ چارلی تەمەنی تەنها ٢٩ ساڵە

کاتێك گەڕامەوە بۆ ناو شەمەندەفەرەکە- هەستم بەگەورەیی و متمانە دەکردو لەسەر کورسییەکە دانیشتم.

پێش گەیشتنم بـۆ نـیـویـۆرك، تەلەگرافێك لەبەڕێوەبەری پۆلیسی نیویۆرك گەیشتبوو- تیایدا داواکرابوو، چونکە خەڵکێکی زۆر لەوێستگەی گەورەی ناوەندی هێڵی ئاسن کۆ بوونەتەوە و رەنگە ئاژاوە روو بدات. لەکاتی هاتندا لەباتی کەڵك وەرگرتن لەو وێستگەیە، لەوێستگەی «شەقامی ١٢٥»ەوە هاتم.

لەشەقامی (١٢٥)دا «گسیدنی» بە ئۆتۆمبێلێکی گەورە کە رەنگی رەش بوو، چاوەڕێی دەکردم. کاتێك لەلای دانیشتم، بە لەحنێکی دڵنشینو بەچپەوە وتی: خەڵکەکە لەیەکەم کاتژمێرەکانی کازیوەدا لەوێستگەی ناوەندی کۆبوونەتەوە، راگەیاندنەکان هەر رۆژەو لەبارەی تۆوە شتیان رادەگەیاند. خەڵك دەستخۆشیت لێدەکەن و میهرەبانن لەگەڵتدا و شادومانیو خۆشی دەگێڕن.

شاری نیۆرك لە ئەمریکا ساڵی ١٩١٨، سەرەگرتنی خەڵکی نیۆرك بۆ بینینی کارە هوونەرییەکانی چارلی چاپلین لە یەکێك لە سینەماکاندا

کۆمپانیای هونەری «کارنۆ» ناوبانگێکی زۆری لەئەمریکا هەبوو. لەمڕووەوە بەرنامەکانمان بە راگەیاندنەکاندا وەکو هونەرمەندی ئاسایی لەڕیزی یەکەمەوە بوون.

سەرەڕای ئەوەش، لەنمایشێکمدا کە رۆڵم دەبینی، حەزم لێنەبوو، بەڵام باشترین هەوڵی خۆمم دا بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی خۆم. هیوادار بووم بەو شێوازەی کارنۆ وتبووی: «رێك هەر ئەو کارەیە کە ئەمریکا دەیەوێت». ئەنجامم دابێت.

سوڕێکی درێژخایەنم لەدەوروبەری شار لێدا، نزیکی ناوچەی نەدار و فەقیرنشینی بوومەوە. لەپارکێکەوە لەفولکەی «مادۆسیۆن» تێپەڕ بووم کە تیایدا مرۆڤی گۆشەگیرو تەنها لەسەر کورسییەکان دانیشتبوونو بە سستی و بێتاقەتی سەیری قاچی خۆیانیان دەکرد.

رۆیشتم بۆ شەقامەکانی دووەمو سێیەم. لێرەدا هەژاری بەوپەڕی بن بەزەیی‌و رووی ناخۆش‌و تاڵییەکانییەوە خۆی دەردەخست. لەبەر هەر دەرگایەکداو لەسەر هەر پلیکانێك هەژاری هاواری دەکردو پێدەکەنی‌و دەگریاو وەك ئەوە وابوو لەسەر خانووەکانی ئەم شەقامە پۆز لێبدات.

نمایشی خۆمم لەسێیەمین هەفتەدا لەیەکێك لەهۆڵەکانی شانۆی شەقامی پێنجەمدا پێشکەش کرد. لەپڕێکدا قاقای پێکەنین وەکو تۆپێك بتەقێتەوە، هۆڵەکەی پڕ کرد لەقاقای پێکەنینو بینەران بەبچووکترین نوکتەو قسەکانم پێدەکەنین.

دوای چەند هەفتە، کۆمپانیاو سیرکو دامەزراوە هونەرییەکانو دەلالەکانی شانۆ و....هتد گرێبەستیان لەگەڵمدا واژۆ دەکرد.

- یەکێك لەدەلالەکانی شانۆ گرێبەستێکی بۆ ماوەی ٢٠ هەفتە بۆ سیرك «سۆلیڤانگ».
- جەنابی «ویلیام مۆریس» گرێبەستێکی بۆ ماوەی ٦ هەفتە بۆ نمایشی شانۆ لەشەقامی (٤٧).
- لەکۆمپانیای دەرهێنانی فیلم «کی ئەستۆن» گرێبەستێك بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ سێ مانگی یەکەم، هەفتەی ١٥٠ دۆلار و مانگەکانی دوایی هەر هەفتەیەك ١٧٥ دۆلار.
- لەکۆمپانیای «ئەسنی» گرێبەستێك هەر هەفتە (١٢٥) دۆلار لەگەڵ (١٠٠٠) دۆلار پێشەکیدا. دەیان و سەدان گرێبەستی تر..

هەرچەند کۆمیدییەکانم بایەخی زیاتری لەخۆ دەگرت، بڕی پارەی گرێبەستەکانم زیادی دەکرد.

داهاتوو، داهاتوو، داهاتووی سەیرم بەرەو کوێ دەڕۆیشت؟ پارەو سەرکەوتن وەکو هەرسێك کە هەرچەند بەرەو پێش بڕوات، زیاتر دەبوو و بەرەو لام دەهات و هەر ساتەو زیاتر دەبوو. سەرم سوڕمابوو، ترسناك بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە چاویشم لە نەداری و ڕەنگ و چارەڕەشی مرۆڤەکانەوە بوو.



چارلی چاپلین و کەسایەتی بەناوبانگی جیهان و ئەمریکا واڵت دێنزی ئەمریکا ساڵی ١٩٣٩
واڵت دێنڤی یەکێك بوو لە دیزاینەرە هەرەبەناوبانگەکانی ئەنیمەیشنی منداڵان، وەك سەندرێلا و کچەی بەفرو.... چەندینی تر

هاوسەرێتی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمم

پۆستەرێکی دروستکراو
لە ناو پۆستەرەکەدا
وێنەی چارلی چاپلین
لە خوارەوەو وێنەی
چوار ئافرەت لە
خوارەوە هەیە،
وێنەی ئافرەتەکان
سیانیان هاوسەری
بوون و یەکێکیشیان
پەیوەندی سۆزداری
لەگەڵیا هەبووە،
وێنەی پۆستەرەکە لە
یەکێك لەڕۆژنامەکانی
بەریتانیاوە وەرگیراوە

هاوسەرێتی یەکەم

لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩١٧ لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا لەپڕێکداو بەبێ پێشەکیو هاوڕێیەتی لەگەڵ «میلارد هاریس»ی (١٥) ساڵە کە رۆڵی لەشکرێکی گەورەی هەبوو لەفیلمەکەدا، هاوسەرێتیم کرد. «سیدنی» برام و هاوڕێکانی دژی ئەو هاوسەرێتییەم بوونو دەیانوت داهاتوویەکی نابێت.

ئەو گەنجێکی جوان بوو، قژی کاڵی درەوشاوە و چاوی کاڵی درەوشاوەی هەبوو کە زۆر سەرنجی منی بۆلای خۆی راکێشابوو و دڵی منی بەدەست هێنابوو. دوای ماوەیەك بۆ هەردووکمان دەرکەوت کە ناتوانین لەهەڵسوکەوتی یەکتر تێبگەین. منداڵێکمان هەبوو کە دوای ماوەیەك مرد. ئێمە هیچ جۆرە لێکچوونێکی فکریو بیروڕامان پێکەوە نەبوو و تەنها جوانییەکەی ئەو دڵمی دەرفاند.

لەئەنجامدا دوای کێشمەکێشی فراوانو دەمەقاڵەیەکی ئازاربەخش، «هاریس» داوای تەڵاقی کردو منیش لەگەڵیدا رێکەوتم.

میلارد هاریس ژنی یەکەمی چارلی چاپلین ساڵی ١٩١٧ تەمەن ١٥ ساڵ

میلارد هاریس ژنی یەکەمی چارلی چاپلین ساڵی ١٩٤٣ تەمەن ٤٢ ساڵ

چارلی چاپلین و میلارد هاریس ژنی یەکەمی چارلی چاپلین ساڵی ١٩٢٠

ژنی دووەمی چارلی چاپلین لیتا گری

چارلی چاپلین و ژنی دووەمی لیتا گری و منداڵی یەکەمی چارلزی کوڕی

خانمی «مەك مۆری» خەونی بەستۆدیۆیەکەوە دەبینی ببێت بەخاوەنی کە لەوێدا چالاکی هونەریم هەبوو. ئەو ژنێکی زیرەك بوو و کچێکی جوانی هەبوو. ئەو بەزیرەکییەکی زۆر و کارامەییەوە وای کرد شەیدای کچەکەی بم. جوانیو خنجیلەیی ئەو کچە وەکو جاری پێشوو خۆڕاگری منی شکاند و سەرنجی راکێشام. ئەزموونە زیرەکانەکەی «مەك کوری» بووە هۆی ئەوەی لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ لەتەمەنی ٣٦ساڵیدا لەگەڵ کچەکەیدا «لیلیتا مەك مۆری» (لیتاگری) ١٦ ساڵە هاوسەرێتی بکەم.

لەبەهاری ١٩٢٥ یەکەم منداڵم «چارلز» و دوای ساڵێك کوڕی دووەهەمم «سیدنی» لەدایك بوون، بەڵام هیچ کامەیان و هیچ شتێك نەیدەتوانی بەختەوەری بێنێتە ناو خێزانەکەمەوە.

ماڵەکەم ئارامیو هێمنی تێدا نەبوو. شەوان لەشەقامەکاندا پیاسەم دەکرد. لەحاڵێکدا «لیلیتا» ماڵەکەی کردبووە ئوتێل بۆ رەفیقەکانیو لەهەر سووچێك لەماڵەکەدا دەنگی مۆسیقاو رەقسو گۆرانیو وێنەگرتن دیار بوو. ئەو رەفتارانە منی تووڕە دەکرد. پاشان تاقەتم نەماو لەپڕێکدا بەمیوانەکانی «لیلیتا»م وت: هەمووتان لەم ماڵە

بڕۆنە دەرەوەو. «لیلیتا»ش لەگەڵ منداڵەکانیدا ڕۆیشتە دەرەوە و خێرا داوای تەڵاقی کرد. هەڵبەت داخوازی تەڵاقەکەی هەڕەشەو توانجو درۆی تێکەڵ بوو، منیش تەڵاقەکەم قبوڵ کرد.

چارلز و سیدنی هەردوو کوڕەکەی چارلی چاپلین لە ژنی دووەمی لیتا گری لە دوو ساڵ و دوو تەمەنی جیاوازدا

چارلی چاپلین و چارلز چاپلین کوڕی یەکەمی واتا کوڕە گەورەکەی

سیدنی چاپلین کوڕی چارلی چاپلین لە ژنی دووەمی لیتا گری وێنەکە ساڵی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا وێنەکە گیراوە

هاوسەرێتی سێیەم

لەلای ماڵی ڕەفیقەکەم لەگوندێك لەکالیفۆرنیا، کچێکم بینی بەناوی «پۆڵت گداری» (١٩) ساڵان. خێرا حەزمان لەیەکتر کرد. «پۆڵت گداری» (١٩) ساڵان بەهۆی هەڵکەوتوویی و گاڵتە و گەپەکانی سەرنجی ڕاکێشام. لەبەر چەند هۆکارێك، ساڵی (١٩٣٣) بەنهێنی زەماوەندمان کرد.



زۆرجار ژیانمان بەخۆشی تێپەڕ دەبوو، بەڵام کەسایەتی توورە و ئینکاری «پۆڵت گداری» دەبووە هۆی ئەوەی بەینمان تێك بچێت و دەمەقاڵەمان هەبێت. بۆ هەردووکمان روون بوویەوە خەریکین دەگەینە کۆتایی رێ، لەئەنجامدا لە یەك جیابووینەوە

پۆڵت گداری و چارلی چاپلین ساڵی ١٩٤٠ لە ئەمریکا لە شاری نیۆرك چارلی چاپلین تەمەنی ٥١ ساڵ و ژنی سێهەمیشی تەمەنی ٣٠ ساڵ

پۆڵت گداری ژنی سێهەمی چارلی چاپلین / paulette goddard

مەرگی دایکم «هانا»

کاتێك زۆر سەرم قاڵ بوو لە هۆلیوودی ئەمریکا، دایکم لەناوەندی پەرستیاری تایبەتی دەروونی لە لەندەن خەواند. بەردەوام ئەحواڵیم دەپرسی و پارەم بۆی دەنارد. وردە وردە رێم خۆش کرد دایکم بێنمە ئەمریکا تا باشتر و لەنزیکەوە چاودێری بکەمو ئاگام لێی بێت. ماڵێکم لەنزیك هۆلیوود بەکرێ گرتو ژنو مێردی خاوەن ماڵەکەم دامەزراند تا پەرستیاری لێ بکەن و هەموو پێویستی دەرمانو پەرستیاری بۆ دابین بکەن. ئەوان دایکمیان دەبرد بۆ شوێنی خۆشگوزەرانیو دیمەنە جوانەکانو سەیران تا چێژ وەربگرێت. هەرچەند لەتوانایاندا هەبوو یارمەتی دایکمیان دەدا تا شادو خۆشحاڵو ئاسوودە بێتو منیش لەو بوارەوە خەیاڵم ئاسوودە بوو. من بەردەوام لەنەخۆشی دەروونی ئەو ئازارم دەچێشت و هەر کات ئەوم دەبینی، تووشی نیگەرانی دەبووم.

چارلی چاپلین و دایکی ساڵی ١٩٢٨ واتا چارلی چاپلین لەتەمەنی ٣٩ ساڵی و دایکیشی لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا

دایکم ٧ ساڵ لەهۆلیوودی ئەمریکا لەهەلومەرجێکی باشداو بە خۆشی و تەندروستی ژیانی بەسەر برد. رۆژێکیان پەیامێك بەم جۆرە گەیشتە دەستم کە حاڵی زۆر ناخۆشەو بەهۆی نەخۆشی زراو و نەخۆشی دەروونی لە نەخۆشخانەی «گەلەندێل» خەواندوویانە. زۆر خەمبار بوومو خۆم گەیاندە نەخۆشخانە. دایکم نیوە بێهۆش بوو. پزیشکان وایان بەباش زانی نەشتەرگەری نەکەن، چونکە دڵی لاواز بوو. دەرمانیان پێدابوو تا ئێشو ئازاری کەم بکاتەوە. بەچپەوە بەدایکم وت: «منم چارلی»، پاشان دەستیم نایە ناو دەستی خۆم. بەهێواشی دەستی گوشیمو وەڵامی دایەوە، پاشان چاوی کردەوە. حەزی دەکرد دانیشێت، بەڵام زۆر بێ هێز بوو. هەوڵمدا دڵنیای بکەمەوە دۆخی باش دەبێت. بەلەحنێکی هیلاکەوە وتی: «لەوانەیە»، ئینجا دیسانەوە دەستی گوشیمو بێ هێز بوویەوە.

من لەسەر کورسییەکە لەنێوان پەنجەرەو تەختەکەدا دانیشتمو سەیری ئەو هەیکەلە بچووکەم دەکرد لەسەر

تەختەکە. دەمرو چاوی سەیری سەقفەکەی دەکردو چاوەکانی شەو باشی بەجیهان وتبوو. تەنانەت لەکاتی مردنیشدا، دەمرو چاوی ئێش‌و ئازارو خەفەتی پێوە دیار بوو. دەتووت دیسانەوە خەمرو خەفەتی زیاتر بەدواوەیە. چەند سەیر بوو دەبوایە کۆتایی ژیانی لێرە تەواو بێت.

لەنزیکی «هۆلیوود»ی ئەمریکا بەوەی ناوبانگی هەبوو، بەڵام بەهاکانی پووچەڵ بوو، هەزاران کیلۆمەتر لەگەڕەکی فەقیرنشینی لەندەنەوە دوور بوو - شوێنی چیرۆکە پڕ لەخەفەتەکەی. پاشان شەپۆلێك لەبیرەوەری خەفەتاوی‌و رەنج‌و زەحمەتەکانی لەزەینمدا شەپۆلی دەدا... گریام.

یەك سەعاتی خایاند تا هێمن بوومەوە و ژوورەکەم بەجێهێشت‌و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. «سیدنی» براشم لەو کاتەدا حاڵی نەخۆش‌و لە ئەوروپا بوو و نەیدەتوانی لەمەراسیمی ناشتنی دایکمدا بەشداری بکات. کوڕەکانم «چارلزو سیدنی» لەگەڵ دایکیاندا لیلیتان گری «لیتاگری» هاتبووم. لێمیان پرسی: حەز دەکەی تەرمی دایە بسوتێنن؟ لەو بیرکردنەوەیە ترسام! نە، حەز دەکەم لەدڵی زەوییەکی سەر سەوزو خۆشدا بینێژم. هێشتا قەبرەکەی لەوێیە، گۆڕستانی هۆڵیوود ٢٨/ئابی/١٩٢٨.

ئۆتۆمبیلەکەش هی چارلی چاپلینە کە هاوسەری سێهەمی پۆڵت گداری لەتەنیشتی وەستاوە

دایکی چارلی چاپلین ساڵی ١٩٢٨ لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا

گـۆڕی هانا چاپلین دایکی چارلی چاپلین لە گۆڕستانی هۆڵیوود

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنشتاین

چارلی چاپلین و فیزیازانی ئەمریکی بە ڕەگەز ئەڵمانی ئەلبێرت ئەنیشتاین ساڵی ۱۹۳۱ چارلی چاپلین لەم کاتەدا لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدایە لە ئەمریکا لە شاری لۆس ئەنجلس

هەرچەند ڕەفتاری هێمنو قورس بوو، هەستم دەکرد لەناخیدا دۆخێکی زۆر سۆزداری شاراوەیە - هاودڵو رۆح سووك.

«کارلامێل» لەستۆدیۆی «یۆنیڤرساڵ»ەوە تەلەفۆنی کردو وتی مامۆستا ئەنشتاین حەز دەکات بمبینێت. وا بوو بۆ خواردنی نانی نیوەڕو لەستۆدیۆی یۆنیڤرساڵدا یەکترمان بینی. خانمی ئەنشتاین زۆر باش بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، لەمێردەکەی باشتر، ژنێکی چوار شانەو بەگوڕ بوو، چێژی لەوە دەبینی کە ژنی پیاوێکی گەورەیەو هەوڵی نەدەدا ئەو چێژە بشارێتەوە. هەستو گڕو تینی تێکەڵی سۆزو خۆشەویستی بوو.

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، خانمی ئەنشتاین منی بردە ئەولاو بەچپەوە وتی: «بۆچی مامۆستا دەعوەت ناکەیت بۆ ماڵی خۆتان؟ دەزانم زۆر خۆشحاڵ دەبێ لەوەی خۆمان بەتەنها دانیشینو بەئیسراحەت قسە بکەین». منیش بەخۆشحاڵییەوە بنەماڵەی دکتۆرم بۆ خواردنی ئێوارە دەعوەت کرد. خانمی ئەنشتاین لەسەر مێزی نان خواردنەکە باسی مەسەلەی تیۆری ڕێژەیی جەنابی دکتۆری بۆ کردم. ئەو وتی رۆژێکیان سەر لەبەیانی بۆ خواردنی بەیانی هاتە نهۆمی خوارەوەو قەد دەستی بۆ هیچ نەبرد. منیش لێم پرسی لەچی نیگەرانە. وەڵامی دایەوە: «ئازیزم، فکرێکی نوێ هاتۆتە مێشکمەوە». دواى خواردنی قاوەکەی، بەرەو لای پیانۆکەی رۆیشتو دەستی کرد بە ژەنین.

هەر ئەوەی دووپات دەکردەوە: «فکرێکی نوێ هاتۆتە مێشکمەوە، بیرێکی سەرسوڕهێنەر!»، وتم باشە پێم بڵێ ئەو فکرەت چییە، ئەوەندە چاوەڕێم مەهێڵە. وتی: «دژوارە، دەبێ زۆر هەڵیسەنگێنم؟ خانمی ئەنشتاین وتی مێردەکەی دیسان نیو کاتژمێر درێژەی بەژەنینی پیانۆ دا و هەندێك شتی یاداشت کردو پاشان ڕۆیشتە ژووری خوێندنەوەکەی لەنهۆمی سەرەوەو پێمی وت حەز ناکات کەسێك کاتی بگرێت. بۆ دوو هەفتە لەژوورەکەیدا مایەوە. خانمی ئەنشتاین وتی: «هەموو ڕۆژ خواردنی بۆ دەبرد و بە شەو تۆزێك پیاسەی دەکرد تا نەختێك وەرزشی کردبێت‌و دیسانەوە دەگەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی».

پاشان درێژەی بەقسەکانیدا: «لەئەنجامدا دوای (١٤) ڕۆژ لەژووری خوێندنەکەی هاتە خوارەوە. زۆر ڕەنگی پەڕیبوو. بەحاڵەتێکی هیلاکەوە سەیری کردم و وتی: «ئەوەیە» و، دوو لاپەڕە کاغەزی لەسەر مێزەکە داناو ئەو دوو لاپەڕەیە تیۆری ڕێژەیی بوو.

لەکاتی خواردنی نانی شەودا بەخانمی ئەنشتاین-م وت دەمەوێ پاش دەستپێکردنی فیلمی دواییم، بڕۆم بۆ ئەوروپا. وتی: «ئەگەر وایە دەبێ بێیت بۆ بەرلین و ئێمە ببینیت. خانووەکەمان گەورە نییە - مامۆستا دەوڵەمەند نییە، هەرچەند بۆ کارە پراکتیکییەکانی ناوەندی راکفگر زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە، بەڵام هیچ کات کەڵکی لێ وەرنەگیراوە». دوای ماوەیەك، کاتێك کە ڕۆیشتمە بەرلین، چاومان بەیەك کەوت لەخانووە بچوك‌و جوانکیلەکەیاندا. ژووری دانیشتن‌و نان خواردنەکەیان یەك بوو و بەفەرشی قەدیمی ڕاخرابوو. گرانترین قەنەفەو پیانۆیەکی ڕەش کە لەسەر مێزی پیانۆکە هەمان یادداشتە سەرەتاییەکانی بۆ ڕەهەندی چوارەم نوسیبوو. کاتێك حکومەتی نازییەکان لەئەڵماندا سەقامگیر بوو، ئەنشتاین لە ئەمریکا نیشتەجێ بوو. مامۆستا دیسانەوە بۆ کالیفۆرنیا ڕۆیشت‌و منی بەسۆزو میهرەبانییەوە لە ئامێز گرت و هاوڕێیەتیمان گەرم بوو.

فیلمی ڕووناکییەکانی شار - (قۆشمەچی)

ئەم فیلمە لە سەربوردەی قۆشمەچییەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەهۆی کارەساتێکەوە لەناو سیرکدا چاوەکانی لەدەستداوە و نابینێت. ئەو کچێکی بچووکی هەیە نەخۆش‌و تووڕەیەو کاتێك لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە، پزیشکەکە پێی دەڵێت تا ئەو کاتەی کچەکە چاك نەبۆتەوە و هەستی بینایی بەدەست نەهێناوەتەوە نابێ بهێڵن کەس بزانێت نابینایە، چونکە ئەگەر بزانێت ڕەنگە زۆر بۆی سەخت بێت. هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ ئامێر و کەرەستەی ژوورەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کچەکە لەناخی دڵەوە پێبکەنێت. ئەو مرۆڤێکی زۆر «خەفەتبار» بوو. بەهەرحاڵ، گەشبینی قۆشمەچییەکە درا بەکچی گوڵفرۆشی فیلمی ڕووناکییەکانی شار، چونکە کچی گوڵفرۆش لەم فیلمەدا نابینایە و ئەو نەخشەیە وێنایەك بوو کە ساڵەهایە لەمێشکمدا خولقاندبووم. لەلایەکەوە دوو ئەندامی نادییەکی دەوڵەمەندەکان کە لەبارەی ناسەقامگیری هەستی مرۆڤ وتووێژیان دەکرد، هەستان بەوەی لەسەر بێ خانومانێکەوە کە لەقەراخی ڕووبارەکەدا خەوتووە، تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدات. ئەو دەبەن بۆ خانووە شازەکەیان کە وەکو کۆشکە و بە مەی‌و ژن‌و گۆرانی سەرخۆش‌و تێرو کەیفخۆشی دەکەن‌و کاتێك کە

لایەنی رەش سەرخۆش دەبیو خەوی لێدەکەوێت. هەڵیدەگرنو لەهەمان شوێندا کە دۆزیویانەوە دەستی لێ بەردەدەن و ئەویش لەخەو هەڵدەستێتو بیری دێتەوە هەموو ئەو رووداوانە خەونێکی تەواوە.

لەم «فکرەوە» چیرۆکی ملیۆنەری فیلمی رووناکییەکانی شار هاتە ئارا. هەرکات سەرخۆش و بەتاڵ بوو، لەگەڵ بێ خانومانەکە دڵنەوایی و هاوڕایی دەکردو لەکاتی هۆشیاریدا (کا)ی لەسەر بار نەدەکرد. ئەو هەوێنە نەخشەی کارەکەی دەبردە پێشەوە و هانی بێ خانومانەکەی دەدا بەلای کچە گەشبینەکەوە رواڵەتی کارەکە بپارێزێتو وا پیشان بدات پارەی هەیەو دەوڵەمەندە.

یەکێك لەکێشەکانم لەدروست بوونی فیلمەکەدا دۆزینەوەی کچێك بوو کە بتوانێت گەشبین بێتە بەرچاو بەبێ ئەوەی لەجوانییەکەی کەم بێتەوە. پێشتر «ویرجینیا چریل»م دەناسی. بەژنو باڵای جوانی بیری یاریکردنی لەرۆڵی ئەو کچە گەشبینەدا زیاتر منی هاندا. پاشان بەسەرسوڕمانەوە بینیم کە هەڵکەوتوویی سەیرکردنی گەشبینەکانی تێدایە. فێرم کرد سەیرم بکات، بەڵام سەیرکردنەکەی لەناخەوە بێ. ئەو بەباشی توانی ئەو کارە بکات. دروست کردنی ئەو فیلمە یەك ساڵی خایاند. خۆم مۆسیقایەکی نەرمو رۆمانسیم بۆ دروست کرد تا لایەنی سۆزو هەست بەکۆمیدییەکانم بدات. لەکاتی نمایشی فیلمدا، بینەران قاقای پێکەنینیان دەدا. دەنگی پێکەنینەکان بەرز و بەرزتر دەبوویەوە و دەبووە رەقسو هەرا. ئیتر هەموو دڵەڕاوکێو گومانەکانم لەناو دەچوو. حەزم دەکرد بگریم. تا سێ حەڵقەی فیلمەکە هەموویان بەبێ وەستان یەکسەر پێدەکەنینو منیش بەهۆی حەساسییەتو نیگەرانی زۆرەوە بە قاقا پێدەکەنیم. هەستێك لەشادیو خۆشحاڵی چووە دڵو گیانمەوە. «رووناکییەکانی شار» دوانزە هەفتە لەسەر پەردەی سینەما مایەوە و هەموو سوودەکەی زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ دۆلار بوو. تەنها هۆکارەکەی وەستانی نمایشی فیلمەکە داواکاری زنجیرەی سینەماکانی نیویۆرك بوو کە فیلمەکەی بەنرخێکی زۆر باش بۆ نمایش پاشەکەوت کردبوو و حەزی نەدەکرد پێش گەیشتنی بۆ زنجیرەی ئەوان لەشوێنێکدا نمایش بکرێت.

چارلی چاپلین دیمەنێك لە فلیمی رووناکییەکانی شار، لەگەڵ خانمە ئەکتەر ڤێرجینیا چێرلی ساڵی ١٩٣١ چارلی چاپلین لەتەمەنی ٤٢ساڵیدایە

ئایین و جوانی

«راخمانی نۆف»* پیاوێك بوو بەرواڵەت سەیرو دۆخێکی گۆشەگیر و بەگوڕی هەبوو. بۆخواردنی نانی شەو لەماڵی «هۆرۆ وتیز» ژەنیاری پیانۆی بەناوبانگی روسی لەئەمریکادا بووین. دەتووت هەرکات باسی هونەر دەکرا، من روانینێکی ترم بۆی هەیە. چ کێشەیەك هەیە؟ ئەو شەوە وتم هونەر گوڕ و وروژانێکی زۆرە هاوسەنگە لەگەڵ تەکنیکی کارامە. کەسێك مەسەلەکەی بۆلای ئایین برد و من دانم پیادانا کە کەسێکی ئایینی نیم. «راخمانی رۆف» خێرا قسەکەی بڕیم و وتی: «بەڵام چۆن دەکرێ مرۆڤ هونەری بەبێ ئایینی هەبووبێت؟».

چرکەیەك مامەوە چۆن وەڵام بدەمەوە. پاشان وتم: «وا بیر ناکەمەوە، لەبارەی مەسەلەکەوە قسە دەکەین. روانگەمر بۆ ئایین بڕوا بەئیرادەیەکە و هونەر هەستێکە سەرووتر لەم جۆرە بیروڕایانە.»

وەڵامی دایەوە: «ئایینیش هەروایە.» پاشان بەردەمی خۆمم گرت.

«ویل دۆڕانت»* نووسەرو فەیلەسوفیش لەهۆڵیوودا بوو و لەزانکۆی کالیفۆرنیادا وانەی دەخوێندەوە، ئەو یەکێك لە هاوڕێ دێرینەکانم بوو و هەندێکجار لەماڵی ئێمە نانی دەخوارد. ئەو شەوانە، شەوگارێکی خۆش بوو. «ویل» کەسێکی پڕ هەستو بەتین بوو. بۆئەوەی شادمان بێت پێویستی بەهیچ هاندانێك نەبوو، بێجگە لەخودا و ژیان. جارێکیان لێی پرسیم: «رات لەبارەی جوانییەوە چییە؟»

وەڵامم دایەوە: «پێم وایە جوانی ئامادەبوونی هەمیشەیی مەرگ و شیرینییە و خەفەتیش زەردەخەنەیەکە لە سروشت و هەموو شتێکدا دەبینین و جووتبوون هەستێکە کە شاعیر هەستی پێدەکات - شێوازەکەی دەتوانێ ببێتە تەنەکەخۆڵێك بەرهەمێك لە هەتاو لەنێوانیدا یان دەتوانێ گوڵێکی سوور بێ لە ژێر ئاودا.

ئەستێرەکان

ئەستێرەکان لەناو کۆمەڵەی وەکو خۆیاندا رووناکی کەمر یان گەرمی کەمیان هەیە.

نووسەرەکان کەسانێکی نازەنینن، بەڵام زۆر شت نادرکێنن، ئەو شتانەی دەیزانن بەدەگمەن دەیگەیەننە کەسانی تر و زۆربەیان مەسەلەکان لەتۆوی کتێبەکاندا دەشارنەوە.

رەنگە زانایان بێژەرێکی باش بن، بەڵام ئامادەبوونی تاکو تەرایان لە ژووری میوانداریدا لەڕووی زەینەوە ئێمەش هیلاك دەکات.، نیگارکێشەکان بێزارت دەکەن، چونکە زۆربەیان کارێك دەکەن کە مرۆڤ پڕ بکات. زیاتر لەوەی نیگارکێش بن، فەیلەسوفن، بێ گومان شاعیران توێژێکی سەرووترنو هەر تاکێکیان بەش بەحاڵی خۆیان بێژەرێکی باشو خۆشنو سەبریان هەیەو گەشبینن، بەڵام بەڕای من، ژەنیارەکان بەگشتی لەتوێژەکانی تر زیاد هاوڕاترن. هیچ شتێك گەرمی بەخشو بەتینتر لەدیمەنی ئۆرکسترایەکی سەمفۆنی نییە.

رووناکی و جوانیی هۆڵەکانی مۆسیقا و کۆك کردنی ساز و بێدەنگی ناکاوی کاتی هاتنە ناوەوەی رێبەری ئۆرکسترا، پیشاندەری هەستی کۆمەڵایەتیو هاوکارییە.

چارلی چالین لەگەڵ مارلین ئەو کچەی
کە لە زۆر لە فلیمەکاندا ڕۆڵی لەگەڵ
بینیوە

چارلی چالین لەگەڵ دوو هاوڕێی کچی،
لە وڵاتی فەڕەنسا، ئەسنی سەردەریا
ساڵی ١٩٣٢ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا

چارلی چالین و دایکی هانا، لە وڵاتی یابان

چاوپێکەوتن لە لەندەن - سەربەخۆیی

پێشوازی گەرمی دانیشتوانی شاری لەندەن لە چارلی چاپلین لە دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا و جارێکی تر هاتنەوەی بۆ زێدی خۆی بەڵام بە ناوبانگێکی زۆرەوە

لەو کاتەوە بەریتانیام بەجێ هێشتبوو ١٠ ساڵ تێپەڕیبوو، بە کەشتی ئۆڵۆمپیك لەنیویۆرکەوە بەرەو بەریتانیا رۆیشتم، وا بیرم دەکردەوە بتوانم سەفەرێکی ئاسانو ئاسوودەم هەبێت، بەڵام لەبەرنامەی هاتنم بۆ لەندەن، ریکلامیان لەسەر تەختەی راگەیاندنەکانی کەشتی ئۆڵۆمپیك دامەزراندبوو.

لەنیوەی رێگەی ئۆقیانووسی ئەتڵەسدا وردە وردە هەرەسێك لەو تەلەگرافانە کە بریتی بوون لە دەعوەت و داواکارییەکان، لەکەشتیدا کۆبووەتەوە. لەریکلامی ئۆڵۆمپیکدا هاتبوو: «چاپلن وەکو سەرکەوتوویەك دەگەڕێتەوە.» هەواڵەکانی رۆژانە بەناو کەشتیدا سەعات بە سەعات تەلەگرافەکان دەگەیشتە دەستم.

چاپی زۆر باشی رۆژنامەکان لەشەقامەکانی لەندەن فرۆشرا. مانشێتە گەورەکان هەواڵیان دەدا: «گەڕانەوەی ئەکتەری کۆمیدی بۆ نیشتمانی رێکەوتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ»، هاتنی چاپلن بۆ لەندەن رووبەڕووی پێشوازییەکی زۆر باش بوویەوە»... «سەیری کوڕەکەمان بکە» - و دەیان هەواڵی تر.

لەکەناری دەریا شوێنی لەنگەرگرتنی شاری «ساوتێمتێن» دەبەزینو دوای پێشوازی لەلایەن شارەوانییەوە خێرا سواری شەمەندەفەر بووین. ئیتر خەریك بوو نزیکی لەندەن دەبووینەوە.

هەڵبەت ئەو شتەی هیوایەتر بوو، سەیرکردنی شوێنە ناسراوە دێرینەکان بوو. حەزم دەکرد تەنهاو بەئارامی لەو

ناوەدا بگەڕێمو شوێنەکانی لەندەن ببینم. ژووری ژمارە (٣)ی بەر هەیوانەکە ببینم، ئەو ژوورەی کە ماوەیەکی زۆر منو سیدنیو دایکم لەوێدا بەچیایەك پڕ لەخەمو خەفەت دەژیاینو...

لەکۆتاییدا گەیشتینە وێستگەی هێڵی ئاسنی «واترلۆ». کاتێك: کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، لە کۆتایی سەکۆکەدا خەڵکی زۆرم بینی بەگوڕو تینەوە کە لەبەردەمیاندا ریزێك لەپاسەوانەکان هەبوون، هەستان و هاواریان دەکرد «ئەوە هات!»، «چارلی خۆشەویستمان!» پاشان هاواری شادیو خۆشحاڵییان بەرز بوویەوە.

خێرا منیان سواری ئۆتۆمبێلی لیمۆزین کردو بردمیان بۆ ئوتێلی «رستین» شوێنی نیشتەجێبوونم. خەڵکێکی زۆر لەدەرەوەی ئوتێلەکە چاوەڕوانیان دەکردو منیش نەختێك قسەم بۆ کردن، بەڵام شەپۆلی خەڵك لەدەرەوەی ئوتێلەکەدا درێژی هەبوو و هەموویان بەدەنگی بەرز بەخێرهاتنیان دەکرد، ناچار بووم چەند جار بڕۆمە بەر هەیوانەکە و وەکو ئەندامی بنەماڵەی پاشایەتی لەدەربڕینی هەستەکانیان سوپاسگوزاری بکەم. ژوورەکەم پڕ بوو لە دۆست و هاوڕێ، بەڵام تەنها هیوایەتم ئەوە بوو لەدەستیان رزگارم بێتو بەدوای یادەوەرییەکانی ساڵانی رابردوومدا بڕۆم.

کاتژمێر (٤)ی دوای نیوەڕۆ بوو، بە پەلەپەل جلەکانم گۆڕیو لەدەرگای پشتی ئوتێلەکەوە خۆم دەرباز کرد و بەئەکسی بەرەو سەرەوەی شەقامی «کنیگتۆن» رۆیشتم. راوەستامو سەیری شوێنەکەم کرد. خانووی ژمارە (٣) پانێڵ تراسی! خۆی بوو، وەکو کاسەسەری دارِزاو و ئێسکی کۆن دەهاتە بەرچاو. سەیری دوو پەنجەرەی نهۆمی سەرەوەم کرد - ئەو ژوورەی کە دایکم تیایدا دادەنیشتو بەلاوازیو نیگەرانییەوە کە خواردنمان نەبوو بیخوات، وردە وردە تێکچوو و عەقڵی لەدەستدا. پەنجەرەکان توندو پتەو داخرابوون. هیچ رازو نهێنییەکی تێدا نەبوو و بێدەنگییەکی زیاتر لە هەر قسەیەك واتای هەبوو. رۆیشتم بۆ خانووی ژمارە (٢٨٧)ی شەقامی «کنیگتۆن» کە منو «سیدنی» لەگەڵ باوکمانو «لوییز» و منداڵەکەیدا دەژیاین. نیگام خستە سەر پەنجەرەکانی ژووری نهۆمی دووەم کە لەگەڵ بێ ئومێدیو لاوازییەکانی سەردەمی منداڵیم زۆر ئاشنا بوو. ئێستا چەندە بێ ئازار دیار بوون، هەروەها ئارامو سیمبول ئاسا.

لە لەندەن رووبەڕووی هەستو شادیو قاقا و قسە پڕ سۆزەکانی خەڵك دەبوومەوە و پێشوازییان لێ دەکردم و خەڵکی لەندەنیش بەرەوپیرم دەهاتن. دەتووت «چارلی» یەکێك لەوانەیە. لە لەندەن بیرەوەری جوانم لەخەڵك بینیو گەڕامەوە بۆ ئەمریکا. پێش گەڕانەوەم لەبەر هەیوانی ژوورەکەمەوە گوڵم بۆ خەڵك فڕێ دەدا و خەڵکیش بۆ بەدەست هێنانی ئەو یادگارییە هەوڵی دەدا و پۆلیسیش کۆنترۆڵی شوێنەکەی دەکرد.

یەکێك لەو شتانەی سەرنجی رادەکێشام، ئەوە بوو کە بەناوبانگترین پیاوی لەندەن بووم. لەلایەن گرنگترین کەسایەتییە ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانەوە پەسەند دەکرام.

بەهۆی سەرقاڵی کاری خۆمو پاراستنی ناوبانگم بووم، نامەی زۆرم بەدەست دەگەیشت. لە (٣) رۆژی یەکەمدا (٧٣) هەزار نامەو کارتم بەدەست گەیشت. زیاتر لە (٣٠) هەزار نامەی پیرۆزبایی تێدا بوو. لەو نامانەدا تێدەگەیشتم نزیکەی (٧٠٠) خزمم لە لەندەن دایە و لەبارەیانەوە هیچم نەدەزانی.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (چرچیل)دا

لەسەفەرەکەمدا بۆ بەریتانیا تا سێ هەفتە بێجگە لەمیوانیو دەعوەت نەمدەتوانی کارێکی تر بکەم. «وینستۆن چرچیل» دەعوەتی کردمو پێکەوە لەڤێلای قەراخی دەریادا «ماریۆن دەیویس» دانیشتین.

نزیکەی (٥٠٠) میوان لەناو هۆڵی سەما و ژووری میوانداریدا بوون کە ئەو لەگەڵ جەنابی «هرست» هاتە ناو دەرگاکەوە، لەحاڵێکدا دەستێکی خستبووە ناو گیرفانی هێلەکەکەی، ناپلیۆن ئاسا وەستاو سەیری سەماکەی دەکرد. رەفتاری چرچیل سەرەڕای میهرەبانبوونی، توندوتیژ دیار بوو. جەنابی «هرست» ئێمەی بەجێهێشتو ئێمەش وەستاین وتووێژی ئاساییمان دەکردو لەو کاتەشدا میوانەکانی بەلای ئێمەدا دەهاتنو دەچوون.

چارلی چاپلین و وینستۆن چرچیل سەرۆکی ئەوکاتی بەریتانیای گەورە

یەکێك دوو شەو دوای ئەوە منی دەعوەت کرد بۆ خوانی ئێوارە لەمیوانخانەکەی لە ئوتێلدا و دوو میوانی ترو «راندوڵف»ی کوڕیشی لەوێ بوون. «راندوڵف» تازە پێگەیشتوویەکی شانزدە ساڵەی بەژنو باڵا جوان بوو کە دڵی بۆ قسەو باسی رۆشنبیرانە لێدەداو حاڵەتی رەخنەگرانەی نەوجەوانی بەپەلەی هەبوو. دەمبینی «وینستۆن» زۆر شانازی پێوە دەکاتو باس لەکوڕەکەی دەکات. شەوێکی خۆش بوو و ئەو باوك و کوڕە لەبارەی هەر شتێکەوە گاڵتە و قسەیان دەکردو تانەو توانجیان لە خەڵك دەدا. چەند جاریش ئەوم لەخانووە ڤێلاکەی قەراخی «ماریۆن» بینی. کۆتایی هەفتە بۆ «چارتوڵ» بۆ گەیشتن بەوێ سەفەرێکی سەختو بێزارکەرانە بوو. لە «چارت وڵ»دا خانوویەکی کۆنی جوانی لێیە کە بەقەنەفەو زەوقی جوان رازاوەتەوە و لەو شوێنە خۆشەدا هەست بەگەرمی خێزانیو میهرەبانی دەکەیت.

پێموایە «وینستۆن» زیاتر لەهەموویان چێژی لە ژیان وەرگرتووە. لەژیاندا رۆڵی زۆری بەدلێری و حەزو ئارەزووەوە بینیوە و گرو تینێکی باشی هەبووە. لەم دنیایەدا چێژ نەبوو نەیچێشتبێت. بەهێز بوو و هەرگیز تووشی گیروگرفتی هەڵخەڵەتاندن نەبوو.

لەژیانیدا بۆ هەموو سەرقاڵییەکانی کاتی دۆزیبووەوە. بۆ خشت دانان، ئەسپ سواری، نیگارکێشیو... هتد.

لە ژووری نان خواردنەکەدا تابلۆیەکی بێ گیان سەرنجی راکێشام. «وینستۆن» تێگەیشت من حەزی زۆرم لە

تابلۆکەیەو وتی: «خۆم کێشاومە». ڕۆژی دوایی لەدەوروبەری «چارت وڵ»دا هەندێك دیواری پیشان دام کە خۆی دروستی کردبوو.

سەرنج ڕاکێشیی چرچیڵ لەوەدایە کە بیروڕای کەسانی تریش قبوڵ دەکات و ڕێزی لێدەگرێت. وا دیار بوو ئەو کەسانەی لەگەڵیدا ڕێکەوتو هاوڕا بوون، رقو دوژمنی لێ هەڵنەدەگرت.



چارلی چاپلین و وینستۆن چرچیڵ سەرۆکی ئەوکاتی بەریتانیای گەورە

ئەو شەوە هاوڕێکانی لەوێ ڕۆیشتنو ڕۆژی دوایی «وینستۆن»م لەنزیکەوە لەناو ئەندامانی خێزانەکەیدا بینی.

من شەیدای سادەییو زەوقو سەلیقەی ئەو بووم لە «چارت وڵ»دا. ژووری نووستنو کتێبخانەکەی لەشوێنێکدا بوو، کتێبخانەکەی پڕ بوو لەکتێب کە لە هەر لایەکەوە لەسووچی دیوارەکانەوە کۆ کرابوونەوە. چەندین بەرگی کتێب لەبارەی ناپلیۆنیش لەوێ بوو. دەیوت: «بەڵێ، من یەکێك لەوانەم ستایشی دەکەم».

چارلی چاپلین لە دوای گەڕانەوە بۆ لەندە سەردانی ئەو خوێندنگەیە دەکات کە خۆی بەمنداڵی تێدا قوتابی بووە

چاوپێکەوتن لەگەڵ مهاتما گاندی

چارلی چالین و ماهاتما گاندی لە لە بەریتانیا لە شاری لەندەن ساڵی ١٩٣١ چارلی چاپلین لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا

هەمیشە بۆ گاندی رێزێکی تایبەتم داناوە، بەهۆی تێگەیشتنی سیاسیو ئیرادەی پۆلایینی.

ئەو سەفەرێکی بۆ لەندەن کرد. ئەو لەهەوای ساردو شێداری بەریتانیا، کەوای تایبەت بەهیندستانی لەبەر کردبوو و بەشێوازێکی سەیر لەخۆی ئاڵاندبوو. لەخانوویەکی بچووکو هەژارانەدا لەیەکێك لەو شوێنانەی دەتووت بەتەنەکە ئاوا کراونەتەوە، لەشەقامی «ئیست ئیندیاك»دا چاوم پێکەوت.

خەڵك گەڕەكو کۆڵانەکانیان پڕ کردبوو و رۆژنامەوانانو وێنەگرەکانیان لەهەر دوو لای خانووەکانەوە کۆ ببوونەوە. هێشتا مهاتما نەگەیشتبوو. ئەو تەکسیەی مهاتمای تێدا بوو گەیشتە جێ و دەنگی هەراو شادومانی خەڵك بەرز بوویەوە.

لەتەکسیەکە دابەزیو چەند لۆلەکەوانەی بەدەور خۆی ئاڵاند. ئەو کۆڵانە قەرەباڵغەی قەرەچ ئاوا و هاتنی ئەو کەسایەتییە گەورەیە بۆ ناو ئەو خانووە فەقیرانە، سەری سوڕماندبووم و خەڵك بەشادیو خۆشی رەوانەیان کرد. پێکەوە چووینە ناو ژوورێکی هەژارانە و لەسەر کورسییەکە دانیشتین.

هەستم دەکرد تەواوی هیندستان چاوەڕێیە چەند وشە لە من ببیستن. بەجەنابی گاندیم وت: «سروشتییە کە

من لەداواکاری‌و شۆڕشی هیند بۆ ئازادی هەم دەنگ‌و هاودڵم. سەرەڕای ئەو شتانە سەرم سوڕ دەمێنێت تەکنەلۆژیا ڕەت دەکەیتەوە.» مهاتما سەری بزواند و زەردەخەنەیەکی کرد.

لەکاتێکدا بەئارامی قسەی دەکرد لەوەڵامدا وتی: «تێدەگەم، بەڵام پێش ئەوەی هیندستان ئەو ئامانجانە بەدەست بێنێت، سەرەتا دەبێ خۆی لەژێر دەستی بەریتانیا ڕزگار بکات. تەکنەلۆژیا دەمێکە ئێمەی بە بریتانیاوە گرێداوە و تەنها ڕێگەیە کە دەتوانین خۆمان لەو ژێردەستەییە ڕزگار بکەین، بەوەی شمەك و ئەو کاڵایانەی بەهۆی تەکنەلۆژیا لەبەریتانیاوە دێت، گەمارۆی بخەینە سەر.

لەبەر ئەوە، ئەو کارەمان بەئەرکی نەتەوەیی هەر تاکێکی هیندی داناوە تا خوریەکەی خۆی بڕێسێت‌و جلەکانی خۆی بدوورێت. هەروەها پێمی وت: «سەربەخۆیی گەورە ئەوەیە مرۆڤ ئەو شتانەی پێویستی پێی نییە لەخۆی دووری بکاتەوە، لەئەنجامدا توندوتیژی خۆی لەناو دەبات.

کاتێك ژوورەکە چۆڵ بوو، لێم پرسی حەز دەکەم بمێنمەوە لەلایان.

مهاتما چوارمشقی دانیشت‌و پێنج نەفەری تر وەکو بازنە لەگەڵیدا دانیشتن - دیمەنێکی سەیر بوو. شەش نەفەر لەو ژوورە بچووکەدا لەناو جەرگەی قەرەچ ئاوای لەندەندا چمباتمە دانیشتبووم. لەدڵی خۆمدا دەمووت ئەوە چی تێدایە و هەروەها سەیری ئەو پیاوە ڕاستگۆیەم دەکرد. زەینی تیژو هەستی قووڵ‌و تێگەیشتنی لەیاساو ڕاستییەکانی سیاسەت زۆر ئاشکرا بوون.

چارلی چاپلین و ماهاتما گاندی لە لە بەریتانیا لە شاری لەندەن ساڵی ١٩٣١ چارلی چاپلین لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا، ماهاتما گاندی لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدایە

چاوپێکەوتن لەگەڵ (پیکاسۆ) و (ژان پوڵ سارتەر) و (لۆیی ئارگۆن)

فەیلەسوف و نووسەری فەرەنس
ژان پۆل سارتەر

پێش ئەوەی پاریس بەجێ بهێڵم و بڕۆم بۆ ڕۆما، «لۆیی ئارگۆن» (شاعیرو ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەرەنسی) تەلەفۆنی کردو وتی: «ژان پوڵ سارتەر» (فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی) و «پیکاسۆ» (نیگارکێشی بەناوبانگی فەرەنسی) حەز دەکەن بتبینن. بۆیە هەرسێکیانم دەعوەت کرد بۆ خواردنی شەو.

ئەوان پێشنیاریان کرد بڕۆنە شوێنێکی بێدەنگ و ئارام، بۆیە هەموویان لەو شوێنەی منی لێ بووم، نانمان خوارد.

ئەو سێ نەفەرە لەکەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهانن.

بڕوام نەدەکرد شەوێکی ئەوەندە خۆشمان هەبێت. تەنها ئارگۆن دەیتوانی بەئینگلیزی قسە بکات، وتووێژ لەگەڵ وەرگێڕێکدا ڕێك وەك ئەوە وایە بەرەو ئامانجێك دوو فیشەك بهاوێژیت و چاوەڕێ بکەی تا ئامانجی نیشانەگریت بزانی بووە بەچی.

«ئارگۆن» کەشخەیە بەدەمرو چاوێکی زۆر باش و گونجاو. «پیکاسۆ» نیگاکانی بەتوانجەوەیە و رووخۆشە. «سارتەر» دەمرو چاوێکی خڕو هەستیارو ناخێکی ناسکی هەیە.

ئەو شەوە دوای ئەوەی میوانییەکە کۆتایی پێهات، پیکاسۆ ئێمەی برد بۆ کارگەی قەراخی دەریای چەپ کە بەشێکە لەپاریس لەسەر کەناری چەپی رووباری «سن» کە هێشتا کەڵکی لێوەردەگرێت.

کاتێك کە لەپلیکانەکان ڕۆیشتینە سەرەوە، نووسینێك لەبەر دەرگای شوقەکەی نهۆمی خوارەوەمان بینی: «ئێرە کارگەی پیکاسۆ نییە - تکایە بڕۆنە نهۆمی سەرووترەوە».

ئێمە ڕۆیشتینە ناو ناخۆشترین ژوورە کە زۆر کپ و داخراو بوو، تەنانەت «چترین» شاعیری بەناوبانگی بەریتانی رقی لەوە بوو تیایدا بمرێت.

بە بزمارێکەوە گلۆپێکی هەڵواسیبوو کە هیچ سەلیقەیەك تیایدا دیار نەبوو کە بەزەحمەت توانیمان تەختە ئاسنێکی کۆن و سۆپایەك کە بورغۆکانی دەرچووبوو ببینین.



پیکاسۆ نیگارکێشی بەناوبانگی فەرەنسی

لەلای دیوارەکەوە هەندێك پەردەی نیگارکێشی کۆنو داڕزاو کە تۆز گرتبووی لەسەر یەك کۆبووبوونەوە. ئەو تابلۆیەکی هەڵگرت، سزان «نیگارکێشی فەرەنسی» بوو، زۆر جوان بوو. یەکێکی تری هەڵگرتو پاشان تابلۆیەکی تر.

زیاد لە پەنجا تابلۆی نیگارکێشیمان سەیر کرد. لەم بوارەوە وەکو کانزای ئاڵتون دەهاتە بەرچاو.

لەخانووەکەی (شکسپیر)دا

لەسەر رێگام دەڕۆیشتم بۆ «مەنچستێر» لە «ئیسترێت فێرد - ئان ئیۆن» (شارێك لەباشووری بەریتانیا - شوێنی لەدایکبوون و ناشتنی شکسپیر) لامداو وەستام - ئەو شوێنەی کە تا ئێستا نەمدیبوو.
ئەوی شەممە درەنگانێك گەیشتمە ئەویو پاش خواردنی خۆراکێکی سووك، نەختێك گەڕام. بەو هیوایەی کە خانووەکەی شکسپیر بدۆزمەوە. شەوێکی ناخۆش بوو، بەڵام من بەحوکمی هەستی شەشەمم لەشەقامێکەوە سوڕامەوە و لەبەردەم خانوویەکدا وەستام، شقارتەم داگیرساندو تابلۆیەکم بینی: خانووەکەی شکسپیر دەتووت لەگەڵ ناخمدا بووە و رێگەی پیشانداوم - رەنگە رۆحی «رامشگەر» بوو. «رامشگەر» شاعیرێکی حەماسی دێرین بوو کە بە شکسپیر لەشوێنی دانیشتنەکەیدا ناوی «رامشگەر ئۆن»یان لێنابوو
سەر لەبەیانی شارەوانی ئێسترێت ئۆن سەردانی ئوتێلی کردو منی برد بۆ ماڵی شکسپیر. من لەوێدا نەمدەتوانی پەیوەندی نێوان «رتمشگەر» و ئەو خانووە بدۆزمەوە، چونکە تێگەیشتنی دژوار بوو وەها زەینێك لەوێ ژیابێتو هەر لەوێش دەستی بەکار کردبێت، بڕوا کردنی بەو بیروبۆچوونە دژوار بوو.
ئەو بیرکردنەوەیە ئاسانە کە کەسێك لەلادێ لەدایك بووبێو بڕوات بۆ لەندەنو ئەکتەرو خاوەن شانۆیەکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەگەر ببێتە شاعیرو سیناریۆنووسێکی گەورەو ئاگای لەدەرەوەو پاشاکان هەبووبێت، بەڕای من قبوڵ ناکرێت.

خانووەکەی شاعیر و چیرۆك نوس و شانۆ نوسی نوسیی بەتوانی ئینگلیزی ویلیام شکسپیر

بەزەحمەت بڕوا دەکەم کە ئاسەواری گەورە و درەوشاوەی شکسپیر، کاری منداڵی ئێسرێت فێرد بێت.
پاش ئەوەی خانووەکەم لەنزیکەوە بینیو زانیاریم لەبارەی سەردەمی منداڵییەوە بیست کە سامانی نەبووە و لەخوێندنگەدا باش نەبووە و هەڵسوکەوتی مەغۆلانەی هەبووە، هێشتاش ناتوانم بڕوا بکەم کە بەو ئاستە خۆی دەرباز کردبێتو قۆناغەکانی گۆڕانکاری زەینیو بیری رابردووی دەرباز کردبێتو لە سەرووی هەموو شاعیرەکانی بەناوبانگەوە بووبێت، لە «ئێسترێت فێرد»ەوە بۆ ئوتومبیا بەرەو مەنچستێر رۆیشتمو...

لەنووسینەکانی «سامراست موئام»

چارلی چاپلن. شادییەکانی سادە و جوان و بەتینە. لەمڕووەوە لەهەموو کاتەکاندا وا هەست دەکەن کە لەپشت هەموو ئەوانەوە، خەمۆکییەکی قووڵ شاردراوەتەوە.
«ئرف، دوێنێ شەو دۆخێکی وەها خەمۆکم هەبوو کە بەهیچ شێوازێك نەمدەزانی لەگەڵ خۆمدا چی بکەم»، بەو قسەیە دەیەوێ ئەوە بەگوێیاندا بدات کە گاڵتەجاڕییەکەی پەردەیەکی خەم و خەفەتی لەسەرە.
لەوتووێژدا، کاریگەری پیاوێکی شادو خۆشحاڵی لەسەر دڵت دادەنا. پێموایە لەخەمی گەورەی کۆڵانە پیسو پۆخڵەکانو دوور لەشار ئێشو ئازار دەچێژێت.
لەناوبانگ چێژی وەردەگرتو سامانەکەی لەچوارچێوەیەکدا لەژیان دیلی کردبوو و تەنها شتێك تیایدا دەمێنێتەوە پابەندبوونەو گیروگرفت. پێموایە ئەو سەیری ئازادی سەردەمی گەنجێتی پڕ لەدەردی خۆی دەکا کە پڕ بوو لەهەژاری و بێبەری بوون. هەرچەند بەزەوقێکی تەواویشەوە دەزانێت کە هەرگیز ناتوانێ دایمرکێنێت. لەو روانگەیەوە گەڕەكو کۆڵانەکانی باشووری لەندەن دیمەنێکی وروژێنەر و شادومانی رووداوی سەیرو سەمەرەی تێدایە.
لەبەرخۆمەوە وابیر دەکەمەوە، دەڕوات بۆ ماڵەوەو سەری سوڕ دەمێنێت کە لەم شوێنە غەریبەدا چی دەکات. پێموایە بەم روانگەیەوە کە دەتوانێت سەیری خانوویەك بکات، خانوویەکی دوو نهۆمییە لەشەقامی «کنیگتۆن». شەوێکیان لە لۆس ئەنجلێسدا پیاسەم دەکردو لەپڕێکدا لەکۆڵانێکی زۆر هەژاری ئەو شارە تێپەڕ بووین، خانووە خشتییەکانی ئەوێ ناشیرینەو لە دوکانە مۆدێل کۆنو دیمەنە خراپەکانیدا کاڵای جۆراوجۆر دەفرۆشراو هەژارەکانو دەست کورتەکان لەم دوکانانە پێویستییەکانی خۆیانیان دەکڕی. لەم کاتەدا رەنگی رووخساری لەخۆشحاڵیدا کرایەوە و دەنگی لەحنێکی خۆشحاڵی بەخۆوە گرت، بە لەحنێکی سەرسوڕمانەوە وتی: «ڕاستییەکەی ژیانی راستەقینە هەر ئەمەیە.»

ئەندامی فەخری لیژنەی نووسەرانو سیناریۆنووسانی فەرەنسا

جەنابی چاپلنی خۆشەویست!

تۆ لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی جیهانیو شایستەی ناوبانگەکەت لەگەڵ شایستەیی ئەو کەسانەی لەجەرگەی بەناوبانگترین کەسەکاندان هاوسەنگو یەکسانە.
لەسەرەتای قسەکەمدا ئاماژە بەهەڵکەوتوویتان دەدەم. وشەی هەڵکەوتوویی بۆ پیاوێکە نەك هەر ئەکتەرێکی درەوشاوەی کۆمیدییە، بەڵکو نووسەر و مۆسیقازانو دەرهێنەرە و زیاتر لەو تایبەتمەندییانەش لێوانلێوە لەمیهرەبانیو ئیرادەی پۆڵایین، سەرەڕای ئەوەش سادەییت بووەتە هۆی بایەخو گەورەییت و بەبێ هیچ

هەڵسەنگاندنو هەوڵدانێك، راكێشانی بەگڕو تینی دروست كرد بۆ دڵی مرۆڤەكانی ئەمڕۆ، ئەو دڵانەی وەكو دڵی ئێوە ئێشو ئازاریان چەشتووە.

كاتێك كە فیلمی «لایم لایت»مان بینی، پێكەنین، هەندێك جار لەقووڵایی دڵەوە پێدەكەنین، بەفرمێسكی راستەقینە لەگەڵ فرمێسكەكانی تۆدا، چونكە تۆ واتای فرمێسكت پیشانمان دا.

لەڕاستیدا ناوبانگی راستەقینە قەت بەدەست نایەتو تەنها كاتێك بێتە كارێكی باش، واتا و بایەخ دەدۆزێتەوە و بەردەوام دەبێت.

سەركەوتنتان لەو راستییەدا شاردراوەتەوە كە بیروڕای بەهێزو جوانی سروشتی مرۆڤایەتیت نیایە كە بەڕێسا یا سیحر دانامركێت، بەڵكو لە رەنج و ئازار و شادی و هیوا و دڵشكاندنەكانەوە هەڵدەقوڵێت. ئەو هەموو شتە كەسانێك لێی تێدەگەن كە لەوپەڕی رەنجدا دەژین و بەدوای سۆزدان و ئەو كەسانەی بەردەوام هیوادارن دامركێنو ئامێرێك بدۆزێتەوە تا چركەیەك لەبیری بكەن بەیارمەتی ئەو پێكەنینە وا دەریبخەن دەرمانی دەردەكەینە، بەڵكو تەنها ئارامبەخشە...

چونكە وەبیرهێنانەوەتان باشە، وەفتان بۆ یادەوەرییەكانی منداڵیتان هەیە. هیچ شتێكتان لەخەمو دڵتەنگیو رەنجو بێبەری بوونی ئەو سەردەمە لەبیر نەكردووەو ویستووتانە ئەو دەردەی چێشتووتانە لەسەر خەڵكەوە كەمی بكەنەوە. یان لانیكەم ویستووتانە هۆكارێك بۆ ئومێدەوار بوون بدەنە هەموو كەسێك.

تۆ قەت پشتت نەكردۆتە دەردو خەمەكانی گەنجێتیتان و ناوبانگیش هەرگیز نەیتوانیوە رابردووتان لێ بستێنێت، چونكە ئەو شتانە زۆر جار روو دەدات. هەر ئەم وەفادار مانەوە بۆ یادەوەری ساڵانی سەرەتای ژیانتان رەنگە گەورەترین شایستەییو بایەخی ژیانتان بێتو هەروەها هۆكاری راستەقینەی ئەو كارە ئەوەیە كە بۆچی خەڵك رێزتان لێدەگرێت. ئەوان وەڵامی جوانیو هەڵكەوتوویی یارییەكانت دەدەنەوە...

ئەمڕۆكە لیژنەی نووسەران شانازی پێشوازییان بۆ تۆ لە ئەستۆ گرتووە و بەوە شادومانن، بۆیە ئێمە گرنگە بەقورسایی بەڵێنەكانت دەدەین كە بەئازایەتییەوە لەئەستۆت گرتووە. زۆر حەز دەكەین بێتە ریزی ئێمەو پێت بڵێین چەند رێزداری بەلامانەوە، خۆشەویستیت لەدڵماندایە و پێت بڵێین بەڕاستی یەكێكی لەئێمە، چونكە لەفیلمەكانتدا جەنابی چاپلن چیرۆكەكە دەنووسێتو مۆسیقاكانیش هی خۆیەتیو هەروەها دەرهێنەری ئەو ئەكتەرەی كۆمیدییەش رۆڵێكی باشو پلەی یەكەمی هەیە.

لێرەدا نووسەرانی فەرەنسا و سیناریۆ نووسانو فیلمنامەنووسانو مۆسیقارو دەرهێنەرەكان هەموو لەگەڵتان. هەموویان وەكو تۆ لە رێگەی تایبەتی خۆیانەوە بەشانازیو فیداكارییەوە كە خۆت باشتر لێی تێدەگەیت ئاگادارن. تەنها هیوایەتیان ئەومیە خەڵك بوروژێننو وزەیان بدەنێ و شادی و خەمی ژیانیان پیشان بدەنو ترسی عەشقی ونبوو و دڵسوتان بۆ دەردەكانو ئاشتیو ئومێدو یەكسانی بنەخشێنن.

رێزتان هەیە جەنابی چاپلن/ رۆژە فردینال - بەڕێوەبەر

بۆچی «Pourguoi»؟

جارێکیان لەسەر بەردی قەبرێك لەباشووری فەرەنسادا وێنەیەکم لە کچێکی (١٤) ساڵە بینی، لەژێر وێنەکەوە تەنها یەك وشە هەڵکەندرابوو: بۆچی؟ «Pourguoi»

بە دۆخێکی وەهادا خەمو مات بوون تێکەڵ بوو و لەبیری وەڵامێکدا بووم بۆ پرسیارەکە، کارێکی بێ سوودو بێ هودە بوو. تەنها ناخم ئازاری دەچێشت و ئەنجامێکی نەدەبوو، سەرەڕای ئەوەش بەو واتایە نییە وەڵامێکی بۆ نەدۆزرێتەوە.

من بڕوا ناکەم بوونمان بێ واتا یان رووداوێك بێ بەو شێوازەی هەندێك کەس پێمان دەڵێن.

من هەرچەندە تەمەنم دەڕواتە سەرەوە، بیروباوەڕ زیاتر زەینم سەرقاڵ دەکات، پێش ئەوەی بیری لێ بکەینەوە، لەگەڵ باوەڕدا دەژیـن و بەرلەوەی تێبگەین، بەپاڵپشتی ئەو باوەڕە بەئامانج دەگەین.

لەسەر ئەو باوەڕەم کە بیروباوەڕ رزگاریکەری هەموو ئەندێشەکانمانە. بەبێ باوەڕ، هیچ کات تیۆری و زانست و بیرکاری نەیاندەتوانی دەربکەون. لەسەر ئەو باوەڕەم کە بیروباوەڕ راستییەکە لەزەین، کلیلێکە هەموو شتێك ئاسان دەکاتەوە و دەرگاکانمان بۆ دەکاتەوە.

حاشاکردنی بیروباوەڕ قبوڵ نەکردنی خۆت و ئەو ناخەیە کە هەموو هێزە خوڵقارییەکانمان پێکدێنێت.

بڕوام وایە ئەو شتانەی لەوپەڕی تێگەیشتنماندایە راستییەکی سادەیە لەڕەوتێکی تـردا، لەسەر رەوتێکی نەناسراو هێزێکی نادیار هەیە بۆ چاکەو خراپە.

چارلی چاپلین لە فەڕەنسا ساڵی ١٩٣١ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا

Charlie Chaplin à Biarritz par les Frères Séeberger, ١٩٣١

«هیتلەر» لەڕوانگەی منەوە

چارلی چاپلین لە بینینەوەی ڕۆڵی کەسایەتی هیتلەر لە فلیمی دیکتاتۆری گەورەدا

لەئەڵمانیا ڕێبەر وەها گومانی کردبوو کە چاپلن زۆر لەو دەچێت. بیرێکیش هات بەمێشکمدا کە هاوشێوەی «هیتلەر»م، بەڵام هاوشێوەبوون لێرە کۆتایی پێنایەت.

منو ڕێبەر لە یەك ساڵدا لەدایك بووین، لە یەك مانگو لە یەك هەفتەدا، (٤) ڕۆژ تەمەنمان فەرقی هەبوو. هەردووکمان لەمنداڵییەوە زۆر فەقیر بووین. (پێمان دەوترا منداڵی سەرشەقام. لەمڕووەوە چارەنووسمان زۆر لەیەك نزیك بووە، بەڵام هەرکامەمان ڕێگەیەکی جیاوازمان هەڵبژاردووە یەکێك ملیۆنەها کەسی چارەڕەش کرد و ئەوی‌تریان هەموو خەڵکی جیهانی خستە پێکەنین). ئەو کابرایەکی شێتەو من کەسێکی کۆمیدییەنم - ڕەنگە شوێنی ئێمەش جێگۆڕکێی بکردایە. زۆر باش بوو وەکو ئەو نەبووم.

ڕۆژێکیان ڕەفیقێکم بەناوی «واندرو بلیت» چەند وێنەی کارت پۆستاڵی بۆ ناردم کە هیتلەر لەکاتی قسەکردندا پیشان دەدا. دەمو چاوی ناشیرینو پێکەنیناوی بوو - وەکو وێنەی کۆمیدییەنەکەم کە ڕۆڵی ئەوم گێڕا - سمێڵی نەگونجاو و بێ واتای، قژی دەتووت دەستکردەو دەمی باریكو بچوكو نەگونجاوی.

بەهیچ جۆرێك نەمدەتوانی هیتلەر بەجدی بزانم. هەر کام لەکارت پۆستاڵەکان ئەوی بەفیزو پۆزو تڕو فاقێکەوە پیشان دەدا؛ یەکێکیان دەستی بەرەو لای خەڵك ڕاکێشابوو و قسەی بۆیان دەکرد (لەم وێنەیەدا دەتووت کوچ*

بووە) یەکێکی تر لەو وێنانەدا، دەتووت خەریکە دمبڵس بەرز دەکاتەوە. لەو کەسەی لەپاڵیدا بوو دەستی درێژ کردبوو و سڵاوی دەداو منیش حەزم دەکرد سینییەك پڕ لەقاپو قاچاخی پیس بنێمە ناو دەستی. لای خۆم وا بیرم دەکردەوە چەندە مێشکی پووچەڵە..!»

بەڵام کارێك کە «ئەنشتاین» «فیخەساراسی بەناوبانگی ئەڵمانی»و «تۆماس مان» «چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئەڵمانی» ناچار بوون ئەڵمانیا بەجێ بهێڵن، رووخساری هیتلەر ئیتر پێکەنیناویو گاڵتەجاڕ نەبوو، بەڵکو مۆنو بێزارکەرو ناشیرین بوو.

دیکتاتۆری گەورەو وتاری کۆتایی فیلمەکە

«کۆردا»ی دەرهێنەر یەکێك لەهاوڕێکانم بوو، ساڵی ١٩٣٧ پێشنیاری کرد، چونکە سمێڵی هیتلەر لەسمێڵی من دەچێت فیلمێك لەسەر هیتلەر دروست بکەم، بەڵام تاقەتی ئەو کارەم نەبوو. رۆژێکیان لەپڕ گرو تینێك دروست بوو و بەپەلە نووسینی فیلمی دیکتاتۆری گەورەم دەست پێکرد.

چارلی چاپلین لە بینینەوەی رۆڵی کەسایەتی هیتلەر لە فلیمی دیکتاتۆری گەورەدا

دەست پێکردنی فیلمی دیکتاتۆری گەورە، کارێکی دژوار بوو و سێ ساڵی خایاند تا دروستمان کرد. لەناو هەموو ئەو فیلمانەدا کە دروستم کرد، زیاترین خەرجی هەڵگرت (٢٠٠٠،٠٠٠$) دوو ملیۆن دۆلار، هەڵبەت لەچاو هەموو فیلمەکان زیاترین داهاتی هەبوو.

لەکۆتایی فیلمی دیکتاتۆری گەورەدا، لەکۆڕێکدا کە خانمی رۆزفێلت (هاوسەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا) تیایدا بەشدار بوو، وتارێکم لەقوڵایی دڵی راستگۆو بەسۆزم لەبارەی دیکتاتۆری گەورەوە پێشکەش کرد، لەو کاتەدا پەیامی ئازادیم دەخوێندەوە، دەنگم لەقوڕگمدا وشك بوو و داوای ئاوم کردو دەنگی چەپڵەو هاندان دەنگی دایەوە، وتم: وەرن با یەك بگرین، بەداخەوە - بەڵام من نامەوێ ببمە ئیمپراتۆر. ئەو کارەم لێناخێزێت. حەز ناکەم فەرمان بدەم بەسەر کەسێکدا یان کەسێك سووكو سەلیم بکەم. حەز دەکەم تا رادەیەك بۆم دەکرێت یارمەتی هەموو کەسێك بدەم،

بەحووله و جیا له جووله‌کەش - لەڕەشەکان و سپییەکان.

دەمانەوێت بەکامەرانی لەگەڵ یەکتر بژین - نەك بە بەدبەختی یەکتر. نامانەوێت رق و دوژمنایەتیمان هەبێت. لەم جیهانە پان و بەرینەدا شوێن بۆ هەموو کەسێك هەیەو ئەو زەوییە بەسوودو وەبەرهێنەرەو هیچ کەس بێ بێبەری ناکات. رێگای ژیان دەتوانێ ئازادو جوان بێت، بەڵام ئێمە رێگەمان لێ ون بووە. بەخیلی و سەخافەت ناخی مرۆڤی ژەهراوی کردووە. جیهانی پڕ لەبێزاری و نەفرەت کردووە و بەهەنگاوی خاو و هێواش بەرەو وێرانی و کوشتنمان دەبات. ئێمە زۆر بیر دەکەینەوەو زۆر هەستمان کەمە. ئیتر زیاتر لەوەی پێویستمان بە تەکنەلۆژیا هەبێت پێویستمان بە مرۆڤایەتییە و زیاتر لەبیرمەندی پێویستمان بۆ سۆزو زەردەخەنەیە. بەبێ ئەو تایبەتمەندییانە ژیان توندوتیژی لێ هەڵدەقوڵێت و هەموو لەناو دەچن. من بەوانەی دەتوانن دەنگم ببیستن دەڵێم: «بێ ئومێد مەبن»، ئەو چارەڕەشییەی بەسەرماندا هاتووە شتێك نییە بێجگە لە بەخیلی و رق. سەرنەکەوتوویی ئەو کەسانەیە لەپێشکەوتنی مرۆڤ دەترسن. رقی مرۆڤەکان لەناو دەچێت و دیکتاتۆرەکان دەمرن و ئەو هێزەی لەخەڵك گرتوویانە دیسانەوە دەدرێتەوە بە خەڵك.

چارلی چاپلین لە بینینەوەی ڕۆڵی کەسایەتی هیتلەر لە فلیمی دیکتاتۆری گەورەدا

سەربازەکان! تەسلیم مەبن لەبەرامبەر ئەم (دێوئاسا)یانەدا. ئێوە مرۆڤن! سنگتان دڵێکی تیایە پڕە لەعەشقی مرۆڤایەتی! رق هەڵمەگیرسێنن! تەنها بەد ئەخلاقەکان رق هەڵدەگیرسێنن. ئەوانەی بێ سۆزو بێ هەستن!

سەربازەکان! بۆ کۆیلەیەتی و دیلیەتی شەڕ مەکەن! بۆ ئازادی شەڕ بکەن. ئێوە مرۆڤن و هێزتان تێدایەو دەتوانن تەکنەلۆژیا بخولقێنن. خەڵکینە ئەو هێزەتان تیایە ئەم ژیانە بەئازادی و جوانی بخولقێنن و چارەنووسێکی سەرسورهێنەری لێ دروست بکەن، بەناوی دیموکراسییەوە وەرن لەو هێزە سوود وەرگرین و یەك بگرین، وەرن بۆ دنیایەکی نوێ هەوڵ بدەین و جیهانێکی شایستە کە دەرفەتی کارکردن دەداتە مرۆڤەکان. داهاتوو بۆ گەنجان دێنێ و ئاسایش بۆ پیرەکان. وەرن بۆ جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستی تێبکۆشین، جیهانێك کە تیایدا زانست و سەرکەوتن یارمەتیدەرە بۆ بەختەوەریتان، سەربازەکان، بەناوی دیموکراسییەوە وەرن یەك بگرین!

هەتاو هەڵدێت! ئێمە لەتاریکییەوە بەرەو رووناکی دێین! هەنگاو بۆناو جیهانێکی نوێ دەنێین. جیهانێکی بەسۆزتر کە تیایدا مرۆڤەکان دوور لە بەخیلی و کوشتن و رق بژین، سەیرکە! باڵ و پەڕیان داوەتە بیری مرۆڤ و رۆژێك دێت کە بفڕێت و بەرەو لای پەلکەزێڕینە دەفڕێت - بەرەو لای رووناکی ئومێد. سەیرکە!

هاوسەرێتی لەگەڵ «ئۆنا»

ڕۆژێکیان خانمی «مینا دڵس» لەکارمەندەکانی فیلمی هۆلیوود تەلەفۆنی کردو ژنێکی پێ ناساندم بۆ تاقیکردنەوەی وێنە بەمەبەستی شانۆ. ئەوە ناوی «ئۆنا ئۆجیل»ە تەمەن ۱۸ ساڵ، کچی «یۆجین ئۆنیڵ» سیناریۆنووسی ناودار بوو. خانمی «مینا وڵس» منی دەعوەت کرد بۆ خواردنی شەو تا تاقیکردنەوەی وێنەکە لەماڵیان ئەنجام بدەم.



چارلی چاپلین و ئۆنا ئۆنێل هاوسەری چوارەمی چارلی چاپلین وێنەکە ساڵی ١٩٦٦ گیراوە کە چارلی لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدایەو ئۆنا لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا

من زووتر لەکاتی دیاریکراو گەیشتمە ئەوێو هاوکات لەگەڵ ڕۆیشتنم بۆ ناو ژووری میوان، خانمێکی گەنجم لەلای ئاگردانەکەوە بینی.

لەپڕێکدا ڕووبەڕووی دنیایەکی درەوشاوەو سۆزی بێ هاوتاو نەرمییەکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوومەوە. لەحاڵێکدا چاوەڕێی خانمی «مینا وڵس» بووم، خۆمم ناساندو وتم پێموایە تۆ خانمی «ئۆنا» بیت - زەردەخەنەیەکی کرد. جوانییەکی بێ هاوتام تیایدا بینی. بەوپەڕی ئەدەبەوە کە زۆر دڵڕفێنو سەرنج ڕاکێش بوو.

لەکاتێکدا چاوەڕێی خانەخوێ بووم، دانیشتینو قسەمان کرد. کاتێك تایبەتمەندییەکانی ئۆنام ناسی، سەرم سوڕما لەزەوقو سەبرو گاڵتەجاڕییەکانی. دەیتوانی بەئاسانی گوێ لەبیروبۆچوونی کەسانی تر بگرێو لێیان ورد بێتەوە. هەر ئەمانەو هەندێك تایبەتمەندی تر بووە هۆی ئەوەی دڵم بدەمە دەستی عەشقیەوە.

پاشان منو «ئۆنا» لەبارەی هاوسەرییەوە قسەمان کرد. باوکی ئۆنا دژی ئەو هاوسەرێتییە بوو، بەڵام ئۆنا لەبڕیاری خۆیدا بۆ هاوسەری شێلکار بوو و وا دیار بوو بەچاوی ڕاستییەکی تەواو سەیری دەکرد.

بڕیارمدا سەرو بنی کارەکە بێنمە یەك. «هەری کراکر»ی هاوڕێم زەمینەی کارەکانی بۆ ڕەخساندم، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو هاوسەرییەکەمان ببێتە بنێشتە خۆشەی دەمی ڕۆژنامەکان، لەمڕووەوە بڕیارمدا لەگوندی «کارپن تریا» گوندێکی زۆر بچوك لە ۲۰ کیلۆمەتری «سانتا باربرا» زەماوەند بکەین، بەڵام پێش ئەوەی بتوانین گرێبەستی هاوسەرێتیمان وەربگرین، ناچار بووین ناومان لەهۆڵی شاری «سانتا باربرا» تۆمار بکەین.

کاتژمێر (۸)ی سەر لەبەیانی بوو ژیانێکی ئاراممان هەبوو. بۆ سەیرانێکی هێمن دەڕۆیشتین بۆ گوندی کارپن تریاو ئاگامان لەوە بوو نەمانبینن‌و نەماننناسن. سەرەڕای دڵی خەمۆکمان جارناجار ئەو دوو مانگە لە سانتا باربرا ژیانێکی دڵڕفێنو خۆش بوو. ماوەیەك دوای هاوسەریمان ئۆنا وتی حەز ناکات نە لەسەر پەردەی سینەما، نە لەسەر تەختی شانۆ یاری بکات. ئەو هەواڵەم پێ خۆش بوو، چونکە هاوسەرێکم دۆزیبووەوە نەك کچێکی

خاوەن پیشەو تەکنیك.

هاوسەرێتی لەگەڵ ئۆنا کۆتایی خەمەکانم بوو. هەر سێ جارەی رابردوو، عەشقم بۆ کچە گەنجەکان منی بەرەو لای هاوسەرێتی شێت ئاسا برد.

«میلارد هاریس» بەدەمو چاوی بووکەڵەییەوە، «لیتاگری» بەچاوە کاڵە پڕ هەستەکانییەوە، «پۆڵت گداری» کچێك بەئینکارییەکانییەوە کە هەڵسوکەوتی منداڵی تیایدا دیار بوو، هیچ کامەیان بەکەڵکی هاوسەرێتیم نەدەهاتن.

بەڵام ئێستا لەگەڵ ئۆنادامو قووڵاییو جوانی کەسایەتیەکەی بەردەوام سەرنجم رادەکێشێت.

تەنانەت کاتێك لە شۆستەی شەقامەکاندا چەند هەنگاوێك لەپێش منەوە هەنگاو هەڵدێنێت. بەکەسایەتییەکی سادەو بێ فیزو باڵای وردیو قنجی لەپرێکدا شەپۆلی عەشقو خۆشەویستی دەکاتە ناخمەوە.

هەندێك جار بە بەختەوەرییەکی وەها لە خۆرئاوابووندا لەبەر هەیوانەکەماندا دادەنیشمو سەیری چیمەنو سەوزەو سروشت دەکەم تا ئەوپەڕی ئاسۆی دەریا دوورەکانو ئەوپەڕی دەریاچەکان تا دەگاتە چیا بەرزەکان، لەو کاتەدا تەنها چێژ لەوانو ئەو ژیانە وەردەگرمو بیر لەشتێکی تر ناکەمەوە.

ئۆنا ئۆنیل لەوسەردەمەیدا کە هاوسەرگیری لەگەڵ چارلی چاپلین کرد

لەگەڵ هاوسەرەکەمدا «ئۆنا» لەئاڵتون فرۆشیدا



چارلی چاپلین و ئۆنا ئۆنێل هاوسەری چوارەمی لە دوو وێنەی جیاوازدا

بیرم دێ منو «ئۆنا» چووینە ئاڵتون فرۆشییەکەوە تا بۆکسی ئارایشتەکەی بدەین چاکی بکەنەوە.
لەو کاتەدا کە چاوەڕوانیم دەکرد، دەستمان کرد بەسەیرکردنی چەند خرخاڵێك.
خرخاڵێکی زۆر جوان وەکو ئەڵماسو یاقوت سەرنجی راکێشاین، بەڵام «ئۆنا» پێی وابوو نرخەکەی زۆر گرانە.
پاشان بەفرۆشیارەکەمان وت باشە ئەگەر بەدڵمان بوو دێینەوە دەیکڕینو رۆیشتینە دەرەوە لەدوکانەکە.
کاتێك بەئۆتۆمبێلەکە گەڕاینەوە، بەسەرسوڕمانەوە وتم «خێراکە، بڕۆ!» پاشان دەستم کرد بەگیرفانما و بەهێواشی ئەو خرخاڵەی سەرنجی راکێشابوو هێنامە دەرەوەو وتم: «ئەوە کاتێك دزیم کە فرۆشیارەکە سەرقاڵی خرخاڵەکانی تر بوو».
«ئۆنا» رەنگی پەڕی. وتی: وەی! نەدەبوو ئەو کارەت بکردایە؟
سەیارەکەی راگرت و دوایی رۆیشتە ناو شەقامێکی لاوەکییەوە و لەسوچێکدا ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند. وتی: منا بیر بکەینەوە بزانین دەبێ چی بکەین»! پاشان وتی: «تۆ نەدەبوو ئەو کارەت بکردایە!» وتم: «باشە، ئێستا خۆ ناتوانم بیگەڕێنمەوە».
بەڵام نەمدەتوانی مەسەلەکە بشارمەوە، دەستم کرد بەپێکەنینو رووداوە پێکەنیناوییەکەم بۆ گێڕایەوە. «کاتێك کە تۆ سەیری ئاڵتونەکانی ترت دەکرد، من لەگەڵ ئاڵتون فرۆشەکەدا قسەم کرد و کڕیم». بەپێکەنینەوە وتم: «تۆ وادەزانی من دزیومە - ئێستا حەز دەکەی ببیتە شەریکی تاوانەکەم!»
وەڵامی دایەوە: «باشە، حەزم نەدەکرد بکەویتە ناو گێژاوێکی ترەوە.»

جیرالدین لە
کۆتاییەکانی
تەمەنیدا
ساڵی ٢٠١٢

جیرالدین کچە یەکەم منداڵی چارلی چاپلین لە ئۆونای ژنی چوارەمی، جیڕلدین ساڵی ١٩٤٤ لە دایـک بـووە، وێنەکە لە تەمەنی هەرزەکاریدایە

جیرالدین کچە یەکەم منداڵی چارلی چاپلین لە ئۆونای ژنی چوارەمی، جیڕلدین ساڵی ١٩٤٤ لە دایـک بـووە، وێنەکە لە تەمەنی هەرزەکاریدایە

منداڵی دووەمی چارلی چاپلین لە ئۆنا کوڕە بە ناوی میخائیل، ساڵی ١٩٤٦ لە دایك بووە
هەردوو وێنەکە میخائیلە لە دوو تەمەنی جیاوازدا

سێهەم منداڵی چارلی چاپلین لە ئۆنا کچە بەناوی جۆزیف وێنەکە وێنەی چارلی و جۆزیفی کچی لە ساڵی ١٩٥٤ چارلی چاپلین لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا و جۆزیفی کچی لە تەمەنی ٥ ساڵیدایە، لە وێنەکەی تردا لە تەمەنی گەورەیدا یان کامڵیدایە

چـوارەمر منداڵی چارلی چاپلین لە ئۆنای هاوسەری چوارەمی کچە بەناوی ڤیکتۆریا لە ساڵی ۱۹٥۱ لە دایك بووە، هەرسێ وێنەکە ڤیکتۆریایە لە دوو تەمەنی جیاوازدا

پێنجەمر منداڵی چارلی چاپلین لە هاوسەری چوارەمی ئۆنا کوڕە بەناوی یوجین لە ساڵی ۱۹٥۳ لە دایك بووە، هەرسێ وێنەکە ویجینە لە دوو تەمەنی جیاوازدا

شەشەم منداڵی چارلی چاپلین لە هاوسەری چوارەمی ئۆنا کچە بەناوی جانێ ساڵی ١٩٥٧ لە دایك بووە، هەردوو وێنەکە ئۆنایە لە دوو تەمەنی جیاوازدا

منداڵی حەوتەمی چارلی چاپلین لە ئۆنای هاوسەری ناوی ئانیتایە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دایك دەبێت، وێنەکە یەکەم ئانیتایە لەباوەشی باوکیدا چارلی چاپلین، وێنەی دووەم لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا

منداڵی هەشتەمی چارلی چاپلین لە ئۆنای هاوسەری چوارەمی کوڕە بەناوی کریستۆفێر کە ساڵی ١٩٦٢ لە دایك بووە دوا منداڵی چارلی چاپلینە، وێنەکە کریستۆفێری تازە لە دایك بوو ساڵی ١٩٦٢ لە باوەشی چارلی چاپلیندا لەم وێنەیەدا چارلی لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدایەو کریستۆفێریش تەنها ٢ مانگە،

وێنەی دووەم لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا، لاسایی ڕوخساری باوکی کردۆتەوە.

دوکوڕی چارلی چاپلین، یوجین و میخائیل، وێنەکە ساڵی ٢٠١٤ گیراوە



چارلی چاپلین و ئۆنا ئۆنێل هاوسەری و چوارەمی هەر شەش منداڵەکەی لە گەورەوە بۆ بچوک (جیرالدین، میخائیل، جۆزیفین، ڤیکتۆریا، یوجین، جانی کە منداڵە و لەسەر زەوی دایان ناوە، لەناو ماڵەکەی خۆیاندا لە سویسرا ساڵی ١٩٦٥ کە چارلی چاپلین لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدایە

دوای مەراسیمی کردنەوەی فیلمی (لایم لایت) لەپاریس‌و رۆما، گەڕاینەوە بۆ لەندەن‌و لەوێدا چەند مانگێك مامەوە. بەدوای خانوودا دەگەڕام کە هاوڕێکەم پێشنیاری سویسرای پێکردم. هەڵبەت پێم خۆش بوو لە لەندەن بمێنمەوە، بەڵام بەنیگەرانی و دڵتەنگییەوە دارو نەدارمان کۆکردەوەو لەگەڵ چوار منداڵی بچووکدا بەرەو سویسرا بەڕێکەوتین. بەشێوەیەکی کاتی لەمیوانخانەی «بووری واژ»دا نیشتەجێ بووین.
وەرزی پاییز بوو و هەوا تۆزێك ناخۆش بوو، بەڵام چیاکان جوان‌و دیمەنێکی خۆشیان هەبوو. چوار مانگ بەدوای خانوویەکی گونجاودا دەگەڕاین. «ئۆفا» چاوەڕێی لەدایکبوونی پێنجەمین منداڵی دەکرد. لەئەنجامدا لە «مانواردۆبان» لەسەرووی شاری «ڤۆوە» لەگوندی «کۆرسییە» خانوویەکمان بەکرێ گرت، دانیشتوانی ئەوێ نزیکەی ١٣٥٠ کەس دەبوون. رووبەڕووی خانوو و باخەکەمان نزیکەی ٣٧ هەزار مەتری دووجا دەبوو.
لەباخی خانووەکەماندا میوەی جۆراوجۆر دەڕوا وەکو بەلاڵۆکی گەورە، هەڵوژە و گەنمەشامییەکی زۆر خۆش. زەوی چیمەنەکەمان بەڕووبەری ٥ هەزار مەتری دووجا بەرامبەر بەر هەیوانەکەمان بوو. داری بەرزو زۆر جوانی تێدا بوو کە دیمەنی زنجیرە چیاکان‌و دەریاچەکەی جوانتر دەکرد.

چەند وێنەیەکی چالی چاپلین
لەگەڵ هاوسەری چوارەمی ئۆنا و
منداڵەکانی

چاوپێکەوتن لەگەڵ «جەواهر لەعل نەهرۆ»

دوای گەڕانەوە بۆ سویسرا نامەیەك لەلایەن «نەهرۆ» بەدەستم گەیشت، چونکە دانیشتنی ساڵانەی خۆی لەگەڵ باڵوێزەکانی هیند لە «لۆسرێن»ی سویسرا بەڕێوە دەبرد، نووسیبووی خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر من بتوانم بڕۆم بۆ لایان و شەوێك لەلایان دابنیشم، لەمڕووەوە من بەرەو «لۆسرن» بەڕێکەوتم.

کاتێك بینیم ئەویش وەکو من پیاوێکی وردبلانەیە، سەرم سوڕما. کچەکەی ئەو خانمی «ئیندیرا گاندی» (رامیارو سەرۆك وەزیرانی بەناوبانگی هیند) کە لەساڵی ١٩٨٤ بەهۆی تیرۆرێکەوە گیانی لەدەستدا)، لەوێ ئامادە بوو.

چارلی چاپلین و ئۆنا ئۆنێل هاوسەری چوارەمی چارلی چاپلین وێنەکە ساڵی ١٩٦٦ گیراوە کە چارلی لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدایەو ئۆنا لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا

خاتوونێکی زۆر ئارام و نازدار بوو.

«نەهرۆ» وەکو پیاوێکی هەستیار و عاقڵ کاری لەمن کرد. زەینێکی شیکەرەوەو وردبینی هەبوو. لەسەرەتاوە شەرمن بوو، تا ئەوەی کە پێکەوە «لۆسرن»مان بەجێهێشت و بەئۆتۆمبێل گەڕاینەوە بۆ «مانواردۆبان» و لەوێ دەعوەتی نانی نیوەڕۆ بووین. کچەکەی لەناو ئۆتۆمبێلێکی دیکەدا بوو، چونکە دەڕۆیشت بۆ «ژنێف».

لەناو رێدا وتووێژی جوانمان هەبوو. ئەو لەبارەی «لۆرد مانت تن»ەوە وەکو سەرۆك وەزیرانی هیندستان بەرێزەوە قسەی کرد کە کۆتایی بە بەرژەوەندی بەریتانیا هێنابوو لەو وڵاتەدا.

لەجەنابی نەهرۆم پرسی هیند بەرەو کام ئایدۆلۆژیا هەنگاو دەنێت؟

وەڵامی دایەوە: «بەرەو هەر لایەك بێت، باشتر بوونی دۆخی خەڵکی هیندی لەبەرچاوە»، پاشان درێژەی پێدا: «دەوڵەت بەرنامەیەکی پێنج ساڵەی دەست پێکردووە».

لەسەرانسەری سەفەرەکەدا بەزەوقو تینێکی زۆرەوە قسەی دەکردو لەهەمان حاڵدا شۆفێرەکە بەخێرایی ١٢٠ کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا، رەنگە زیاتر لەوەش، لەجادە باریکەکاندا تێدەپەڕی و لەپڕ لەپێچێکی توندەوە دەهاتە دەرەوە.

نەهرۆ هەموو بیرو بۆچوونی خستبووە سەر دۆخی سیاسی هیندستان، بەڵام من دەبێ دان بەوەدا بنێم نیوی قسەکانی تێنەگەیشتم، تەنها بیرم لەلای شۆفێرەکە بوو و نیگەرانی لێخوڕینەکەی بووم.

کاتێك خڕەی ستۆپەکانی بەرز دەبوویەوە و ئێمەی بەرەو پێشەوە پاڵدەنا، نەهرۆ بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات

درێژەی بەقسەکانی دەدا. زۆر باش بوو ئۆتۆمبێلەکە بۆ ماوەیەك لایدا، چونکە کچەکەی دەیویست جیابێتەوە و لەوێوە بڕوا. باوکێکی میهرەبانو نیگەرانی کچەکەی بوو، کچەکەی لەئامێز گرتو بەلەحنێکی هێمنو بەسۆزەوە پێی وت: «ئاگات لەخۆت بێت.» کچەکەشی بەقسەی جوانەوە لەباوکی جیابوویەوە.

من چارلی

من چارلی، لەو بیرکردنەوەیەدا بووم کە کاری دنیا بەشێوازێکی سەیر بەرەو شێتی دەڕوات! ئەگەر چەند دانە کۆمیدی شەڕو ئاژاوەی «گاڵتەجاڕی» بتوانن ئاژاوەیەك لەزەوق و سەربەخۆیی هەڵخڕێنن، ئایا هەموو ناوبانگ و شانازی شتێکی کەمو کورتی پێوە دیار نییە؟

* من چارلی، هەڵکەوتوو نیم تەنها ئەو شتانەی دەبینم و دەبیستم و بەو شێوازەی کە هەن پیشانی خەڵکی دەدەم.

* من چارلی، ئەوەندە لە سینەما نازانم، بەڵام دەمزانی هیچ شتێك لە کەسایەتی مرۆڤ بەرزتر و سەرووتر نییە.

* من چارلی، هەمر بەمر ناوەوە زیاتر لە (٤٠) ساڵ خەریکی سەرانسەری دنیام خستۆتە پێکەنینو فرمێسکی شادیم لەچاویان هێناوەتە خوارەوە، فرمێسکێك لەقووڵایی دەرد و لەڕووی ئومێد و ئاواتەوە.

* من چارلی، ئایینی پرۆتستانم هەبوو، بەڵام ئەگەر بەهۆی پێداگری ئایینی دایکم نەبوایە ئەگینا زۆر ئاسایی بوو دەڕۆیشتم دەبووم بەکاسۆلیك، چونکە لەسەرچاوە عیرفانییەکانی حەزم کردبوو و پەیکەرەکانی مریەمر و گوڵو مۆمدانە و ڕۆمانەکانی بەلامەوە جوان بوون.

* من چارلی، کافرو بێ ئایین نیمر و ئەوەش دەزانمر کە هێزێکی نادیاری سەروو ئاسایی زاڵە بەسەر گەردووندا و چاودێری دەکات، بەڵام ناتوانمر بڵێمر ئەو هێزە چییە. ئاواتمر هەیە و دڵمر ڕوونە بەدنیا.

* من چارلی، بڕوام بە ڕاستگۆیی و دڵپاکی و خاوێنی هەیە.

باوکم چارلی

لێرەوە نوسینەکان دەبن بە نوسینی چارلزی کوڕە گەورەو منداڵی یەکەمی چارلی چاپلین باسی باوکی دەکات

* باوکم چارلی، گەورەترین تایبەتمەندییەکانی حەزی لەهونەر بوو و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا کاریان کردووە دان بەو راستییەدا دەنێن. ئەو هەرگیز ژنێکی بەهۆی جوانییەکەیەوە نەدەهێنایە ناو فیلمەکانییەوە. ئەکتەرە ژنەکان دەبوایە هونەرمەند بن و ئەوش پارەو کاتی زۆری بۆ بەکارهێنانی خوڵقارییەکانیان تەرخان دەکرد.

چارلز یەکەم منداڵی چالی چاپلین و کوڕە گەورەی لە تەمەنی ٣٥ساڵیدا

* باوکم چارلی، ترسی لەدوو گۆڵی هەبوو، نەیدەهێشت لەو یارییەدا بەشداری بکەین. دەترسا نەکا شوێنێکمان لەو یارییەدا بشکێت.
* باوکم چارلی، لەناو فیلمەکانیدا زیاتر حەزی لە فیلمی دیکتاتۆر دەکرد تاوەکو فیلمەکانی تری. زیاتر داهاتووی ئەو فیلمەی لەبەر چاو دەگرت. ئەو دەیویست فیلمەکەی هاوار و ناڵەی دژایەتی بۆ شەڕو ترس بێت.
* باوکم چارلی، دیگێڕایەوە جارێکیان لەهۆڵێکی «هۆڵیوود»دا پێشبڕکێیەکیان دروست کرد کە (٣٠) بۆ (٤٠) نەفەر تیایدا بەشدار بوونو باوکیشم بەجۆرێك نەیناسن لەو پێشبڕکێیەدا بەشداری دەکاتو پلەی سێیەم بەدەست دێنێت. بەبڕوای ئەو، ئەمە یەکێك لە سەیرترین رووداوەکانی مێژووی شانۆ و سینەمایە.
* باوکم چارلی، دەیویست کارێك ئەنجام بدات کە کەسانی تر ئازایەتی ئەوەیان تێدا نەبێت ئەنجامی بدەن. دەیویست فیلمێك لەدێوی بچوکی ئەوروپا دروست بکات و لایەنە گاڵتەجارییەکانی ژیانی ئەو پیشانی خەڵك بدات.

* باوکم چارلز، لەخوار پلیکانی خانووەکەمانەوە، دەوڵێکی گەورەی برنجی رەنگی هەڵواسیبوو کە داری دەوڵەکە رەش بوو وەك شتێك لەنێوان ئەو دەوڵەو باوکمدا پەیوەندییەکی نهێنی هەبوو. هەندێك جار باوکم کاتێك کە بە بیرکردنەوە لەوێوە تێدەپەڕی، دەگەڕایەوە بۆکسێکی لەدەوڵەکە دەدا و ئارام دەوەستا تا دەنگی بەرزی دەوڵەکە ببیستێت. دەتووت پرسیارێکی لەدەوڵەکە کردووە و وەستاوە تا وەڵامەکەی وەربگرێتە.

* باوکم چارلی، هەمیشە لە مەسەلەی پارەدا شێوازی تایبەتو نائاسایی هەبوو و لەمڕووەوە هەندێك چیرۆکیان بۆ دروست کردووە و لە هۆلیوودا بڵاویان کردۆتەوە. یەکێك لەو چیرۆکە گاڵتەجاڕییانە ئەمەیە: کاتێك چارلی چاپلن لەگەڵ کۆمپانیای «میوچڵ» گرێبەست واژۆ دەکات، لەباتی ۱۰۰۰ دۆلار مووچە بۆ هەفتەیەك کە کۆمپانیاکە پێشنیاری کردبوو، داوای ۱۰۲۵ دۆلای دەکرد. دەیانووت ئەو (۲۵) دۆلارە بۆ ئەوەی بووە تا تەنها بەو بژیت.

* باوکم چارلی، لە تەمەنی (۳۵)ساڵیدا فێری شۆفێری ببوو. شانازیشی بەو کارەوە دەکرد. لەکاتی شۆفێریدا جلێکی لەبەر دەکرد کە ئاسوودە بوو بۆ دەرەوە و گونجاویش بوو. چاویلکەی هەتاوی لەچاو دەکرد. کراسێکی سپۆرتی لەبەر دەکردو کڵاوی قاوەیی ڕەنگی بەلاری لەسەر سەری دادەنا. کاتێك کە سویچەکەی دەسوڕاند، قنج دادەنیشت و شانەکانی دەدایە دواوەو سەری بەرز دەکردەوە، چەناگەی دەهێنایە پێشەوە و سوکانەکەی بەشێوازێکی کارامە دەگرتو بەڕێدەکەوت.

* باوکم چارلی، پێمی وت: «دەبێ لەخۆت دڵنیا بیتو بڕوات هەبێت، نهێنی کارو سەرکەوتنەکان لەوەدایە. تەنانەت ئەو کاتانەش لەخانەی منداڵاندا بووم، کاتێك لەشەقامەکاندا پیاسەم دەکرد تا شتێك بدۆزمەوە و بیخۆم بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرم، تەنانەت لەو کاتەشدا من خۆمم بەگەورەترین ئەکتەری جیهان دادەنا. من ئەو دەستکەوتانەی لەبڕوا بەخۆبوونەوە بەدەستم هێنا، هەستم پێیان کردووە. بەبێ ئەوە شکستم دەهێنا.

* باوکم چارلی، لەسەرەتای منداڵییەوە بێ پشتو پەنا بووە و زۆر جار لە سەرماو برسێتیدا ئازاری بینیوە.

باوکم لەڕوانگەی منەوە

شەرمنو شێوازی قسەکردنی پیشانی دەدا لە لەندەن ژیاوە و ورەی زۆر بەرز بوو.

بەردەوام بەگوڕو تینو جووڵەی نوێ بوو. بەئاوڕێکی وردەوە نیشانەی فەقیریو هەژاری تیایدا دیار بوو. کارەکانی هەست پێدەکرا. سیحرێکی سەیروسەمەرە لەجووڵەکانیدا هەبوو کە یارییەکەی جوانتر دەکرد. لەکۆمیدیدا زۆر هەڵکەوتووە. جووڵەکانی ساکارو جوانە، بەڵام هێشتا خەمێکی قووڵ لەپشت ئەو جووڵانەوەیە هەستی پێدەکرێت.

جووڵەکانی مرۆڤ دەگەشێنێتەوە.

سەیر لەوەدایە گاڵتەکانی بەردەوام لەچوارچێوەی خەمەکانیدایە. تەنانەت بەبینینی شەقامە جوانو خانووە کەشخەکانی کە خەڵکی دەوڵەمەند تیایدا دەژین، نەیدەتوانی شەقامەکانی باشووری لەندەن لەبیر بکات.

باوکم بەهیچ شێوەیەك لەخۆبایی نەبوو. هەرچەند یەکێك بوو لەدەوڵەمەندترین کەسەکانی هۆلیوود، (بەڵام تائێستاش) لەشوقە مامناوەندەکانو خانووی بەکرێدا دەژیا.

ئەو یەکێك بوو لەبەناوبانگترینو خۆشەویسترین کەسەکانی هۆلیوود.

باوکم هەستێکی وەکو ئیلهام لەبارەی خەڵکەکانەوە هەبوو. ئەو تایبەتمەندییەکانی ناخی هەر کەسێکی دەبینی.

باوکم لە هەموو شتێکدا بێجگە لەنووسین، چەپ دەست بوو و بەدەستی چەپ یاری تێنس دەکردو وەها جوان

و ئارام یاری دەکرد کە دەتووت گوایە یەکێك لەرۆڵەکانی بەرجەستە دەکات. دەتووت ئاسوودەییەکی نهێنی ئاسا لەێنسدایە و ئەو دەیەوێت بیدۆزێتەوە.

ئەو شتەی باوکمی هاندەدا بۆ کار، تەنها چێژ وەرگرتن‌و فێرکردن نەبوو. بەڵکو شتێکی گرنگتر لەوەش بوو، ئەوە بڕیاری شێلکاری ئەو بوو بۆ گەیشتن بە راستییەکان. ئەو دەست کراوە و باش بوو. کاتێك دۆخی باش بوایە، قژی لەسەر ناوچاوانی دادەنا و دەستی دەنایە ناو گیرفانی هێلەکەکەی‌و لەناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکردو رێك وەکو «ناپلیۆن بۆناپارت» کە حەزی لێبوو دەوەستا.

هەموو خەڵکی هۆڵیوود باوکمیان بەمیواندارێکی باش‌و رووخۆش دەناسی.

باوکم حەزی لەژیانی ئارام بوو، حەزی دەکرد شەوان بەخوێندنەوەو نووسین تێپەڕ بکات. ئەو بەڕاستی تینووی فێربوون بوو، گوایە بەخیلانە دەیویست ساڵە بێ دەستکەوتەکانی منداڵی‌و دەسپێکی تازە پێگەیشتوویی قەرەبوو بکاتەوە.

یاری شێت‌و چاوشارکێ

باوکم وەکو زۆربەی باوکەکان خووی گرتبوو یاریمان لەگەڵ بکات، یاری شێت‌و چاوشارکێمان بەلاوە خۆش بوو.

منو براکەم حەزمان لەو یارییە ترسناکە بوو. چونکە باوکم خۆی دەکردە شێت و دەکەوتە شوێنمان.

منو براکەم لەدەستی رامان دەکردو خۆمانمان دەشاردەوە و لەو ترسە خۆشە هێزمان تێدا نەدەما. جۆرێك بوو کە ئیتر نەماندەتوانی بجوڵێین. لەپڕێکدا هەردووکمان دەمانقیژاند و باوکم دەیزانی بۆ دۆزینەوەمان لێمان دوور کەوتۆتەوە.

پاشان رادەوەستاو دەمو چاوی ئاسایی دەبوویەوە. بەپێکەنینەوە پێیدەوتین: «باشە منداڵینە حەزتان لێکرد باوکتان دەتوانێ بتانترسێنێت؟ ناتوانێت؟»

باوکمان وەکو هەموو باوکە چاکەکان لەکاتی خەوتندا چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام چ چیرۆکێك! هەندێك جار ئەو چیرۆکانەی لەبارەی شەوە و دێوەزمە بوو و منو براکەم گوێمان لێدەگرت، لەترسا دەلەرزین، بەڵام ترسێکی خۆش‌و ئاسایی هەموو لەشمانی دادەگرت.

پاشان باوکمان بەپێکەنینەوە شەوباشی دەوت‌و ئێمەش لەناو قەرەوێڵەکەماندا رادەکشاین‌و لەبارەی چیرۆك‌و یاریکردنەکانیەوە قسەمان دەکرد.

سەگ و پشیلە

من هەرگیز نەمبینی باوکم حەزی لەسەگ بێ لەماڵدا رایبگرێت. دەیوت پێست‌و کوڵکی سەگەکان بەکتریای پێوەیە. ئەگەر سەگ زمانی لێبدات، رقی هەڵدەستێت و ئەگەریش زمان لەدەستی بدەن زۆرتر رقی هەڵدەستێت

هەڵبەت هەندێك جار نەوازشی سەگەکانی دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناوچاوانی گرژە دەبوو و پاشان خێرا دەستی دەشۆرد.
بەڵام هەستی باوکم بۆ پشیلەکان جۆرێکی دیکە بوو.
جارێکیان کە منداڵ بووم پێمی وت: «پشیلە لەخۆبایی و سەربەخۆیە». ئەو تایبەتمەندییانە لەسەگدا نادۆزرێنەوە.
ئەگەر پشیلە تینوی بێ و کەسێك شیر بێنێتە بەردەمی دەیخوات، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە قەرزداری مرۆڤە. هەرگیز ئازادی خۆی نافرۆشێت و شێوەو ئەندامی جوان و ناسکە.
کاتێك وتووێژی باوکم لەبارەی لایەنە باشەکانی پشیلەوە دەستی پێدەکردو بەردەوام قسەی لەسەر دەکرد، لەپڕێکدا هەڵدەستاو وەکو پشیلە لەبەردەممدا دەڕۆیشت و لاسایی دەکردەوە. پەنجەکانی مشت دەکرد و دەستی دەنایە پێش یەکترەوە و ئەو کارەی بەجوانی و ئاسانی ئەنجام دەدا. هەندێك جار دەستێکی دەنایە پشتی و بەهێمای کلکی پشیلە بەرزی دەکردەوە. سەری دەهێنایە پێشەوە و چاوەکانی تا نیوە دادەخست و سەیری دەکردو لەهەمان کاتدا زەردەخەنەیەکی زیرەکانەو کارامەی دەکردو رێك وەکو پشیلەی لێ دەهات. لەبەر ئەوەی ئێمە پێیکەنین و پێی شادومان بینەوە.

لەبیر کردن

یەکێکی تر لە مەسەلە سەیرەکان بەلامانەوە، ئەوە بوو کە باوکم ناوی خەڵکی لەبیر دەکرد و تەنانەت ناوی ئەوانەشی کە زۆر خۆشی دەویستن لەبیر دەکردو کەسەکانی لەڕووی پیشەکانیانەوە دەناسی.
بۆنموونە رۆژێکیان کە دەیویست «ڤلادمیر هورۆوتیز»م پێ بناسێنێت، تووشی هەمان کێشە بوو و بەدەنگێکی هێواش و ئارام وەکو کەسێك بڕوای بەقسەکەی خۆی نەبێت، وتی:
«ئۆ- چارلز، بەدڵنیاییەوە ئەو پیانۆژەنە گەورەیەم بەبیر دێنێتەوە. ئەو پیانۆژەنەی زۆر حەزی لەمۆسیقای کلاسیکە».
من بەردەوام لەفرامۆشکردنەکانی چێژم وەردەگرت، بەڵام رۆژێکیان کە لە «هۆلیوود» بووم، باوکم چەند کاتژمێرێك لەستۆدیۆکەدا مایەوە و شەرمی لە «جۆ-یی براون» دەکردو نەیدەوێرا بێتە دەرەوە. جۆ-یی براون ئەکتەری بەناوبانگی کۆمیدی بوو، باوکیشم کاتێك دەڕواتە ژوورەوە، پێی دەڵێت:
«سڵاو هاری، ئەوی لەگەڵ (هاری جۆبراون) دەرهێنەری بەناوبانگی فیلم بەهەڵە گرتبووی. لەبارەی ژمارەی تەلەفۆنەکانیشەوە هەر بەم شێوازە بوو، بۆنموونە کاتێك لەگەڵماندا بوایە و بیویستایە ژمارەی تەلەفۆنەکەی بەکەسێك بدایە، بە لەحنێکی پڕ لە دڵنیاییەوە دەیوت:
«ژمارە تەلەفۆنەکەم یاداشت بکە...»
ئینجا ژمارەکانی لەبیر دەکردو سەیری من و دایکمی دەکردو دەیپرسی:
«ژمارە تەلەفۆنەکەمان چەندە؟»

تەنانەت هەندێك جار ژمارەی تەلەفۆنەكەشی لەبیر دەكرد.

هەژاری و سامان لەڕوانگەی منەوە

شێوازی بیركردنەوەیەك كە دەیەوێ هەژاری و نەداری، بۆ كەسانی تر سەرنج راكێش پیشان بدات، ئازاراویە. من هێشتا نەمبینیوە پیاوێك بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە هەست بەجودایی‌و دڵتەنگی بكات و بارێك لەخەمی غوربەت لەسەر شانی بێت، یا بۆنموونە لەكاتی نەداریدا، رزگاری و ئازادی بەدەست بێنێت.

چارلز یەكەم منداڵی چالی چاپلین و كوڕە گەورەی لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا

من لە دەوڵەمەندیدا پابەندی‌و گیروگرفت نابینم - بەپێچەوانەوە ئازادی بەربڵاوتری تێدا دەبینم.

بەڕای من، نەداری نە سەرنج راكێشە و نە تەواوكەر. هەژاری و نەداری بێجگە لە لەناوچوون و سووك كردنی بەهاكان، هیچی بە من نەبەخشی‌و شایستەیی بەدەوڵەمەندان دا.

بەپێچەوانەوە، دەوڵەمەندی‌و ناوبانگ فێری كردم جیهان بەو جۆرەی كە هەیە ببینم، پاشان بیدۆزمەوە كە پیاوانی پایەبەرز لەو كاتەوە لێیان نزیك دەبوومەوە، چۆن بەڕێ‌و ڕەسمی خۆیان وەكو ئێمە كەم‌وكورتی‌و عەیبیان هەبوو.

هەروەها دەوڵەمەندی‌و ناوبانگ فێری كردم تا گوێ نەدەمە ئەو شتانەی هێمای فێركردن‌و پەروەردەن وەكو داری مامۆستاو شمشێرو قامچی ئەسپ سواری.

پاشان لەوە ئاگادار بیمەوە كە وشەی كۆلیج و شایستەیی‌و خۆشی كاریگەری لەسەر مرۆڤ‌و چینی ماماوەندی بەریتانیا داناوەو، زانیم كە عەقڵ‌و هۆش بەدڵنیاییەوە میوەی پەروەردە و فێركردن یان زانستی كلاسیك نییە.

نامەیەك بۆ کوڕەکەم - چارلز

من چارلز لە (٥)ی ئوتی ١٩٥٨ لەگەڵ «سوزان ماگنس»ی ئەکتەردا زەماوەندم کرد و خێرا تەلەگرافێکی پیرۆزباییم لەلایەن باوکم و «ئۆنا» و منداڵەکانیانەوە بەدەستم گەیشت. ناچار بووم دوای نۆ مانگ لە هاوسەرەکەم جیا بیمەوە.

چارلز یەکەم منداڵی چاڵی چاپلین و کوڕە گەورەی لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا، لاسایی شێوازی نواندنەکانی باوکی دەکاتەوە

باوکم بەنامەیەك ئامۆژگاری زۆری کردم. ئەو نامەیە بریتی بوو لەو ئەزموونە جۆراوجۆرانەی کە باوکم بەدرێژایی ژیانی بەدەستی هێنابوو، بۆی نووسیبووم:

لێرەوە نووسینەکان دەبنەوە بەنووسینی چارلی چاپلین خۆی، بە نامەکانی دەست پێدەکاتەوە

«چارلز»ی خۆشەویست: ببورە ئەگەر نەمتوانی ماوەیەکی لەوە پێش نامەیەکت بۆ بنووسم. بەدڵنیاییەوە دەزانی خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانی ژیانمم. پێویستە یەك ساڵی تری بۆ تەرخان بکەم تا کۆتایی پێ بێنم.

نامەیەکی بەئەدەبم لە هاوسەرەکەتەوە پێ گەیشت. بەڕای من خۆشەویست دیار بوو. بەڕاستی جێی داخە نەتانتوانیوە پێکەوە رێکبکەون و بژین. منداڵە جوانەکەتان پەیوەندییەکی پتەوە کە دەبێ ئێوە پێکەوە گرێ بدات.

دوابی ئێدەگەی مرۆڤ بۆئەوەی هەست بەدڵنیایی بکات، پێویستی بەکەسێکە، کەسێك کە لە مرۆڤەوە نزیکترە. کچەکەتان ئەوەندە جوانە کە دەبێ بۆ بەختەوەرکردنی هەوڵ بدەیت. بۆ منداڵ هیچ شتێك باشتر لەوە نییە لەناو ژیانی گەرمی خێزاندا بژیت. تەمەنم حەفتا ساڵە و زۆر بیر لەمنداڵەکانم دەکەمەوە و بیر لە تۆو ژیانت دەکەمەوە. تۆ حەقی ئەوەت نییە ژیانت تێك بدەیت. تۆ هونەرمەندێکی زیرەك و کەشخەی. من تۆم لەسەر تەختی شانۆ بینیوەو باش دەزانم چەندە خولقکاری.

من نامەوێ ئەو نامەیە وەکو ئامۆژگاری سەیر بکەیت، بەڵام بەڕاستی لەوەی کە هاوسەرەکەت تەڵاق داوە نیگەرانم.

بەڕای من ژنەکەت زۆر خۆشەویستە...

لەبارەی خۆت و کارەکانتەوە بنووسە!

«ئۆنا» و منداڵەکان سڵاویان بۆت هەیە. زۆر جار لەبارەی تۆ و کچەکەتەوە قسە دەکەن و دەیانەوێ بزانن چی

دەکەیو بۆچی نایەیت بۆ لایانو سەریان لێ نادەیت؟
ئەوان گەورە بوون «جراڵدین» پانزە ساڵی تەمەنە. «میخاییل» نزیکەی چواردە ساڵیەتی. «ژۆزفین» پانزە ساڵیەتیو «ڤیکتۆریا» ٨ ساڵیەتی. «یوجین» ٦ ساڵیەتی. «جین» دوو ساڵیەتیو منداڵە بچووکەکەمان سێ رۆژ لەوەو پێش لەدایك بووە.

چاپلن - باوکت

نامەیەك بۆ کچەکەم - جراڵدین

«جراڵدین»ی خۆشەویست:
لە تۆ دوورم، بەڵام رووخسارت بۆ چرکەیەك لەیاد ناکەم، بەڵام تۆ لەکوێیت؟ لەپاریس لەسەر تەختی شانۆی «شانزلیزە...».

جراڵدین کچە گەورەی چالی چاپلین لە ژنی چوارەمی لەگەڵ باوکیدا چالی چاپلین

دەزانم پێموایە لەم بێدەنگی نیوە شەوەدا مۆسیقای هەنگاوەکانت دەبیستم.
بیستوومە رۆڵی تۆ لەو شانۆیە گەورەیەدا، رۆڵی ئەو کچە جوانکیلە حاکمەیە کە دیلی دەستی «خانی تاتار»ە.
جراڵدین - لەرۆڵەکانتدا وەکو ئەستیرە بدرەوشە، بەڵام ئەگەر دیلی دەستی هاوار و هاندانی بینەرانو بۆنی گوڵە خۆشەکان ببیت کە بۆت دەنێرن، دەرفەتێك بدۆزەرەوە و دانیشەو نامەکەم بخوێنەرەوە. من باوکتم!
ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە هونەر بنەخشێنی و بگەیتە لووتکەی شانازی. ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە دەنگی چەپڵەی بینەران هەندێ جار تۆ بگەیەنێتە ئاسمانەکان.
برۆ بۆ ئاسمانەکان، بەڵام هەندێك جار وەرەوە بۆ سەر زەویو سەیری ژیانی خەڵك بکە، لەژیانیان ورد بەرەوە. ئەو ژیانەیان کە بە سکی برسیەوە قاچیان لە نەداریدا دەلەرزێو هونەر دەنەخشێنێت، من خۆم یەکێك لەوانەم.
جراڵدین کچەکەم - تۆ من بەباشی ناناسی، لە شەوانی رابردوودا قسەی زۆرم لەگەڵ کردی، بەڵام خەمەکانم پێ نەوتی. ئەوە بۆ خۆی چیرۆکێکە شایانی بیستنە.
چیرۆکی ئەو قۆشمەچییە کە لە هەژارترین گەڕەکەکانی لەندەندا گۆرانیان دەوتو پارەیان وەردەگرت. ئەمڕۆ چیرۆکی منە. من تامی برسیەتیم چێشتووە. من ئێشو ئازاری ماڵ وێرانیم چێشتووە و زیاتر لەوانەش رەنجی چارەڕەشی ئەو قۆشمەچییە دەستفرۆشەیە کە ئۆقیانووسێك لەکەسایەتی تیایدا شەپۆل دەدات، بەڵام چریکەی

چارلی چاپلین له تەمەنی ٦٠ ساڵیدا جارێکی تر وەك یادەوەری لاسایی ئەو کاتەی کردۆتەوە کە لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا ڕۆڵی بینییوە

ئەو ڕێبوارە کەسایەتییەکەی ناشکێنێت و هەستم پێکردووە. سەرەڕای ئەوانەش هێشتا زیندوومرو ناکرێ لەبارەی زیندووەکان کە هێشتا نەمردوون، قسە بکەین.

چیرۆکی ژیانی من بەکەڵکی تۆ نایەت، با لەسەر تۆ قسە بکەین.

نازنای من لەسەر ناوەکەتە، چاپلین.

جراڵدین کچەکەم ئەو دنیایەی تۆی تیا دەژیت، دنیای ئەکتەری‌و مۆسیقایە. نیوەشەو لەو کاتانەدا کە بەهۆڵی قەرەباڵغی شانۆدا دێیتە دەرەوە، گرنگی بەهاندانی ستایشی دەوڵەمەندەکان مەدە، بەڵام لەو شۆفێر تەکسییە کە تۆ دەگەیەنێتە ماڵەوە، بپرسە ئەحواڵی ژنەکەی چۆنە و ئەگەر دووگیانە و پارەی بۆ کڕینی جلی مناڵەکەی نییە. بڕێ پارەی بەنهێنی نخە ناو گیرفانەکەی...

بەنوێنەری خۆم، لەپاریسدا وتوومە تەنها ئەو خەرجیانەی دەیکەی بتداتێ، بەڵام بۆ خەرجیەکانی ترت دەبێ وەسڵم بۆ بنێری.

جراڵدین، جارناجار بەمیترۆ و ئۆتۆپاس ناوشار بگەڕێ و سەیری خەڵك بکە.

بێوەژنەکان‌و منداڵانی بێ باوك‌و بێ دایك بناسە، لانیکەم ڕۆژی جارێك بڵێ: منیش لەوانم، تۆ بەڕاستی یەکێك لەوانی، نەك زیاتر...

هونەر پێش ئەوەی دوو باڵ بەمرۆڤ بدا بۆ فڕین، زۆرجار دوو قاچەکەی دەشکێنێت... ئەگەر ئەو کاتانەی خۆت لەبینەران بەسەرووتر دەزانی، هەمان کات شانۆکە بەجێ بهێڵە‌و بەتەکسی خۆت بگەیەنە نزیکی پاریس.

من ئەوێ بەباشی دەناسم، لەوێ هەندێك ئەکتەر وەکو خۆت دەبینی کە چەند سەدە پێش تۆ، چالاکترو لەخۆبایی تر لەتۆ یارییان دەکردو هونەریان دەنەخشاند، بەڵام لەوێ ئیتر ڕووناکایی چراکانی شانۆی شانزەلیزە دیار نین. چرای قەرەچەکان تەنها ڕووناکی مانگە. سەیریان بکە ئایا باشتر لە تۆ هونەرەکەیان دەرنابڕن؟ دانی پیادا بنێ.

کچەکەم. هەمیشە کەسێك بوونی هەیە کە باشتر لە تۆ هونەر دەگێڕێت‌و ئەوەش بزانە هەرگیز لەبنەماڵەی چارلی چاپلندا کەسێك ئەوەندە بەدئەخلاق نەبووە کە قسەی ناشیرین بڵێت بەلێخوڕی کەژاوە یان سواڵکەری قەراخی ڕووباری (سەن) یان قەرەجێکی نزیکی پاریس.

کچەکەم جراڵدین - چەکی (سپی)*م بۆ ناردی تا هەرچەندت پێخۆشە پارەی تێدا بنووسی و خەرجی بکەیت،

بەڵام هەرکات ویستت دوو فرانك خەرج بکەی، بەخۆت بڵێ «سێیەمین» فرانك هی من نییە. ڕەنگە ئەوە هی پیاوێکی نەداری بێ ناونیشان بێ کە ئەمشەو پێویستی بە یەك فرانکە. پێویست ناکات بەدوایدا بگەڕێت. ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتییە لە هەموو شوێنێکدان‌و دەیاندۆزیتەوە. ئەگەر لەسەر پارەو سکە قسەت بۆ دەکەم، لەبەر ئەوەیە کە لەهێزی فرت‌و فێڵی پارە، بەباشی ئاگادارم... من ماوەیەکی زۆر لە سیرکدا ژیاوم و هەمیشە لە هەر چرکەیەکدا نیگەرانی ئەو کاتانە بووم لەسەر پەتێکەوە یارییان دەکرد. بەڵام کچەکەم، ئەو راستییەت پێ بڵێم کە خەڵك لەسەر زەوییە، زیاتر لە پەتی ناسك‌و ناسەقامگیر دەرووخێن.

هاوڕێ هەمیشەییەکەی کتێب و خوێندنەوە بە جۆرێك تا کۆتایی تەمەنی زۆربەی کاتەکانی بۆ خوێنەوە دانابوو، چارلی چاپلین لە تەمەنی ٨٧ساڵیدا لە کاتی کڕینی کتێبدا لە یەکێك لە کتێبخانەکانی سویسرادا ساڵی ١٩٧٦

کچکەم جراڵدین، باوکت لەگەڵتدا قسە دەکات.

«ڕەنگە شەوێك درەوشانـەوەی بەنرخترین ئەڵماسی جیهان فریوت بدات، ئەو شەوە، ئەو ئەڵماسە، ئەو پەتە ناسەقامگیرەی ژێر پێتە و رووخانت سەدا سەدە...»

ئەگەر رۆژێکیان رووخساری جوانی بێچوە دەوڵەمەندێکی بێ نـاوەرۆك تۆ فریو بدات، ئەو رۆژەیە کە یاریزانێکی ناکارامەیت. یاریزانە ناکارامەکانی پـەت بـــەردەوام دەڕووخـێـن. لەمڕووەوە دڵ مەدە بە زێڕو زیو. گەورەترین ئەڵماسی جیهان، دەروونتە، کە خۆشبەختانە بەمەیلی هەر کەسێکەوە دەدرەوشێتەوە... بەڵام ئەگەر رۆژێکیان دڵت دا بە پیاوێکی هەتاوئاسا، هاودڵ بە لەگەڵیداو بەڕاستی خۆشت بوێت‌و واتاکەشی وەکو ئەرکی خۆت لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا بزانە. بەدایکتم وتووە لەو بارەیەوە نامەت بۆ بنووسێت. ئەو باشتر لە من واتای عەشق دەزانێت. ئەو شیاوترە وەکو لە من بۆ وەسفکردنی مەسەلەی عەشق... کچەکەم.. هیچ کەس هیچ شتێکی تر ناتوانێ بدۆزێتەوە کە شیاوی ئەوە بێ کچێك نینۆکی (پێ)ی خۆی بەهۆیەوە رووت بکاتەوە... رووتبوون نەخۆشی سەدەی ئێمەیە. بەڕای من جەستەت دەبێ مەی کەسێك بێت کە ناخی بۆ تۆ رووت کردۆتەوە.

کچەکەم جراڵدین!

قسەم زۆر بۆت هەیە، بەڵام دایدەنێم بۆ کاتێکی تر و بەم دوا پەیامە کۆتایی بەنامەکەم دێنم.

«مرۆڤ بە، دڵپاك و یەك دڵ، چونکە برسی بوون‌و سواڵکردن‌و لە نەداریدا مردن، هەزار جار زیاتر تەحەمول دەکرێ تاوەکو لەوەی بێ سۆز و نامرۆڤ بیت».

چاپلن - باوکت

حەزو هێماکان

حەزەکان!

* مۆسیقا زۆر بەلامەوە جوانەو سەرنجم رادەکێشێت.
* زۆر حەزم لەشانۆی ژاپۆنییە.
* حەزم لەیاری تێنسە.
* حەزم لەخوێندنەوەی کتێبی ئینجیلو بەرهەمەکانی شکسپیر و شیکردنەوەی مرۆڤ هەیە.
* حەزم لە چیرۆك نووس وەکو «چارلو دیکنز، گسمی دومۆپاسان، درگار ئالن پۆ، ئۆسکار وایلد، مارك توابن، ئالدۆس هاکسلیو ویل دۆرانت»ە.
* زۆر زۆر حەزم لە کتێبی «رووخانی رۆژئاوا»یە بەرهەمی ئیشپینگلر.
* حەز دەکەم «چارلز»ی کوڕم ببێ بەمۆسیقازانێکی گەورەو بەناوبانگ.

هێماکان:

* لەسەفەرێکمدا بۆ بەریتانیا، پاپا دەیویست نازناوی «لۆرد»م پێ ببەخشێت، منیش ئەو پێشنیارەم رەت کردەوە، چونکە بەرواڵەت گرنگیم پێ نەدەدا و تەنها کەسایەتی تاکەکەسیم بەلاوە گرنگ بوو.
* هێمای «لوژیۆن دۆنۆر»م پێ بەخشرابوو کە یەکێکە لە پێنج پلەی شانازی لە فەرەنسا.
* خەڵاتی «ئۆسکار»م پێدرا لەساڵی ١٩٧٢.
* ئەندامی فەخری لیژنەی نووسەرانو درامانووسانی فەرەنسا بووم و...

پێشوازی لە من

* فەرەنسا: لەپاریس رێك وەکو قارەمان بەرەو پیرمان هاتن. لەپاریس بەهۆی ئەو خەڵکە زۆرەوە کە هاتبوون بۆ پێشوازیم، خەریك بوو لەت لەت بین (مەبەست لە خۆشەویستی زۆرە).
سەرۆك کۆمار - «شۆرپێلونسان»، بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لەکۆشکی «ئەلیزە» دەعوەتی کردینو لەوێدا هەندێك پلەی شانازییان پێدایین.
* ئیتاڵیا: پێشوازییەکی زۆریان لێ کردن، سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان بەرەو پیرمان هاتنو هێمای فەخریان پێدایین.
* ژاپۆن: لەژاپۆندا میوانی دەوڵەتی ژاپۆن بووینو وەکو پاشاکان میوانداریيان لێکردن. هەزاران نەفەر لە خەڵکی

ژاپۆن لە بەندەردا هەراو شادییان دەکرد. ئەوانەش وەکو ئەوانیتر کە پێشوازییان لێدەکردین ورووژاو و پڕ لە هەست بوون.

* ئیسپانیا: سەردێڕی هەموو رۆژنامەکان لەپێشوازیماندا نووسیبوویان: «شۆڕش لەئیسپانیا».

* ئەڵمانیا: لەبەرلیندا میوانی دەوڵەتی دیموکرات بووم. خەڵکێکی زۆر بەزەوق و گڕو تینەوە لەوێستگەی هێڵی ئاسن و لەدەرەوەی میوانخانەکەدا پێشوازییان لێ کردین. خەڵك هاواریان دەکرد: «شارلی، شارلی».

* سویسرا: شەپۆلی خەڵك ئێمەی گرتبوو، هەموویان هەوڵیان دەدا لێم نزیك ببنەوە و خەلکەکە دەستیان دەکوتایە سەر ئۆتۆمبێلەکە و...

* روسیا، ئێران، مەجارستان، مالزی، مالی، نەمسا و...هتد. هەموو خەڵکی دنیا کە منیان دەبینی بە زەوق و شەوقەوە پێشوازییان لێ دەکردین.

کتێبخانەی کاریز

خەڵاتی ئۆسکار

«ئۆسکار» خەڵاتێکە ئەکادیمیای زانست و هونەری سینەمای ئەمریکایە هەر ساڵ لەمەراسیمی تایبەتدا دەبەخشرێتە دوانزە بەشی جۆراوجۆری سینەما «باشترین فیلم، دەرهێنەر، ئەکتەر و...هتد. لەساڵی ١٩٧٢دا ئەکادیمیای زانست و هونەری سینەمای ئەمریکا زیرەکانە چارلی ٨٣ ساڵانی دەعوەت کرد بۆ ئەوێ و بە خۆشحاڵییەکی فراوانەوە خەڵاتی ئۆسکاریان بەهۆی دەرهێنەری فیلمی «کوڕەکە» پێ بەخشی. فیلمەکە ساڵی ١٩٢٠ بەرهەم هاتبوو. بەرپرسانی ئەو خەڵاتە، لەکۆتایی تەمەنی چارلیدا خەڵاتی ئۆسکاریان پێ بەخشی، نەك لەکاتی کارو چالاکی و زەینی خولقکاریدا. لەمڕووەوە لە پشت مەسەلەکانە، تەنها سوپاسگوزاری لەزەحمەتەکانی ئەو هونەرمەندە لەنیو سەدەدا نەبوو، بەڵکو بەهۆی بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆیان بوو. چارلی لەبارەی ئەوەی کە بۆچی دوای ٢٥ ساڵ دووری لەئەمریکا دیسان گەڕایەوە بۆ ئەو وڵاتە و ئەو خەڵاتەی وەرگرت، هیچ قسەیەکی نەکرد. قسەی زۆری لەسەر کرا، هەندێك دەیانووت نەدەبوو چارلی بڕۆیشتایە بۆ ئەوێ و خەڵاتەکەی وەرنەگرتایە و هەندێك کەسیش دەیانووت شیاویەتی و دەبوایە پێشتر بیاندایە پێ. چارلی خۆی دەڵێت: «سەراپای ڕێکخراوی

چارلی چاپلین وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار ساڵی ١٩٧٢ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا

ئەکادیمیا سوودێکی نییە و خەڵاتی ئۆسکار بەلامەوە گرنگ نییەو تەنها بۆ ئەوەمە بینێمە لای دەرگای ژوورەکەوە.

کۆتایی

چارلی بەهۆی هەوڵس‌و کەت‌و ڕەفیقایەتی لەگەڵ هونەرمەندان‌و شاعیران و نوسەران‌و مۆسیقازانەکان کە ڕوانگەیان بەپێچەوانەی ڕوانگەی حاکمان لە وڵاتی ئەمریکادا بوون‌و بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ بیروڕای ناسیۆنالیزم، لەلایەن کەسانی واشنتۆنەوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیرا.

چارلی چاپلین ساڵی ١٩٧٧ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا چەند ڕۆژێك بەرلەمردنی وێنەکەی گیراوە

ئەوان وەکو جاران تێدەکۆشان ئەو هونەرمەندە پێشکەوتووە لەگۆڕەپاندا بەلاوە نێن‌و پلانێك دابنێن کە بێدەنگی بکەن. لەمڕووەوە دادگاییان کردو کەسایەتییان شکاندو دەردو ئازاریان پێدا، ئەوەندەی «چارلی»ی هاوسەرەکەی «ئۆنا» بێزار و نیگەران بوون‌و بەناچار ئەمریکایان بەجێهێشت‌و بەرەو ئەوروپا بەڕێکەوتن - ساڵی ١٩٥٢ - (هەڵبەت ئەوانە سەرەڕای پێشنیاری بەردەوامی بەرپرسانی حکومی ئەمریکا هەرگیز نەبوون بە هاووڵاتی ئەمریکی.

ئەوروپا پێشوازی لێکرد. بەرپرسانی وڵاتان‌و بەناوبانگەکانی هونەرو ڕۆشنبیری وەکو قارەمانی سەرکەوتوو پیشوازییان لێکردو تاڕادەیەك لەدەرد و خەمەکانی کەمیان کردەوە.

ماوەیەك دوای سەیران لە ئەوروپاو ناسراوی لەگەڵ هاوڕێیانی تازەو چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندانی باش، لە سویسرا ماڵی کڕی‌و تا کۆتایی تەمەنی دەورانی خانەنشینی خۆی لەوێ تێپەڕاند.

«ئۆنا» پشتیوانی خەمرو خەفەتەکانی ساڵانی تاڵی ژیانی‌و دایکی هەشت منداڵی بوو، هەموو ئەو ساڵانە لەلای بوو لەگەڵ منداڵەکانیدا چرکەکانی ژیانی ئەو پیاوە پیرە هیلاك‌و دەردچێشتووەی پڕ دەکردەوە.

بەهەر حاڵ ماوەیەکی زۆر لەسووچی ماڵدا دانیشتبوو، سەیری جیهانی دەکرد.

پیاوی پیری داماو لەدوایین چرکەکانی ژیانیدا بە ویلچەر ئەملاو ئەولای دەکرد. ئیتر چالاکی‌و کارو پیشەی لەدەست دابوو. تەمەنی کۆتایی پێدەهات، بەڵام تا کۆتایی ژیانی دڵی گەورە بوو. خۆشەویستییەکانی بۆ مرۆڤ‌و عەشقی جوانی بۆ ئۆناو منداڵە بچووکەکانی تەنانەت نەختێکیش کەم نەبووەوە.

ئەوە گەورەترین نهێنی ئەو بوو بە هەموو پێشکەوتن‌و شکستەکانییەوە بەرهەمی هونەری دەنیشتە دڵی تاکی

خەڵکی جیهانەوە. دەتووت ئەو پیاوە بەگشت ستایشو رەخنەکانییەوە کە دروست کردبوو، بێجگە لەداگیر کردنی دڵەکان کارێکی تری نەبوو. لەڕاستیدا ناوبانگی راستەقینە قەت بەزۆر بەدەست نایەت، تەنها کاتێك کە دەبێتە کارێکی باش، ئینجا بایەخو بەدواداچوون بەخۆیەوە دەبینێت.

لەئەنجامدا لەپایزی ۸۰ ساڵانیدا ژیانی پڕ کارەساتو چالاكو داهێنانی هونەری تێپەڕاند. لەساڵی ۱۹۷۷ماڵئاوایی لەدنیا کرد. بەدەردی خۆی دەیوت: «ئەمر دنیایە باشترینو نەختێ لەخراپترین سۆزەکانی پێ بەخشیوم».

بەم شێوازە گشت دنیای بەرهەمە جوانو هەمیشەییەکانی بەتەنها بەجێهێشت.

منداڵەکانی «چارلز، سیدنی، جراڵدینو مایکڵو جۆزیفو ڤیکتۆریاو یۆجینو جینو ئانەو کرۆیستۆفەر» لەگەڵ دایکیاندا «ئۆنا» گوڵەکانی ماڵەوەیان فرمێسك باران کرد.

تەرمەکەی چارلی چاپلن دوای دوو مانگ چی بەسەر هاتووە؟

تەرمی ئەستێرەی بەناوبانگی جیهانی، چارلی چاپلن دوای دوو مانگ لە ناشتنی دەفرێنرێتو بۆ گەڕاندنەوەشی داوای بڕێك پارە دەکرێت.

چارلی چاپلن لە ۲۲ کانونی دووەمی ۱۹۷۷ لەتەمەنی ۸۸ساڵیدا کۆچی دوای کردو لە سویسرا بەخاك سپێردرا، خێزانەکەی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە پەیوەندی پێوە دەکرێتو پێی ڕادەگەیەنن کە تەرمەکەی چاپلنیان فڕاندووە، بۆ گەڕاندنەوەشی داوای یـەك ملیۆن فـرانـك دەکـەن، بـەڵام هاوسەرەکەی ئـەو داوایـەی ڕفێنەرەکان ڕەت دەکاتەوە.

چارلی چاپلین ساڵی ۱۹۷۷ لە تەمەنی ۸۸ ساڵیدا چەند ڕۆژێك بەرلەمردنی وێنەکەی گیراوە

دواتر ئەو کەسانەی تەرمەکەیان ڕفاندووە پەیوەندی بە پۆلیسی سویسراوە دەکەنو داوای دانوستان دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکە.

هێزەکانی پۆلیس پاش ۱۱ هەفتە لەو ڕووداوە، دەتوانن ئەو کەسانە دەستگیر بکەنو تەرمەکە دەگەڕێننەوە شوێنی خـۆی، بـەڵام لەبری گڵی ئاسایی گۆڕەکە بە چیمەنتۆ پڕدەکەنەوە، بۆ ئەوەی مەترسی بردنی لاشەی چاپلن دووبارە نەبێتەوە.

چارلی چاپلن بە بەناوبانگترین ئەستێرەی مێژووی جیهان دادەنرێت، کە توانی بە بەرهەمهێنانی فیلمی کۆمیدی بێدەنگ چەندین بەرهەمی ناوازە پێشکەش بکات.

چارلی چاپلین
ساڵی ١٩٧٧ لە
تەمەنی ٨٨ ساڵیدا
بەماوەیەکە کەم
بەرلەمردنی،
دواین وێنەی
چارلی چاپلین و
ئۆنای هاوسەری



هەردوو گۆڕی چارلی چاپلین و ئۆنای ژنی چوارەمی کە تا کۆتایی تەمەن بەیەکەوە
مانەوە / وڵاتی سویسرا

ئایا ئەمە کوڕی چارلی چاپلینە؟

ئەم مندا لە کە لە فلیمی (the kid) لەگەڵ چارلی چاپلین ڕۆڵێکی زۆر جوان دەبینێت، زۆر بەناوبانگ دەبێت بەو فلیمە، جولەکانی وەك چارلی چاپلینە، چارلی زۆر بە حەسرەتەوە لە ئامێزی دەگرێت و لە فلیمەکەدا زۆر سەرکەوتوانە لەگەڵ چارلی ڕۆڵ دەبینێت، ئەمە منداڵە لە ڕاستیدا کوڕی چارلی چاپلین نییە، خەڵکی ئەمریکایە ناوی تەواوی (جاکی کوجانە) لە ساڵی ١٩١٤ لە دایك بووە لە ئەمریکا لە ویلایەتی لوس ئەنجلوس، لەساڵی ١٩٨٤ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆجی دوایی دەکات.

چارلی چاپلین و جاکی کوجان لە فلیمی (the kid) ساڵی ١٩٢١ چارلی چاپلین تەمەنی تەنها ٣٢ ساڵ، جاکی موجان تەمەنی تەنها ٧ ساڵ

چارلی چاپلین و جاکی کوجان لە فلیمی (the kid) ساڵی ١٩٧٢چارلی چاپلین تەمەنی ٨٣ ساڵ، جاکی موجان تەمەنی تەنها ٥٨ ساڵ

جاکی کوجان بەر لەمردنی بە چەند مانگێك لەکاتی تەشەنەکردنی نەخۆشی شێرپەنجەدا ساڵی ١٩٨٤ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا

ووته بەناوبانگەکانی چارلی چاپلین



چارلی چاپلین ساڵی ١٩٧٥ لە تەمەنی ٨٦ساڵیدا

* حەز دەکەم لە کاتی باراندا پیاسە بکەم، چونکە ئەو کاتانە هیچ کەسێك ناتوانێت فرمێسکەکانم ببینێ.

*یەکێ لەو شتانەی لە منداڵی دا لە هەتیوخانەدا فێریان کردوم وە منیش منداڵەکانم بەو شتە فێر کردووە ئەوەیە هەرگیز هەموو پارەکەیان بەیەکجار خەرج نەکەن تەنانەت ئەگەر پارەی یەك نانیشیان پێبوو.

* گرگنترین و گەورەترین شانازی من بە پێکەنین خستنی خەڵکییە لەکاتی گریاندا.

* هیچ شتێکی هەتاهەتایی لە ژیانماندا نییە، تەنانەت کێشەکانیشمان هەتاهەتایی نین.

* گەورەترین ڕۆژ کە لە دەستمان دەچێت، ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا پێناکەنین.

* ئەو ڕۆژەی کە ون بوویت لە ژیانتدا، ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا پێناکەنیت.

* فێر بووم... تەنها کەسێك کە دەتوانی من لە ژیاندا دڵخۆش بکات، ئەو کەسەیە کە بە من دەڵێت: تۆ دڵی منت خۆش کرد.

* فێر بووم... بە پارە دەتوانی خانوو بکڕی بەڵام هێلانە نا، دەتوانی جێخەو بکڕی بەڵام خەو نا، دەتوانی سەعات بکڕی بەڵام کات نا، دەتوانی پلە و پایە بکڕی بەڵام ڕێز نا، دەتوانی کتێب بکڕی بەڵام زانست نا، دەتوانی دەرمان بکڕی بەڵام تەندروستی نا، ماڵ بکڕی بەڵام ژیان نا، هەروەها دەتوانی دڵ بکڕی، بەڵام عەشق نا.

* ئەوینداران لەسەر خۆشەویستی دەژین ، وەك چۆن لەسەر تاڵشیك دەژی.

*دۆزەخ ئەوەیە، كە مرۆڤ لەخۆشەویستی بوەستێ.

* هیچ خەمێك وەك خۆشەویستی ڕەتكراوە نیەو، هیچ شادیەكیش وەك ئەو ئەوینە نیە كە جێ بەجێ بووە.

* پاش ماچ كردن ناسكی و سۆز زیاد دەكەن.

*قسەكردن لەخۆشەویستی كردنی خۆشەویستی یە.

* دەبێ كە سەر لەنوێ خۆشەویستی دابهێنرێتەوە .

* خۆشەویستی ئەم داواكارییەی هەیە: یا ئامانجی ئەوە بەلێت ڕاكا، یاتۆ لێی هەڵدێی، ئەگەر ڕای نەكرد لێت ، ئەوا تۆ لێی ڕادەكەی.

*هەموو مرۆڤێك بەشێوازی تایبەتی خۆی خۆشەویستی دەكات

* خۆشەویستی هەر كەسێك جوانە.

* خۆشەویستی زۆر جیاوازە لای ئیمەی پیاو.

*ئەو خۆشەویستیەی کەتەنیا بەشێکە لەژیانی پیاودا، بریتیە لەسەرجەم مێژووی ئافرەت

*وەرە لەگەڵما بژی و ببەرە خۆشەویستم، تاهەموو خۆشیەکمان دەست بکەوێ.

* ماچی کتو پڕ هەمیشە خۆشترە.

*کەناسیمیت خۆشم ویستی ، ئێستا دەتناسم، مادام ناسیومیت زیاتر خۆشم دەوێی.

*پێم بڵێ کێ یەکەم جار ماچی دۆزییەوە؟ ئەوە لێوێکە گەشاوەو پیرۆزە، ماچی کردووەو بیری لەهیچ شتێکی تر نەکردۆتەوە.

*لە بیرتان بێت هەمیشە ڕەفتاری شایستە لەگەڵ کرداره کاناتان بێت بە شێوەیەکی چوست و چالاکانە دواکاریەکانتان بەیان بکەن لە کاتی دەستە بەر بونی دا زیاتر پشت بەخۆتان ببەستن، تا خەڵکان ببینن کە سەرئەنجام قسەکانتان سەری گرتووە.

* ئەوەی کەبیەوێت سەرنجی کچێ ڕابکێشێ، دەبێ سەرەتا سەرنجی دایکی ڕابکێشێ

* کاتێ ووشەمان دەوێ ، ئەوا خۆشەویستی فێری ئەومان دەکات کەچۆن لەقاڵبی نوسیندا دای بڕێژین و لەشەرمانا سور هەڵئەگەڕێین لەکاتی ووتنیدا چونکە خۆشەویستی فەرمانی نوسینێوەیمان پێ ئەدا.

*دەبێ لەکتەر زیاتر لەدوو گوێی هەبێ.

*هەست و سۆزو دڵسۆزی، هەموی لەسەر ئافرەت نوسراوە کە دەبێ لەژیانیدا پەیڕەوی بکات.

*ئافرەت ڕازاییە دوو دڵە وەك پەڕە و گەڵای بەردەم ڕەشە با.

*چێژی ئەویندار وەك چێژی ڕاوچی وایە لە دواکەوتندا.

*ژنان بلیمەتن لە خۆشەویستیدا، بەڵام پیاوان بە گوێ پێ نەدان ئەم هەنەرە فێر دەبن.

* تەنانەت چاکترین منداڵانیش دوژمنی گیانی دایك و باوکانە.

* ئەوەی لەخۆشەویستیدا بێ لەوە دەچێ لە وڕێنەدا یە.

* فێر بووم... کە میهرەبان بوون، زۆر گرنگترە لە راستگۆ بوون.

* فێر بووم... کە هەرگیز نابێ بە دەست و دیاری منداڵ بڵێیت نا.

* گەورەترین خۆشبەختی راکردنە لە نیگەرانی.

* فێر بووم... کە زۆر جار هەموو ئەو شتانەی مرۆڤێك داوای دەکات، تەنها دەستێکە بۆ گرتن و دڵێك بۆ لێ تێگەیشتنی.

*هیچ شتێك بەردەوام نابێ تەنها ڕواڵەتە كەسی بەچاكەكان نەبێ.

* فێر بووم... كە هەمیشە بۆ كەسێك كە ناتوانم هاوكاری بكەم، نزای بۆ بكەم.

*هەست كردن بەئەركی سەرشان لەژیاندا بەسودە بەڵام بێزراوە لەژیانی شەخسیدا.

* فێر بووم... كە پیاسە كردن لەگەڵ باوكم لە شەوێكی هاویندا بە منداڵی، سەرنجڕاكێشترین شتە لە كاتی گەورە بووندا.

*تۆ هەڵەیت ... ئەگەر ڕقت لەهەموو گوڵێک بێت، لەبەر ئەوەیە بەهۆی دڕكی گوڵێكەوە بریندار بوویت.

* پیاو دەتوانێ بەبێ ژن بژی، بەڵام ناتوانین ئەو ژیان بە زیندوو ناوببەین.

*ئەگەر نەت توانی دۆست بۆ خۆت زیاد بكەیت دوژمن بۆ خۆت زیاد مەكە.

*تۆ هەڵەیت ... ئەگەر لێدانەی هەموو هاوڕێكانت بكەیت و حوكم بكەی بەسەریاندا، لەبەر ئەوەیە یەكێ لەهاوڕێكانت خیانەتی لێ كردوویت.

*تۆ هەڵەیت ... ئەگەر واز لەهەموو خەونەكانت بهێنیت، لەبەر ئەوەیە یەكێكیان نەهاتۆتەدی.

* فێر بووم... كە پارە، كەسایەتی ناكڕێت.

تۆ هەڵەیت ... ئەگەر واز لە پاڕانەوەبهێنیت، لەبەر ئەوەیە یەکێ لەدوعاکانت وەڵام نەدراوەتەوە.

*پێکەنین ناتوانێت ئەوەی تورە بوون بردوویەتی بیگێڕێتەوە.

*تۆ هەڵەیت ... ئەگەر واز لەهەموو پرۆژەکانت بهێنی، لەبەر ئەوەیە یەکێ لەپرۆژەکان شکستی هێناوە.

*تۆی هەژار کە دەوڵەمەندبوویت هەرگیز لە خۆت مەگۆڕێ، من لەبەر ئەوەی پێشتر هەژاربووم کاتێك کە دەوڵەمەند بووم بەهیچ شێوەیەك لەخۆبایی نەبووم. هەرچەند یەکێك بووم لەدەوڵەمەندترین کەسەکانی هۆلیوود، بەڵام هەر لەشوقە مامناوەندەکان و خانووی بەکرێدا دەژیام.

*عیشق چییە؟ ژیان بەبێ عیشق پڕە لە هیچ، عیشق خۆیشی لە خۆیا درۆیەکی گەورەیە! گەوووەرەیە چەشنی غەم، چەشنی نیگەرانی، چەشنی تۆ!

*کاری مرۆڤ لەم ژیانەدا ئەوەیە کە بتوانێت خۆی بکاتە قوربانی بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی، با پێشی بڵێن گاڵتە جاڕ، بەڵام گرنگ ئەوەیە دڵە تاریکەکان ڕوناك بکاتەوە.

*هەوڵا و ماندوبوون و کۆڵنەدانی مرۆڤ ئەو کاتە جەوهەرەکەی دەردەکەوێت کە هەوڵی زیندەبەچاڵا کردنی کارەکانی دەدرێت.

*کارێکی گران نییە گەر بتەوێت لەنێوان خۆشی و خەمدا یەکێکیان هەڵبژێریت.

*ئەگەر بە قەرزیش ئاهەنگی هاوسەریت سازدا ئەوا ماڵ ئاوایی لە پێکەنین بکە.

* فێر بووم... کە ڕووداوە بچووکە ڕۆژانەییەکان، ژیان خۆشتر دەکەن.

* فێر بووم... کە گرنگ نییە ژیان تاچەند داوای جدی بوونت لێ دەکات، هەموومان پێویستمان بە هاوڕێیەکە تاکو بۆ چەند ساتێك لە جدی بوون دوورمان بخاتەوە.

*بڕوا بەخۆ بوون یەکەمین نهێنییەکانی سەرکەوتنە.

* فێر بووم... کە خوداوەند هەموو شتێکی لە یەك ڕۆژدا دروست نەکرد. ئەی بۆچی ئێمە وادەزانین دەبێ هەموو شت لە یەك ڕۆژدا بەدەست بهێنین؟

* فێر بووم... کە چاوپۆشی کردن لە ڕاستییەکان، نایانگۆڕێت.

* فێر بووم... کە عەشق برینەکان سارێژ دەکات نەك زەمەن.

*ئەگەر هەموو ئارەزووەکان بێتە دی، گەلێ خۆشیمان لە دەست دەچێ.

* فێر بووم... کە کەس لە دیدی ئێمەوە کامڵ نییە، تا ئەوکاتەی عاشق دەبین.

* یەك جار لە دوژمنی خۆت بترسە و هەزار جار لە هاوڕێکەت.

*کاتێ کارێکی هوڵەری پێش زەمەنەکەی دەکەوێ ، لەڕاستیدا زەمەن کەوتۆتە دوای لەوەوە.

* فێر بووم... کە ژیان دژوارە، بەڵام من لەو سەرسەختترم.

* فێر بـووم... کە دەرفەتەکان هەرگیز لەناو ناچن، بەڵکو کەسێکی تر دەرفەتە لەدەستچووەکەی ئێمە دەقۆزێتەوە.

* بەختەوەری، مەودای نێوان بەدبەختییەك و بەدبەختییەکی ترە.

* لە دنیادا جێگە بۆ هەموو کەس هەیە. کەوابوو لەباتی ئەوەی جێگەی کەسێکی تر داگیر بکەیت، هەوڵ بدە جێگەکەی خۆت بدۆزیتەوە.

* ئەگەر رۆژێك خیانەتت بینی، بزانە کە زۆر بەنرخیت.

* فێر بووم... کە خەندە هەرزانترین رێگەیە بۆ ئەوەی دیدی خۆمانی پێ فراوان بکەین.

* لەوانەیە ژیان ئەو شایە نەبێت کە ئاواتت بۆی دەخواست، بەڵام ئێستا کە بۆی بانگهێشت کراوی، تا دەتوانی تێیدا سەما بکە.

* کاتێك ژیان سەد هۆکارت پیشان دەدات بۆ ئەوەی بگریت، تۆ هەزار هۆکاری پیشان بدە بۆ ئەوەی پێبکەنیت.

* ئەگەر شاد بووی لەسەرخۆ پێبکەنە تاکو خەم بەئاگا نەیەت، ئەگەریش خەمگین بووی، لەسەرخۆ بگری تاکو شادی نائومێد نەبێت.

* فێر بووم... کە ئاواتمە پێش مردن، یەك جاری تر بە دایکم بڵێم خۆشم دەوێت.

* مرۆڤ ئەگەر هەژار و برسی بێت، باشترە لەوەی کە سووك و بێ هەست و سۆز بێ.

*ڕەنگە ئەو ووشەیەی خانمێکی شازادا توڕەدەکات، خانمە بێریەکی چیکانی ئەلبیش بووروژێنێ، بەڵام کەهەردووکیان توڕەدەبن ئەوا سۆز هەردووکیان بە هەمان شێوە دەجوڵێنێ.

*بە هەوڵ و ماندوبونی خۆت پەرە بە ژیانی خودی خۆت بدە. خاوەنی بیروڕای خۆت ببە تا ئەوکاتەی ماڵ ئاوایی لە ژیان دەکەیت.

*لەبەرامبەر هەموو نەبونێکدا بوونێك هەیە، تۆش لەبەرامبەر هەموو بێهیواییەکدا، هیوایەکت هەبێت.

* بۆشایی ژانی تێك شکاندوە زیاتر لەخۆشەویستی و لوت بەرزیشی زیاتر لە بۆشایی و ساویلکەیشی زیاتر لەهەردووکیان.

*ئەگەر کەسێ بیەوێ کەلەهولەرەکەیدا دەرکەوێ دەبێ شەرم لەدڵی خۆی دووربخاتەوە.

* دره‌وشاوه‌ترین تاجی پاشایه‌تی له‌ناو ئاگری گوره‌کاندا دروست کراوه.

* خۆپه‌رستی ژنان، گه‌وره‌ترین هۆکاری به‌دبه‌ختی خۆیان و هه‌لوه‌شانه‌وه‌ی خانه‌واده‌کانه.

* به‌داخه‌وه، هه‌رچه‌نده‌ی هه‌ولمدا خه‌لکی تێبگه‌ن، ئه‌وان ته‌نها پێکه‌نین.

*هۆی ئه‌وه‌ی که ئاشقه‌کان له‌یه‌ك بێزار نابن ئه‌وه‌یه که هه‌میشه باسی خۆیا ده‌که‌ن.

*ژنی چاك له‌ناو داروپه‌ردوی دنیادا باشترین شته، ژنی خراپیش توندترین نه‌فره‌ته له‌ژیانی مرۆڤایه‌تی.

*پیاوان که‌م که‌م و به‌رده‌وام خۆشه‌ویستی ده‌که‌ن، به‌لام ژنان زۆر زۆرو به‌ده‌گمه‌ن.

* خۆشه‌ویستی له‌یه‌که‌م دیتنه‌وه به‌شێوه‌یه‌ك ده‌گه‌شێته‌وه که‌شتێکی تیایه شایه‌نی رێزه‌و شتێکی تریش که شایه‌نی به‌زه‌ییه.

*باشترین نیوه‌ی ژیان له‌ده‌ستی ئه‌و پیاوه ده‌چێ که به‌گه‌رمی خۆشه‌ویستی ناکات.

*پێویسته متمانه‌ت به خۆت هه‌بێت، تا ئه‌وه نهێنی یه‌که‌یه، هه‌رچه‌نده ئه‌وکاته‌ی که له هه‌تیوخانه‌بووم، کاتێك له‌سه‌ر جاده ده‌گه‌رام (ده‌سوڕامه‌وه) بۆ ئه‌وه‌ی شتێك بدۆزمه‌وه بۆ خواردن، ته‌نانه‌ت له‌وکاته‌ش خۆم وه‌ك گه‌وره‌ترین ئه‌کته‌ر له جیهاندا ئه‌بینی.

*پیاو بەخۆی دەڵێ: تۆ بڵێی دڵخۆشی کەم؟ ئایا خۆشی دەوێم؟ ژنیش دەڵێ: لەوانەیە گاڵتەبکات کاتێ دەڵێ خۆشم دەوێی.

* خۆڕووت کردنەوە لەخۆشی ئەم سەردەمەیە.

* دەشێ ئافرەت ئاشق بێ بەڵام لەگەڵا ئەمەشدا زیاتر لە دە تا دوانزە ووشە بەخۆشەویستەکەی ناڵێ بە درێژای ساڵێك.

* کە پیاو دەکەوێتە خۆشەویستیەوە ئەوا چیتر شتەکان وەك خۆی نابینێ ئەگەر زۆر داناش بێ.

*تەماشا دەکرێ کەهەموو شتێ بڵێ، لەهەمان کاتیشدا دەشێ کەنکوڵی لێ بکرێ چونکە تەماشا دووبارە نابێتەوە.

* ئەنالەت باشترین منداڵەکانیش، دوژمنی گیانی دایك و باوکیانن.

* ژنهێنان وەکو چوونە بازاڕە، تا پارە و پێویستی و ئیرادەت نەبوو، ژن مەهێنە.

* گەورەترین ئەڵماسی جیهان، خۆرە کە خۆشبەختانە تیشکەکەی لە هەمووان دەدات.

*بیرەوەری ئەزموونە ترساکەکانمان فێرمان دەکات خۆمان لە گەڵ ڕاستییەکاندا زیاتر ببینینەوە.

*هونەر لەسێبەری مرۆڤایەتی زیاتر نیە.

*فیلمەکان هەموویان مۆدەن. بینەران (ئامادەبووان) بەراستی ئەیانەوێت ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ ببینین

*هونەر بۆ خۆی ئامانج نیە بەڵکو هۆکارێکە بۆدواندنی مرۆڤایەتی.

*رۆژێك بە بێ خەندە رۆژێکی لەدەست چووە (رۆژێکی بەهەدەرچووە).

*ئێمە زۆر بیر ئەکەینەوەو زۆر کەم هەست ئەکەین.

*شکست هیچ گرنگ نی یە، ئەوە ئازایەتی دەوێت کارێك بکەیت کە وات لێبکات گەمژە دەرکەویت!

*ڕاستییەکەی بەئازار، سەد هەزار ئەوەندە باشترە لە درۆیەکی خۆش گوار.

* ئەکتەرەکان لەو کەسانەن کەخۆشەویستی دەکەن و هەست بەڕاستییە مەزنەکان دەکەن و ڕای دەگەیەنن.

*هیچ شتێك هەمیشەیی و هەتاهەتایی نییە لەم جیهانە شەڕخوازەدا - تەنانەت گرفتەکانیشمان.

*مرۆڤ کاتێك خیانەتی لێ دەکرێت کە نرخی لەلای خەڵکی پەیدا کردووە.

*جیهان شانۆیەکە کە هەریەکێك تیایا دەوری خۆی دەبینێ و کرێی خۆی وەر دەگرێ.

*غەمبارترین شت کە بتوانم بیری لێ بکەمەوە راهاتن و خووگرتنە بە خۆشگوزەرانی (ژیانێکی خۆشگوزەران کە هەموو شتێك رابواردن و شتی گرانبەهایە)

*ژیان تراژیدیایە (مەرگەساتە) کاتێك زۆر لە نزیکەوە سەیر ئەکرێت ، بەڵام کۆمێدیایە کاتێك لە دوورەوە سەیر ئەکرێت.

*ئەگەر ویستت کەسێك چارە ڕەشبێت دوعای ئەوەی لێبکە کە عاشق بێت.

*لە دەست چوو ترین ڕۆژ لە ژیان دا ڕۆژێکە کە یەکێك (مرۆڤ) تێیدا خەندەی نەکردبێت و پێ نەکەنیبێت.

*خۆبەزلزانی هەرگیز بەخۆشەویستی ناژمێردرێت، بەڵکو بەدەمارگیری ولەخۆبای دەژمێردرێت، چونکە خۆشەویستی هەمیشە لێبوردەیی وکارلێك کردن وتێگەیشتن دەگرێتەوە

* هەرکاتێك کە بیرم لەوە کردبێتەوە کە دەمەوێت بژیم زۆریش بژیم و خۆشیش بژیم، بە بیرکردنەوەم لە مەرگ، منداڵم لەو حەزانەم دەکوشت.

*پێویستی بنەڕەتی لەکتەرێکی گەورە لەوەیە کە خۆی خۆش لەوێت لە کاتی نواندن دا.

*هیچ کارو پێویستی یەکی ترم بە ئەمەریکا نی یە. ناگەڕێمەوە بۆ ئەو وڵاتە ئەگەر حەزرەتی عیساش سەرۆك وڵات بوایە.

*من ویستم لەڕێگای کۆمیدیاوە بڵێم:
. کوا ئەو ژیانەی کە لەژیانماندا وونمان کردووە؟
. کوا ئەو داناییەی کە لەزانیندا وونمان کردووە؟
. کوا ئەو خۆشیانەی کە لێمان زەوتکراون؟
. کوا ئەو ژیانە جوانەی کە بەهۆی جەنگەوە شێواندومانە؟

*بەپارە دەتوانیت کاتژمێر بکڕیت بەڵام کاتت هەرگیز پێ ناکڕێت.

*هیچ زانیاری یەکم لەسەر کەسایەتی یەکە نەبوو. بەڵام لەو ساتەی کە جلەکانم لەبەرکرا، جلەکان و میکیاژەکە وایان لێ کردم هەست بکەم کە چ کەسێك بوو. دەستم کردم بە ناسینی، تا ئەو کاتەی کە پێم خستە سەر سەکۆی شانۆکە ئەو بە تەواوی لەدایك بوو.

*هەموو ئەوەی کە پێویستمە بۆ دروست کردنی کۆمێدیایەك پارکێکە ، پۆلیسێکە و کیژێکی جوانە.

*بۆ ئەوەی بەڕاستی پێبکەنی ، پێویستە بتوانیت ئازارەکەت بهێلیت (وەرگریت) ، پاشان یاری لێ بکەیت.

*تەلارەکە (بیناکە) شوێنێکی تایبەتە بەهۆی شێوە و هونەری تەلار سازی یەکەوە (پێکهاتەکەیەوە) .... بەڵام ئەوە خەڵکە کە تەلارەکە تایبەت ئەکات بە بەشداری کردن تیایدا.

*ئەوەندەی بیر لەوە دەکەینەوە کە بەرگێکی پاك لەبەر بکەین، ئەوەندە بیرمان لەوە بکردایەتەوە کە پێویستە بیرێکی پاك لە مێشك بکەین، هەرگیز توشی گرفت نەدەبوین.

*پێکەنین هێز بەخشە ، هێورکەرەوەیە ، کۆتایی پێ هێنەرە بۆ ئازار (ناخۆشی).

*بێلانەیەك، جوامێرێك، شاعیرێك، خەونبینەرێك ، هاوەڵێکی تەنها ، هەموو کات گەشبینە بە دڵداری (ئەڤین) و سەرکەشی.

*یارمەتی دانی هاورێ یەك لەکاتی پێویستی دا ئاسانە ، بەڵام پێدانی کاتی خۆت بۆی هەمووکات گونجا و تەبا نی یە.

*تەنها بە یەك شت (بە یەك شێوە) ئەمێنمەوە ، وە تەنها بە یەك شت ، ئەو شتەش کلاونە (کلاون ئەو کەسەیە کە بەشداری سێرك و کارە خەندەدارەکان ئەکات جلوبەرگێکی تایبەتی خۆی هەیە لوتێکی سورو دەمووچاوێکی رەنگ کرا) لەبەر ئەوەی بوون بە کلاون ئەمخاتە سەر زەویەکی (ئاستێکی) زۆر بەرزتر لەهەر سیاسەتمەدارێك.

*پارە خزمەتکارێکی باشە و گەورەیەکی خراپە.

*ئالودەبوونمان بە خراپەکانی خەڵکییەوە خراپیەکانی خۆمان خراپپر دەکات.

*لاوان پێیان وایە کە هیچ شتێك لەنوسلی شانۆگەری ئاسانتر نیە ئەمە راستە، بەڵام لەسەرکەوتن زەحمەت ترە.

*ئا ئەمەیە گرفتی لەم جیهانە. هەموومان بە سووك (بە کەم) سەیری خۆمان دەکەین.

*ووشەکان بێ نرخن (بێ کەڵکن). گەورەترین شتێك کە بتوانیت بیڵێیت «فیل»ە.

*پیاو دەتوانێ بەبێ ژن بژی، بەڵام ناتوانین لەو ژیان بە زیندوو ناوببەین، بۆیە لەدوای چەندین جار شکست لە خۆشەویستی و چەندینجار شکست لە هاوسەرگیری دواجار هەر ژنم هەڵبژاردەوە.

*زۆربەی کەس ڕاستییەکان نابینن تا ئەوکاتەی کارلەکار دەترازێت.

*من بۆ خەڵکم (لەوەی هەمە بۆ خەڵکە). ناتوانم هیچ بگۆڕم تازە (ئیدی هەر بەم شێوە ئەبم).

*ڕووی ڕاستی خۆت دەرمەخە بۆ ئەونافرەتەی ڕووی ڕاستی خۆیت لێ دەشارێتەوە.

*وا دیارە یاساکانمان (دەسەڵاتەکان) هەمیشە پێمان ئەڵێن کە چی ئەکەین

*هەمیشە ڕێمان لێ ئەگرن لەوەی چەوی خۆمان وەرگرین (کات و ژیانێکی خۆش بەسەربەرین).

*بەپارە دەتوانیت دەرمان و دەوا بکڕیت بەڵام هەرگیز لەو تەندروستیە سروشتییەت پێ ناکرێت کە خودا پێی داوین.

*بیرت بێت، دەتوانیت هەمیشە بچەمیتەوە و هیچیش هەڵنەگریت.

*مرۆڤەکان چەندە بۆ کارکردن و ئارەق کردنەوە لەکارگەکاندا دروست کراون ئەوەندەش بۆ لەوە دروست کراون کە خۆشی بەسەربەرن و لە خۆشیدابن.

*ئەکتەرەکان بەدوای ڕەتکردنەوە (رەفزکردنەوە) ئەگەڕێن. ئەگەر دەستیان نەکەوێت ئەوا خۆیان ڕەت ئەکەنەوە.

*قورسترین کار بۆ مرۆڤ ناسینی خۆیەتی، ئاسانترینیش لۆمەکردنی بەرامبەرەکەیەتی.

*کۆمیدیا بۆئەوە دێتە کایەوە تابەرگری لەئەقڵ و باشی تێگەیشتن و چاکسازی و هەق بکات.

*ئەکتەرەکان بەدوای شتە ڕەتکراوەکاندا دەگەڕێت، ئەگەر وەدەستیان نەکەوت ئەوا خۆیان ڕەت دەکەنەوە.

*سینەما مۆدێکی کەم خایەنە، جەماوەر دەیانەوێت ئەکتەرەکان ڕاستەقینە بن لەسەر تەختی شانۆ.

* ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە خەمی لە کەسانی ئاسایی زیاترە، ئەو شتانەشی کە بەلایەوە گرنگن سنووری بەرژەوەندیە خودیەکان دەبەزێنێت، بەمەش هەست بەخەمی کەسانی تر دەکات و لەو ماف و حەقانەیان ئاگاداریان دەکاتەوە کە خۆیان کوێر بوون لە ئاستیدا.

*لانی کەم نیوەی ژیان، باشتریت نیوە لەو پیاوە شاردراوەتەوە کە بەهەموو دڵی خۆشەویستی نەکردووە.

* دەکرێ کەژنی ئاشق لە پەیمان شکێنی ببورێ، بەڵام پیاو ناتوانێ ئەمەبکات، چونکە جیاوازییەکی ڕاستەقینە هەیە لەنێوان ناپاکی ژن و ناپاکی پیاودا.

*هێزی ئافرەت لە ڕادەی ئەو ئازارەدایە کە توشی خۆشەویستەکەی دەکات کاتێ سزای ئەدات.

* کاتێك پیاو فێری لوت بەرزی دەبێت، ئەوا هەر ئافرەتێك لای بەسودە هیچ ئافرەتێکیش پێویست نیە.

*ئەڵمانیەکان وەك چاکە سەیری خۆشەویستی دەکەن - وەك پریشکێك لەبونەوریکی خوداوەندی.

* ئەگەر ئیتاڵی لەناو سۆزەکانیدا بژی کاتێ ڕق و خۆشەویستی دەیوروژێنێ فەڕەنسیش لە لوت بەرزیدا، ئەوا ئەڵمانیە دڵا ساف و سادەکان کە لە جێرمانیە کۆنەکانەوە هاتوون لەسەر بیرە دابڕاوەکان دەژین.

*ج ڕەحمەتێکە گەر ژنانی ئەمڕۆ بتوتن لەتەمنی پەنجا ساڵیدا بمرن.

*شتێکی هیچە ئەگەر بە کچێك بڵێی (دڵسۆزیە بۆ ئەو مێردەی هەڵی دەبژێری) دوایش لەدژی ویستی خۆی شوبکات بە پیاوێکی پیری بێزارکەر.

* کاتێ لەبون بەهاوسەربوندا خۆشەویستی بوونی نابێ، ئەوا ناپاکی ژنان بێ گومان تاوانێکە لە دژی سروشت.

*کەسایەتی ڕاستەقینەی پیاو ئەو کاتە دەردەکەوێت کە سەرخۆش بێت.

*تەنها یەك ڕێگە هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دڵسۆزیەکی زۆر لەهاوسەریدا ئەویش ئەوەیە ئازادی بدە بەلاوان و تەڵاقیش بەوانەی بە هاوسەر بوون.

*ئەورۆژەی کە تیایدا پێنەکەنیویت ئەوا ئەو ڕۆژەت بە فیڕۆ داوە.

*گەڕیدە، جوامێر، شاعیر، خەوبین، پیاوی تەنیا، هەمیشە بەئاواتی خۆشەویستی و سەرکێشیەوەن.

*ئەکتەر پەیکەر تاشێکە کە لەسەهۆڵا پەیکەر دەتاشێ.

*بۆ ئەوەی بە ڕاستی پێبکەنیت، پێویستە بتوانی ئازارەکانت دەرکەیت و یاریان پێبکەیت.

*بەدوای مانای چیەوەیت؟ ژیان ئارەزووە لەك مانا.

*

*من کارێکی زیاترم لە ئەمریکا نەماوە، ئاگەڕێمەوە بۆ ئەوێ ئەگەر حەزرەتی مەسیحیش سەرۆکی ئەو وڵاتە بێت.

*ڕقی پیاو تیدەپەڕێ، دیکتاتۆریش دەمرێ، وە ئەو هێزەی لە خەڵکیان سەندووە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکەکە، هەرچەندە پیاو بمرێ ئازادی هیچ کات لەناو ناچێت.

*ژنە زۆر بیردەکەینەوە و زۆر کەم هەست دەکەین.

*لە کۆتاییدا، هەموو شتێك دەمامکە.

*لە هەمووی دڵرفێنتر! نیو یۆرك! ئەمریکا!

*من بە یەك شت دەمێنمەوە، تەنیا یەك شت، ئەویش مانەوە وەکو گاڵتەچی (مهەرج) کە هەستێکی وام پێدەبەخشی بەرزتر بم لە هەموو سیاسیەکان.

*من پێم وایە یەکێك لە گاڵتەجاریەکانی مرۆڤ بریتیە لە ئەنجامدانی کاری هەڵە لە کاتی گونجاودا.

*بۆ ئێمە واباشترە بە چاکی بمرین لەوەی بەمشێوەیە بژین.!

*هەموو ئەوانەی دەمەوێت کۆمیدیای پێ درووست بکەم: باخێك، پۆلیسێك و کچێکی جوان.

*بەپارە دەتوانیت پلە و پایە بکڕیت بەڵام هەرگیز ناتوانیت ڕێز و حورمەت بکڕیت.

*لەو ناشقەی کە دەلەرزێ ناکرێ کە بێدار بێت، چونکە خۆشیەکانی خۆشەویستی هەمیشە ژیاوین لەگەڵا ترسدا.

*ووشەکان هەرزانن، گەورەترین شت کە دەتوانی بیڵێیت «فیلە».

*جیهانی خۆش و ئارام دەرفەتی کار بۆ خەڵکی دەڕەخسێنێت.

کتێبخانەی کاریز
کەرکوک - داقوق

*من بۆ خەڵکم. ناتوانم ئەوە بگۆڕم.

*بەپارە دەتونیت کتێب بکڕیت بەڵام زانست و زانین نا دەبێت خۆت فێربیت.

*چوومە بواری بازرگانیەوە بۆ بەدەست هێنانی پارە، وە هونەریش لەوێوە گەشەی کرد. ئەگەر خەڵك تێبینیەکی هەڵە بکات ئەوا ناتوانم رێیان لێبگرم وا بیربکەنەوە چونکە راستیە.

*بۆچی شعر پێویستی بەوە بێت هەست ببەخشێ.

*ژیان ترادیژیایە کاتێك لە نزیکەوە لێیڕوانی بەڵام کۆمیدیایە لە دوورەوە.

*پیاو بە تەنیا بلیمەتە، بەڵام پیاوەکان بە کۆمەڵ شێوەی درندەیەکی بێسەرە کە بۆ هەرکوێ پاڵی پێوە بنێیت دەڕوات.

*من لەگەڵ خوادا لە ئاشتیدام، ململانێم لەگەڵ مرۆڤە.

*سەرنەکەوتن گرینگ نیە. ئازایەتی دەوێت خۆت بە گێل بزانیت.

*خەمبارترین شت کە دەتوانم بیری لێبکەمەوە ئەویش ڕاهاتنە لەسەر ژیانێکی خۆش.

*ژیان شتێکی جوان و مەزنە، تەنانەت بۆ کەسایەتیە کەمەکانیش.

*بەداخەوە زۆر درەنگ زانین بە پارە ناتوانیت هەموو شتێك بکڕیت.

*هیچ کاتێك ناتوانی پەلکە زێڕینە ببینی ئەگەر سەیری خوارەوە بکەیت.

*هەمیشە حەز دەکەم لەژێر باراند ڕێ بکەم تاکو کەس فرمێسکەکانم نەبینێ.

*خۆشەویستی زیاتر لە بێزاری مێشك دە سڕێتەوە؟

*مرۆڤ پێویستی بەتەنهایی هەیە لەکامەرانی و خۆشەویستیدا ، پێویستی بەکۆمەڵگە هەیە لە پێناوی ناوبانگدا.

*دەبێ ژن پیاوێکی ئاسایی نەوروژێنەر هەڵبژێرێ، بەڵام دەبێ ئاشقێکی سەر سەخت هەڵبژێرێ.

* لەگەرمەی ئازایەتیمدا چەندە هاوارك کردووە (ئەگەر کەسێ دەیەوێ دەمانچەکەی بنێ بەسەرمەوە ئەوا پێش ئەوەی بمرم سوپاسم دەکرد ئەگەر بوارم هەبوو) تەنها ڕێگە بۆ دەربڕینی ئازایەتی لەخۆشەویستیدا ئەوەیە کە مرۆڤ بە گەرمییەکی کەمترەوە خۆشەویستی بکا.

*بەشداری کردن لە پارەدا خۆشەویستی دەقات زیاد دەکات، بەڵام بەخشینی پارە لەناوی دەبات.

*چێژەکانی جەستە بەتێپەڕ بوونی کات کەم دەبنەوەو ئازارەکانی زیاد ئەبن.

* ئەوەی کە هەموو کەسێ دڵخۆش کا هیچ کەسێ زۆر دڵخۆشی ناکا.

*ژیان هێشتا شتێکی شایستەیە ئەگەر پێبکەنیت.

*ئازارەکانم ڕەنگە هۆکاری پێکەنینی هەندێك کەس بێت، بەڵام هیچ کات پێکەنینم نابێتە هۆکاری ئازاری کەسێك.

*خەیاڵ کردن هیچ مانایەکی نیە بەبێ ئەنجامدانی.

*پێکەنین هێز پێدەرە، هێمن کەرەوەیە، ئازارشکێنە.

*ژیان ڕەنگە جوان بێت لەگەر خەڵکی بەتەنیا بەجێ بهێڵێ.

*ژیان دەتوانێ دڵرفێن بێت لەگەر لێی نەترسیت، ئەوەی کە دەیەوێت بوێری، خەیاڵە.

*دەتلیت بە پارە جێگەی خەو بکڕیت بەڵام ناتوانیت خەوێکی ئارامی بکڕیت.

*ئەوە كێشەی ئێمەیە لەگەڵ دنیادا كە هەمووومان خۆمان بەكەم دەزانین.

*لە ژێر سێبەر خۆ بەزل زانیماندا، هەموو پاشاكان لەسەر دەسەڵات دێنینە خوارێ.

*خۆشەویستی ڕاستەقینە لە هەموو نائومێدیەك جوانترە چونكە دەربڕێت.

*ئاوێنە باشترین هاوڕێی منە چونكە كاتێك كە دەگریم ئەو هەرگیز پێناكەنێ.

*خێراییمان داهێناوە بەڵام خۆمانمان پەل بەست كردووە.

*من بڕوام بە هێزی پێكەنین و فرمێسك هەیە وەكو دژێك بۆ قین و ترساندن.

*پێویستیت بە هێزە تەنیا لەو كاتەی كە دەتەوێت بۆ ئەنجامدانی هەندێ كاری ئازاردەر لەگەرنا خۆشەویستی بەسە بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێك.

*بڕوام بەوە نیە كە خەلكی عەوام دەزانن كە چیان دەوێت، ئەوە دەرئەنجامەكەی ئەوەیە كە من لەسەر پیشەكەم وێنە كێشراوم.

*هیچ زانیاری یەكم لەسەر كەسایەتی یەكە نەبوو. بەڵام لەو ساتەی كە جلەكانم لەبەركرا، جلەكان و میكیاژەكە وایان لێ كردم هەست بكەم كە چ كەسێك بوو . دەستم كردم بە ناسینی، تا لەو كاتەی كە پێم خستە سەر تەختەی شانۆكە ئەو بە تەواوی لەدایك بوو.

*یارمەتی دانی هاوڕێیەکت لەکاتی پێویستیدا زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەی کاتی خۆتی پێدەیت هەموو کات ڕێك ناکەوێت.

*ژیان شانۆیەکە کە ڕێگەی تاقیکردنەوە نادات، بۆیە گۆرانی بڵێ، بگری، سەما بکە، پێبکەنە، و بژی پێش ئەوەی پەردەکە دابخرێ و ئەو پارچەیە کۆتایی بێت بەبێ چەپڵە لێدان.

*خۆشەویستی ڕاستەقینە بیرکردنەوە لەمەردن زۆر ساکار دەکات، چونکە مردن هیچ ترسێکی بۆ درووست ناکات، چونکە لەو نرخە زیاتر نیە کە مرۆڤ دەکرێ بیدا بەزۆر شت.

*لە هەر ڕۆژێکدا دڵە ئەویندارەکان کەم دەبنەوە و مێشکە ڕۆشنبیرەکان زیاد دەبن.

* پیاو لە گەنجیدا دەکەوێتە خۆشەویستی ژنێکەوە کە سیماکانی پاڵی پێوە دەنێن، دواتر بەخەمبارییەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستیەکی سادە دوای ئەوەی بێزار دەبێ لە ئەوینی پیرۆز، ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینیەی کەتەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە لە جێیەکدایە لەنێوان ئەو دوانەدا.

*ئەو پیاوە کامەرانە کەدەتوانێ هیموو شتێ بەژنەکەی بڵێ.

*پڕو پوچی خۆشەویستی دەتر سێنێ.

*ئەگەر مرۆڤ خۆشەویستی نەکات لەکاتێکدا کە ئاسمان گیانێکی پێ بەخشیوە بۆ ئەو مەبەستە، ئەوا ئەمە بریتیە لەخۆ بێ بەشکردن لە کامەرانیەکی گەورە.

*خۆشەویستی ۹۹ر۹۹ژیلەر ترین هەست درووست دەکات.

*خۆشەویستی لەگەر کلۆلیش بێ، بەمەرجێ ئەوینێکی ناکۆتا بێ لەناسکیدا ئەو ئەوپەڕی کالەرالیە.

*یەکەم خۆشەویستیمان بێگومان گەورەترین خۆشەویستیمان نیە.

*زۆر جار خۆشەویستی لە تیشکە زۆرلاوازەکانی هیوا درووست دەبێ، ڕەنگە تیشکەکە لەکۆتایی دوو یاسێ ڕۆژدا نەمابێ بەڵام خۆشەویستی لەدایك بووە.

*ئەو پیاوەی زۆر جدی نیە، کاتێك دەربارەی کاروباری بازرگانی لەگەڵ ژندا دەدوێ.

*ژنان سۆزو هەڵچونیان لە ئەقڵا پێ باشترە.

*ئەو گیانەی کەبۆ خۆشەویستی خوڵقاوە ناتوانێ کەهەستێکی تەواوی هەبێ بۆ هەر کانەرانیەکی تر.

*من پێویستم بە دەرمان نیە تاکو ببم بە کەسێکی بلیمەت، بلیمەتیم ناوێت تاکو ببم بە مرۆڤ، بەڵام پێویستم بە خەندەیەکی تۆیە تاکو دڵخۆش بم.

*من بڕوا و بڕوانەبوونم بە هیچ شتێك نیە، ئەمەش بە نزیك بوونە لە «ڕاستی» وێنا دەکرێ کە دەتوانرێ تەنیا بە بیرکاری بسەلمێنرێ.

*هەرکە دەستم کرد بە خۆش ویستنی خۆم درکم بەوە کردکە مێشکم بێزارم دەکات و ڕەنگە نەخۆشم بخات بەڵام هەرکە بەستمەوە بە دڵمەوە مێشکم بووبە هاوپەیمانم ئەمڕۆ ئەو پەیوەندیەم ناو ناوە «ژیری دڵ»

*بەپارە دەتونیت مرۆڤ بکڕیت و بیکەیتە کۆیلە بەڵام هەرگیز ناتوانیت دڵی بکڕیت

*ئێمە هەموومان دەمانەوێت یارمەتی یەکتربدەین، مرۆڤەکان بەو شێوەیەن، ئێمە دەمانەوێت لەکاتی خۆشیەکاندا لەتەك یەك بین نەك ناخۆشیەکان.

*دیکتاتۆرەکان خۆیان ئازاد دەکەن بەڵام خەڵکی دەکەن بە کۆیلە.

*بیر لە خۆت بکەرەوە بەلایەنی کەم یەك جار لە ژیانتا ئەگەرنا ڕەنگە باشترین کۆمیدیا لەدەست بدەیت لە جیهاندا.

*جیهانێکی دڵ ڕەقە وە ئەوەی دڵ ڕەقە دەتوانێ چارەی بکات.

*بە پارە دەتوانیت ماڵ و سەیارە و هەرچیت بوێت بیکڕیت جگە لە خۆشی و ئارام و گەنجێتی.

*ئەوە کێشەی ئێمەیە لەگەڵ دونیادا کە خۆمان بەکەم دەزانین.

*ئازارەکانت ڕەنگە پێکەنین ببەخشێ بە کەسێك، بەڵام پێکەنینەکانت ئازار بە هیچ کەسێك نابەخشێ.

*زۆر ڕاستی و وردەکاری هەیە لە هونەردا زیاتر لەوەی کە لە کتێبە مێژووییەکاندا هەیە.

*پێویستیت بە هێزە، تەنها کاتێک دەتەوێت شتێکی ئازابەخش بکەیت ئەگەرنا خۆشەویستی بەسە بۆ ئەوەی هەموو شتێک ئەنجام بدەیت.

*من بڕوام وانیە کە ئەمریکای ڕاستەقینە نیویۆرک بێت یان کەناری زەریای هێمن، من خودی خۆم ڕۆژئاوای ناوەڕاستم پێ باشترە، شوێنەکانی وەکو باکور و باشوری داکۆتا، مینیەپۆلس و سەینت پاوڵ پێ خۆشە لەوێ پێم وایە ئەمریکی ڕاستەقینەی لێبێت.

*زیاتر لە زیرەکی پێویستمان بە میهرەبانی و ڕووخۆشی هەیە.

*ڕێگای ژیان دەتوانرێ ئازاد و جوان بێت، بەڵام ئێمە ئەو ڕێگایەمان وون کردووە.

*زانیارییەکانی ئێمە ئێمەی کردووە بە گاڵتەجاڕ.

*زیرەکیمان توند و بێ بەزەییە.

*لەم ڕێگا ناومێدەوە، زۆر شتم کردووە بە کۆمیدیا.

*زیاتر نیگەرانی ویژدانت بە لە ناوبانگت، لەبەرئەوەی ویژدانت تۆیت، ناوبانگت ئەو بیرکردنەوەیە کە خەڵك سەبارەت بە تۆ هەیانە، ئەو بیرکردنەوەی خەڵك بەرامبەر بەتۆ هەیانە کێشەی خۆیانە.

*بەکارە هوونەرییەکانم هەرچیم کرد خەڵکی لە ئازارەکانیان بە ئاگا بێنمەوە بەڵام خەڵک هەر پێکەنین

*لە بێمانایییەکی وەهاوە، بڕوام وایە رووحم لە دایك بوبێت.

*سادەیی تەنیا شتێکی سادە نیە.

*لێوەکانم هەرگیز کێشەکانم نازانن ئەوان هەمیشە پێدەکەنن.

*تێڕوانینی زۆر سادە هەمیشە پەسەندترینە.

*پێویستە بەرووی خۆشیەکانماندا پێبکەنین لەبەرامبەر هێزی سرووشت.

*زیادەڕۆیی کردن لە هەوڵ و کۆشش دا بێهودەیی دەشارێتەوە.

*زۆر بە سادەیی بڕوام بە خوا نیە، بە هیچ کەسێك.

*باشتروایە مرۆڤ بێدەنگ بێت وەك لەوەی ووشەی ئاسك بڵێ لە کاتی لەگونجاودا.

*زانیاریم دەیوست نەك وەکو خۆشەویستیم بۆ وزانین، بەڵکو بۆ پارێزگاری کردن لە خۆم لە دژی لەو بەکەم بینینەی کە لەم جیهانە هەیەتی بۆ نەزانی.

*ئەو یارەی کە پیاوێك بۆ ماوە سێ ساڵا حەزی لێی بووە یاری ڕاستەقینەیە.

*خۆشەویستی لەپێشداو هێز لەدوای ئەو ئەم دوانە گەورەترین کامەرانین لەدنیادا.

* دەرپەڕینە سروشتیەکانی ئەقڵی مرۆڤایەتی لە خۆشیەو بۆ خۆشی نیە بەڵکو لە هیواوەبەرەو هیوایە.

*دایك پیرۆز ترین زیندەوەرە.

*خۆشەویسترین دەنگ لای دڵی مرۆڤ بیرتیە لە: دایك و ماڵ و ئاسمان.

*هیواکانم هەموو دەمێ نایەنە دی، بەڵام من هەمیشە هیوام هەیە.

*من بە هیوا دەژیم و پێم وایە کە ئەمە هەموو ئەو شتانەدرووست دەکات کە دێنە جیهانەوە.

*ناشارەزایی، ئەوەیە کە هەموومان واین، بڕی پێویست ناژین تاکو شتێکی تر بین.

*ئەگەر ئێوە پاڵ بەکەسێکەوە بنێنو ئەو بکەوێتە سەر زەوی، بەڵام خەسارێك نەبینێت، کارێکی کۆمیدیتان ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر بەتوندی کەسێك بخەن و بیدەن بەزەویدا و بریندار بێت، دیمەنێکی تراژیدیتان خوڵقاندووە.

*ئەگەر خودا جیهانی بەڕۆژێك دروست نەکردبێت، چۆن وا بیر بکەمەوە لە ڕۆژێکدا هەموو ئاواتەکانم بێتە دی.

*دەوڵەمەندەکان لە فلمەکانی مندا چارەنوسی خراپیان هەیە، لەسەر توێکڵی مۆز دەخزێن چونکە زۆرینەی خەڵك ئەو کاتەیان پێخۆشە کە دەوڵەمەندێك دەبەزێت.

*نیشتیمان پەروەری هەستێکی زۆرلەوە قوڵترە لەوەی لە وێنەیەکدا وەسف بکرێت.

*مادام ژیان هەیە هیواش هەیە.

*هەمیشە ئەو جەماوەرەم بەدڵ بووە کە خۆم هەڵمبژاردووە.

*هیچ کاتێك ووشەی هونەر بە مێشکمدا نەهاتوە ئەنانەت لەو قسانەی کە ئەشێکەمە شانۆ بەلای منەوە شێوازێکی ژیانە و هیچی تر.

*زیاتر لە ئامێرەکان پێوستمان بە مرۆڤایەتیە، زیاتر لە زیرەکی پێویستمان بە میهرەبانیە.

*کەلە ڕەقی نەیلی سەرکەوتلە.

*لەو کاتەی قەدەر گاڵتە بە چارەنوسی کەسێك دەکات هیچ بەزەیی و دادپەروەریەك نازانێ.

*دلخۆشی شتێکی ئامادەکراو نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی لە کردارەکانی خۆمانەوەیە.

*هاوڕێ کۆنەکان دەڕۆن و هاوڕێی نوێ پەیدا دەبن. هەر وەک ڕۆژگار وایە. ڕۆژێک دەڕوات و ڕۆژێکی نوێ دێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وای لێ بکەیت مانای هەبێت: هاوڕێیەکی بە مانا، یان ڕۆژێکی بە مانا.

*مەبەستی سەرەکیمان لەم ژیانەدا بریتییە لە یارمەتیدانی کەسانی تر. ئەگەر بۆت ناکرێت یارمەتیان بدەیت، بەلایەنی کەمەوە ئازاریان مەدە.

*دایەگیان هەمووکات بەسۆزەوە قسەت لەگەڵ دەکەم تۆ هەموو شتێکی بۆمن.

*لە ژیانمدا زۆر کارم کردووە :ڕۆژنامە فرۆشی، کرێکاری چاپخانە، دروستکەری یاری، پاککەرەوەی پەنجەرە، ... هتد، بەڵام لە نێو ململانێی پیشەیدا هیچ ڕۆژێک مەبەستم ئەوە نەبووە کە ببم بە ئەکتەرێکی کۆمیدی.

*لەبەردەرگای دادگاکاندا منداڵانی سەر شەقامەکان دەبینین کە بەتاوانی زۆر هیچ کەلەبچەیان بەمەچەکەوەیە و لەهۆڵەکانی دادگا وەستاون و چاوەڕێی زیندان دەکەن.

*بێبەریبوون و نایەکسانی و نەبوونی ئومێد، منداڵە هەژارەکان بەرەو زیندانەکان ڕەوانە دەکات.

*ئەو شەوەی بۆ یەکەمین جار من کە چومە سەر شانۆ، دایکم دواین شەو بوو لەسەر تەختی شانۆ ڕۆڵ بگێڕێت.

*تەنها عەشقی دایك نەمرە و هەمیشەییە.

*پیکاسۆ لەنێوان بەرهەمەکانیدا زنجیرەیەکی شینی هەبوو، ئێمەش زنجیرەیەکی خۆڵەمێشیمان هەیە کە لەو ماوەیەدا سنووری پارەیان تێپەڕاند.

*هەرگیز گرنگیم بە هەستیاربوون نەداوە.

*هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگا لەبەرامبەر دیاردەی منداڵانی سەرشەقامدا کارێکی پێویستە.

*من دەمەوێت کارێکی گرنگ ئەنجام بدەم، نەك تەنها تەقڵە لێبدەم و بەسەر تراموا‌کاندا خۆ فڕێ بدەمە خوارەوە.

*خۆشەویستی هەژارەکان جوانترین خۆشەویستییە چونکە بەبەهاترین شتیان دەبەخشن پێت کە دڵیان چوونکە لە دڵیان زیاتر هیچی تریان نییە.

*یەکێك لەو بوارانەی مرۆڤ لەکاری شانۆدا خێرا لێی تێدەگات ئەوەیە بینەران لەبینینی ئەو دەوڵەمەندانەی کە خراپترین کارەساتەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەست بەچێژ دەکەن. هۆکاری ئەو کارە لەڕاستیدا نهێنییە کە ۹ لەسەر ۱۰ ی خەڵکی جیهان هەژار و نەدارن و بەسروشتی ڕقیان لەو ۱ لەسەر ۱۰ یەی جیهانە کە دەوڵەمەندن.

* گرنگی بەهاندانی ستایشی دەوڵەمەندەکان مەدە، بەڵام لەو شۆفێر تەکسییە کە تۆ دەگەیەنێتە ماڵەوە، بپرسە لەحواڵی ژنەکەی چۆنە و ئەگەر دووگیانە و پارەی بۆ کڕینی جلی منداڵەکەی نییە، بڕێ پارەی بەنهێنی بخە ناو گیرفانەکەی.

*هیچ کەس هیچ شتێکی تر ناتوانێ بدۆزێتەوە کە شیاوی ئەوە بێ کچێك نینۆکی پێی خۆی بەهۆیەوە ڕووت بکاتەوە.

*هەندێك جار مەسەلە سێکسییەکان ڕاکێشانێکی بەخەساری بۆم هەبوو و هەندێك جاریش بێزارکەرە، بەڵام هەرگیز مەسەلەو پەیوەندی سێکسی سەرنجی ڕانەکێشابووم، چونکە کاری خولقاندن و داهێنانی زۆرم هەبووە کە توانیویەتی لەباتی مەسەلە سێکسییەکان سەرنجم ڕابکێشێت.

* گەورەترین ئەڵماسی جیهان، دەروونتە، کە خۆشبەختانە بەمەیلی هەر کەسێکەوە دەدرەوشێتەوە.

*فیلمی دیکتاتۆری گەورەم دروست کرد، چونکە ڕقم لەدیکتاتۆرەکانە و دەمەوێت خەڵك پێبکەنێت.

*جەستەت دەبێ مەی کەسێك بێت کە ناخی بۆ تۆ ڕووت کردۆتەوە.

*گەنجەکان و لاوەکان ئەوانەن کە دەبێ بەجدی پشتگیرییان لێ بکرێت لەلایەن کۆمەڵگا و باوك و دایك و..

*ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار پەیمانی خۆشەویستیم لەگەڵ کچێکدا بەست، لە دوای یەکەم جێژوان کە ماڵئاوایم بۆ ئەوڕۆژە خۆشەویستەکەم کرد، بەتەنها پیاسەم دەکرد و هەستم دەکرد زاڵم بەسەر هەموو شتێکدا!، هەموو ئەو پارەیەی لە گیرفانمدا هەبوو، دابەشم کرد بەسەر فەقیرە کاندا.

*حەوانەوە مادییەکان ناتوانن ببنە هۆی لاوازکردنی ئازاری دەروونی. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین ئەوانەی کە زۆرترین شتیان هەیە هەمیشە دڵخۆش نین. لە ڕاستیدا، دەوڵەمەندی زۆرجار دەبێتە هۆی پەشێوی و مەراقی زیاتر.

*گەنجەکانی سەرشەقام وەکو بۆمبێك وان.

*هەرکات ویستت دوو فرانك خەرج بکەی، بەخۆت بڵێ «سێیەمین» فرانك هی من نییە. ڕەنگە ئەوە هی پیاوێکی نەداری بێ ناونیشان بێ کە ئەمشەو پێویستی بە یەك فرانکە. پێویست ناکات بەدوایدا بگەڕێیت. ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتییە لە هەموو شوێنێکدانو دەیاندۆزیتەوە

*مرۆڤ بە، دڵپاك و یەك دڵ، چونکە برسی بوونو سواڵکردنو لە نەداریدا مردن.

*کەسە بەسۆز و میهرەبانەکان بەناتەندروست ترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

*وەرن هەوڵ بدەین لاوازییەکان بەلاوە بنێین و لەبیرتان بێت کە دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرەکانی مێژوو زاڵبوون بەسەر ئەو کارانەدا کە دەیانووت لەتوانای مرۆڤدا نییە.

*خیانەتکاری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ڕۆژێك عاشقت دەکات و سەدەیەك تەنیات دەکات و بە درێژیی تەمەنت چاوەڕوانت دەکات.

*باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك لە جیهانی مرۆڤدا بریتییە لەوەی کە هەموو لایەنەکان دابنیشن و بدوێن.

*هەبوونی دڵێکی میهرەبانتر و گرنگیدان بە بەرژەوەندی و لەشساغی کەسانی تر سەرچاوەیەکی دڵخۆشییە.

*ئاشتی ڕاستەقینە مەحاڵە کاتێك نەزانی حوکم بەسەر مێشکماندا دەکات.

*ئامانجی من دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دڵشادە کە هاوڕێیەتی ڕاستەقینەی تێدا بێت.

*ئەگەر ڕۆژێکیان رووخساری جوانی بێچوە دەوڵەمەندێکی بێ ناوەرۆك تۆ فریو بدات، ئەو ڕۆژەیە کە یاریزانێکی ناکارامەیت.

*هەمیشە کەسێك بوونی هەیە کە باشتر لە تۆ هونەر دەگێڕێت.

* ئەگەر خوازیاری ژیانی باشین دوو ڕێگەمان لە پێشە:
یان ئەبێ چاوەڕوان بین هەمو خەڵکی وەك و ئێمە بیربکەنەوە وە یان حەق بەخەڵکی بدەین زیندەگی خۆ یان بەچاك ترین شێواز کە دەیزانن بە سەر بەرن.

*لە سەرەتای دروست کردنی پەیوەندی دا ، چاکتر وایە کەمتر لە ئەندازەی تەوانایی خۆت بەڵێن بدەیت و زیاتر لەوەی کە بەڵێن دەدەین کار بکەین.

* کاتێك بۆ یەکەمجار چوومە سەرتەختەی شانۆ بۆ ڕۆڵ بینین، هەرگیز نەمزانیبوو کە شتێك بەناوی تەکنیك و کارامەیی تەختی شانۆو لەبەرچاوگرتنی کاتو وەستان و شێوازی دانیشتنو شێوازی هەستان لەشانۆدا بوونی هەیە، بەڵام هەموو کارەکانم بەشێوازی سروشتی ئەنجام دەدا.

*ئەگەر بەڕێوە بردنی کارو بار لە سەرەتادا بە قورسی و جدی یەوە دەست پێ بکەین پاشان نەرمی و هێوەربونەوە لە بەر چاو بگرین سەرکەوتو تر دەبین.

*ئەگەر دەتەوێ ژیانی خۆت بەرین بکەیت لەبێ دەربارەی فراوانی بە شێوەیەکی بێ سنور بیربکەیتەوە.

*ئەو دنیایەی تۆی تیا دەژیت، دنیای ئەکتەریو مۆسیقایە.

*منداڵانی سەرشەقام بەپێی هۆکاری جۆراوجۆر لەپشتیوانی مادیو سۆزی باوکو دایک بێبەرین.

*ئازارەکانم لە ژێر سیمای خەندەکانما دەشاردەوە هەتا هەمووان پێیان وابێت نە دڵم هەیە و نە ئازار.

*پێموایە لەم بێدەنگی نیوە شەوەدا مۆسیقای هەنگاوەکانت دەبیستم.

*خۆشویستن و میهرەبان زیادە نین، بەڵکو بەشێکن لە پێویستییەکانی ئەم ژیانە. بەبێ ئەم دوانە مرۆڤایەتی ناتوانێت بەردەوام بێت.

*باوکم لە ڕوخساردا بەتەواوەتی لە ناپلیۆن دەچوو، من لە گەڵ هیتلەر لەیەك ساڵ و مانگ و هەتەدا لەدایك بووبوین، بەڵام باوکم زۆر هێمن و میهرەبان بوو، ملیش هەموو تەمەنی بۆ خۆشبەختی خەڵکی تەرخان کردبوو.

*ئەگەر دەوڵەمەندەکان بیانزانیایە تامی هەژارەکان پڕە لە سۆز و میهرەبانی هەرگیز هەڵیەیان بۆ پارە نەدەکرد.

*منداڵ پتەوترین پەیوەندیە کە نێوانی ژن و مێرد گریدەدات

*بێوەژنەکانو منداڵانی بێ باوکو بێ دایک بناسە، لانیکەم ڕۆژی جارێک بڵێ: منیش لەوانم، تۆ بەڕاستی یەکێک لەوانی، نەک زیاتر

*مرۆڤ بۆئەوەی هەست بەدڵنیایی بکات، پێویستی بەکەسێکە، کەسێک کە لە مرۆڤەوە نزیکترە.

* کاتێک کە ژن گرنگی بە خۆی نادات و بۆنی لێدێت تۆی پیاویش والێدەکات کە گرنگی بە خۆت نەدەیت و بیر لە خۆت نەکەیتەوە.

*پشت بەستن بە بەخت و چارەنوس خراپترین جۆری بێ ئومێدی یە . ئەپیکتت

*تۆ لە بەدبەختی خۆت ناڵە نەکەیت ئەگەر تێ بینی بکەیت ئەم خەڵکە چەند لە نارەحەتی و ڕەنج کێشان دایە هێواش تر ناڵەت دەکرد.

* کاتێک بۆ یەکەمجار بواری نواندنم هەڵبژارد، وشەی هوونەر هەرگیز نەدەهاتە مێشکمەوەو لەکلتوری مندا شوێنێکی نەبوو. شانۆ بەلای منەوە تەنها یەک واتای هەبوو، ئەویش ئامێرێک بوو بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانم.

*ئەگەر ئەتەوێت کەسانی تر دڵخۆش بن، ئەوا میهرەبانی بکە بە خوو. ئەگەریش ئەتەوێت خۆت دڵخۆش بیت، ئەوا میهرەبانی بکە بە خوو.

*ئەگەر بمانەوێت فێری دڵفراوانی ببین، ئەوا باشترین مامۆستا ئەو کەسانەن کە دوژمنایەتیمان دەکەن.

*هیچ شتێک نیە لەم جیهانە ساردوسڕی بۆشەدا، ئەکانیاوێکی خۆشەویستی قوڵی هەمیشەی، تەنها ئەو کانیاوە ئەبێ کەلەدڵی دایکدا.

*بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هەموو تاکەکەسێک.

*تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵدا، ئەگەر سۆزی ڕاستەقینەی پێ پیشان بدەیت، ئەوا متمانە دروست دەبێت. ئەگەر هەمیشە ڕووگرژی و لێدان بەکاربهێنیت، چۆن دەتوانیت هاوڕێیەتی دروست بکەیت؟

*لای من خەڵک جیاوازییان نییە، جا سەرۆک، سواڵکەر یان پاشا بن.

*مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت دەبێت لەسەرەتادا دەبێت زەحمەتی زۆر بکێشێت و خۆی بگرێتەوە لە بڕێکی زۆر لە ڕابواردن.

*منداڵی هەژارەکان لەشارە گەورەکاندا بەدرێژەدان بەژیانی خۆیان ناچارن لەشەقامەکاندا کار بکەن و لەوێش بخەون.

*من تەنها تاکە مرۆڤێکم.

*خۆشویستن بریتییە لەوەی کە ڕەخنە و حوکم بەسەردادانمان بەرامبەر بە کەسانی تر نەبێت.

*هاوسەر گیری وەك و بازاڕ ڕۆشتنە تا پارەو پولت نەبێ بۆ بازاڕ مەڕۆ.

*خەڵك ڕێگەی جیاواز دەگرن بۆ گەیشتن بە ئاوات و بە دڵشادی. هەر لەبەر ئەوەی کەسێك لەسەر ڕێگەکەی تۆ نییە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگەی ونکردبێت.

*لەبیری مەکە کە باشترین پەیوەندی ئەوەیە کە خۆشویستنتان بەرامبەر بە یەکتر گەورەتر بێت لە پێویستیتان بۆ یەکتر.

*گەشبینی هەڵبژێرە، چونکە هەستێکی باشترت پێ دەبەخشێت.

*کەسێك کە تەنها بیری لای خۆشگوزەرانی خۆی بێت ئەوا لە کۆتاییدا توشی ڕەنج و ئازار دەبێت.

*هەزار جار زیاتر تەحەمول دەکرێ تاوەکو لەوەی بێ سۆز و نامرۆڤ بیت

*زیادەڕەوی لە خۆپەرستیدا دەبێتە هۆی گۆشەگیری، ئەنجامەکەی: تەنهایی، ترس و تووڕەیی.

*منداڵانی سەرشەقام، پێوانەی گوشاری دنیای ئەمڕۆکەن.

*دوای مردنی باوك سێبەری مەرگ زیاتر باڵ دەکێشێت بەسەرماندا.

*ئێمە سەرکەوتنەکانمان دەکەینە جەژن بەڵام شتێکی زیادەیان لێوە فێر نابین لە کاتێکدا شکستەکان لە کاتی ئازاریشیاندا مامۆستان. ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردو بدەیتەوە سەرنج دەدەیت ئازارەکان و دژواریەکان لە راستی دا خاڵ گەلی سۆزی ژیانت بوون.

*ڕێك هەمان ئەو ساتەی کە لە ڕادەبـەدەر فراوان دەبی هەمو شتێ بەرەو نابودی ڕادەکێشی

*شۆڕشی ژیان بەواتای قەدر زانی یە لە هەمو شتێ وە ڕۆنەچونە لە هیچ شتێکی تر.

*درەوشاوەیی ژیانت لە بیرو باوەڕت دایە.

*بۆ ئەوەی یەکەم خۆشەویستم لە دەست نەچێت دەمویست چۆکی بۆ دابدەمو خۆڵی بەرپێی گسك بدەم.

*کاتێك بۆت دەرکەوت کە هەڵەیەکت کردووە، ڕاستەوخۆ هەنگاو بنێ بۆ ڕاستکردنەوەی.

*ماڵەوە ئەو شوێنەکە کە تیایدا وا هەست دەکەیت لە ماڵەوەیت و تیایدا بە باشی مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت.

*هونەر پێش ئەوەی دوو باڵ بەمرۆڤ بدا بۆ فڕین، زۆرجار دوو قاچەکەی دەشکێنێت.

*ئەوکاتەی وەك ئەکتەری شانۆ پەسەندکرام دەتووت دنیا لەپڕێکدا نوقمەسار بووە، منی بەگەرمی لە ئامێز گرتووە و پەسەندی کردووم. بەسەر هەورەکاندا دەفڕیم لە خۆشیدا.

*مەبەستی ژیانمان ئەوەیە کە دڵخۆش بین.

*زۆر جار لەتەنهایی لەگەڵ خۆمدا چێژم وەردەگرت وەك لە قسە کردن لەگەڵ خەڵکیدا.

*زۆربەی عاشقەکانی گەنجێتی ڕێی دیاریکراو و شێوازێکیان هەیە. بەهۆی نیگایەکەوە چەند وشە لەسەرەتاوە و زۆر جار وشەی خەیاڵی، هەموو شێوازی ژیانی خەڵك تێك دەدات.

*خۆڕاگری لەوانەیە ئاسان نەبێت چونکە پێویستی بە تەرکیزی زۆر هەیە.

*خاوەنی هەر بیرو باوەڕێکی هەتا ئەو شوێنەی پێت دەکرێت مرۆڤ بە گرنگی بە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بدە.

*ئەوکەسانەی لە ژیاندا زۆر دەگرین زۆرتر بەهای جوانییەکان دەزانن ڕێز لە شتە بەنرخەکان زیاتر دەگرن.

*بە دۆزینەوەی توانا شاراوەکانی و متمانەهەبوون بە تواناکانی خۆی، مرۆڤ دەتوانێت جیهانێکی باشتر دروست بکات.

*کاتێك گلەییت لە ژیان هەبێت و قەناعەتت نەبێت، ئەوا هەمیشە داوای شتی زیاتر ئەکەیت. ئارەزووەکانت هەرگیز ڕازیبوونیان نییە. بەڵام کاتێك قەناعەت دەکەیت بە خوو، ئەتوانیت بەخۆت بڵێیت: «بەڵێ - ئێستا هەموو ئەو شتانەم هەیە کە ئارەزوویان دەکەم».

*لە دایکمەوە خۆشەویستی مەسیح چووە دڵمەوە.

* کاتێك یەکەم خۆشەویستم هات بۆلام ئەوەندە کاریگەری لەسەرم دانابوو بەزەحمەت دەمتوانی قسە بکەم.

* ئەگەر لێم بپرسن ژنی زۆر بلێت خۆش دەوێت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بۆ جۆرێکی تریان هەیە؟

هەموو ڕووداوێك، هەموو ئەزموونێك کە بەسەرماندا دێت ئەزموونێکی فێربوونە.

*ئەستێرەکان لەناو کۆمەڵەی وەکو خۆیاندا ڕووناکی کەم یان گەرمی کەمیان هەیە.

هەر کەس لەگەڵ هۆشیاردا دابنیشێ سەرئەنجام ئەویش *هۆشیار دەبێ هیچ کات و لە هیچ کاتێکدا قانع نەبن و قەناعەت نەکەن.

*دووبارەکردنەوە، دایکی هێزو تواناکانە.

*نووسەرەکان کەسانێکی نازەنین، بەڵام زۆر شت نادرکێنن، ئەو شتانەی دەیزانن بەدەگمەن دەیگەیەننە کەسانی تر و زۆربەیان مەسەلەکان لەتۆوی کتێبەکاندا دەشارنەوە.

*لەبیری مەکە کە هەندێك جار بەختەوەری لەوەدایە کە نەگەیت بە ئەو ئامانجەی کە لە خەیاڵتدا بووە.

*بایەخ بدە بەو ڕاستەیەی کە خۆشویستنی ڕاستەقینە و دەستکەوتی ڕاستەقینە مەترسی زۆری لەگەڵدایە.

* هەتا ئەو شوێنە مرۆڤ زیندووە کە ئازیەکەی زیندووە.

*بە پێی ئەو ڕادەیەی کە خۆشەویستی پاڵنەری کردارەکانتە، کردارەکانت بێ ترس تر و ئازادتر دەبن.

*ئەگەر لە دژواری ژیان دژوارتر نەبیت هەرگیز بەسەر ژیانی پڕ لە ئازار و سەختدا سەرناکەویت.

*تەمەنی گەنجێتی زۆر خۆشتر دەبوو ئەگەر لەژیاندا درەنگتر دەستی پێبکردایە.

*هەموو هەوڵ و ماندوو بونم ئەوەبوو خەمەکانتان بکەم بە پێکەنین.

*شتێکی ئاساییە کە ڕای جیاوازمان هەبێت.

* ئەو کەسەی کە بەبێ تاوان ئازار دەچێژێت لە کۆتایدا هەست بە سەربەرزی و جۆرە پاڵەوانیەتیەك دەکات.

* خۆشترین کات ئەو کاتەیە کە دەچیتە ناوو جێگا بۆ خەوو گوێت لە دەنگی باران بارینە.

*نیگارکێشەکان بێزارت دەکەن، چونکە زۆربەیان کارێك دەکەن کە مرۆڤ پڕ بکات. زیاتر لەوەی نیگارکێش بن، فەیلەسوفن.

*ئەگەر خەمبار بوویت بە هێواشی بگری نەك خۆشیەکانت بێ هیوا بن وە ئەگەر دڵ خۆش بویت بە ئەدەبەوە پێبکەنە نەوەك خەمەکانت بە ئاگا بێنەوە.

*تەنانەت لە کاتێکدا کە ئازاری جەستەیی دەچێژین، دەکرێت لە دڵماندا زۆر دڵخۆش بین.

*بەهۆی نەبوونی بنەمای ئەخلاقییەوە ژیانی مرۆڤ بێ نرخ دەبێت.

*ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خەڵك ئامانجێکیان هەبێت لە ژیانیاندا. ئامانجەکە دەبێت شتێکی بەسوود و باش بێت.

* کاتێك لە بەر باراندا پیاسە دەکەیت و خەمەکانت دەڕەوێنەوە وە کەسیش فرمێسکەکانت نابینێت.

*لەجیاتی ئەوەی بە خراپی باسی خەڵك بکەین، دەبێت خۆمان ڕابهێنین لەسەر ڕوانینێکی پاکتر بۆیان و باسکردنی تەنها تایبەتمەندێتییە باشەکانیان.

*ڕێز گرتن خۆشەویستی دەچەسپێنێت.

*ڕەنگە زانایان بیژەرێکی باش بن، بەڵام ئامادەبوونی تاکو تەرایان لە ژووری میوانداریدا لەڕووی زەینەوە ئێمەش هیلاك دەکات.

* هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە بەرزببمەوە بۆ ئاستی فریشەکان، بەڵام هەمووکات هەوڵی لەوەم داوە نزم نەبمەوە بۆ ئاستی شەیتان.

*ئەمەن لەئاستی خۆشەویستیدا زۆر کەمە بەشی نیگەران بوون ناکات.

*هەمیشە بۆ ماهاتما گاندی ڕێزێکی تایبەتم داناوە، بەهۆی تێگەیشتنی سیاسیو ئیرادەی پۆلاینیەوە، ماهاتما گاندی پیاوێکی بوو زەینی تیژو هەستی قووڵو تێگەیشتنی لەیاساو ڕاستییەکانی سیاسەت زۆر ئاشکرا بوون.

*ئەگەر میهرەبانی ژن نەبوایە ئەوا دڕندەیی پیاو دونیای وێران دەکرد.

* بەدرێژی تەمەنم لە فەقیر و دەوڵەمەنیمدا لە دڵ خۆشی و نیگەرانیمدا لە لەشساخی و نەخۆشیمدا لەگەڵ خودادا گرفتم نەبووە هەمیشە گرفتی من لەگەڵ مرۆڤەکاندا بووە.

* ئەگەر لێکۆڵینەوە لە ژیانی دەوڵەمەنەکان بکەیت ئەوا بە دڵنیاییەوە تاوانێکت هەر بۆ دەردەکەوێت.

*بەختەوەری و بێ بەختی وەکو ڕەهێڵەی بارانێك وایە کە لە پەڵە هەورێکدا دەبارێت ، ئەمەش دەست کردی ڕێکەوتە.

* هەندێك جار مرۆڤی وەها دەبینیت هەرگیز بە بەرد ناڵێت ڕەق.

*ئەگەر هۆشیاریی بەردەوامت هەبێت دەربارەی مردن، کاتێك دێت سەرسام و پەشێو نابیت.

*هەرگیز نەکەی بڵێیت نا بەرامبەر دایکت.

*بوونی دایك خۆی لە خۆیدا مانای خۆشی و دڵنیای یە.

*بەخت ڕەشی کە ملی بە پیاوەوە نا ، نە بەزەیی دەزانێ نە نەداری.

*ئەوەی بترسێ ناخەڵەتێ.

*دڵان گەلێك لەوە ناسکترن کە بشکێنرێن.

*هەموو سەر بەرەو ژوورەیەك، سەربەرەو خوارکەیەکی لە دوایە.

*ئەگبەتی کە ڕووی کردە پیاو بە یەك و دوو وەوە ناوەستێت.

* ئێمە هیچ سیناریۆیەکمان نیە ، فیکرەیەك وەردەگرین و ئیتر یەکسەر شوێنی بە دواهاتنی سروشتی ڕووداوەکان وەر دەگرین.

*مۆنەرمەندی ڕاستەقینە هەمیشە دەبێت بێ فیز و لەسەر خۆ بێت.

*ئەوەی چیلی بەرز یان دەست ڕۆیشتوو بێت لەسەر جادە بە فیزەوە یان بە قۆزیەوە دەڕوات.

*پیاو ناتوانێت هەر خەریکی خۆ ژیاندن بێت و هەموو شتێك پشت گوێ بخات.

*مرۆڤ کاتێك تەمەنی دەڕوات وەکو تریفەیەك وایە کە بەرەو سەراب تاو دەنێت.

*پیاو هەرچەندە پێی خۆش نەبێت لە خزم و دۆستان نەتەکێتەوە بەڵام هەر ناچارە بڵێ خودا حافیز.

*ئەو پارەیەی کە هەتە نەختێك لەزەتی لێنەکەیت بۆچی باشە.

*بەڕاستی ڕابواردنی پاشایانە خۆشە لە دڵی خەڵکیدا.

*سەرکەوتنی پیاو لە دڵی خەڵکیدا خۆشەویست دەکات.

* ئەگەر بە چاکە لەگەڵ یەکێکدا بچی ئەویش بە چاکە دێت لەگەڵتا.

*هەموو بیر و ڕاکانتان بە باوەڕەوە بخەنە ڕوو.

* هەڵەی گەلێك ئەكتەر ئەوەیە كە حەزدەكەن زۆر خۆیان بنوێنن و دڵی خەڵكی بڕفێنن.

* پیاو كە خوا پێی دا تەنانەت ڕەفتاری خەڵكیش لەگەڵیدا دەگۆڕێت.

*هەموو شتێك تەنانەت پارەش سنوری هەیە.

*سەركەوتن تا بڵێیت خۆشە بەڵام شان بە شانی ئەو هەستی خۆشیە.

*جنس (سێكس) هەرە گرنگترین شت نیە.

*لەوانە بچوكترین ڕووداو ببێتە ئیلهام لە دانانی سیناریۆیەكی گەورەدا.

*سەگ و مناڵ باشترین ئەكتەری سینەمان.

*هەموو مناڵێك بریتیە لە كانێكی بلیمەتی.

*زۆر گرانە هەروا ئاسایی تەمسیل بكەیت ، ئەگەر لە مێشكدا بنەڕەت یان ناواخنێكت دانەڕشتبێت.

*پیاو هەمیشە بەعەقڵ ناتوانێت بگات بە ڕاستی، ئەمە تەنها دەمانبەستێت بە قاڵبێكی جەبری و فكركردنەوە كە بنە ڕەتەكەی لە سەر مەنتق و مەعقولیەت بەندە.

*ئەم داستانی ژیانە پڕیەتی لە ڕووداو.

*ساکاری و سادەیی لە ژیاندا لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

*لە شانۆدا سۆز لە ڕۆشنبیری سەرنج ڕاکێشترە.

*فیکرەیەك کە هەستی تیادا نەبێت پولێك ناهێنێت.

*ناتوانم گیرو گرفتی خۆم لەگەڵ گیرو گرفتی شازادەیەکدا بە یەك چاو ببینم.

*لەسەر خۆیی پاسایەکی سەرەکی هەموو هونەرەکانە.

*کە زیرەکی و پڕ هەستی وەکو یەك لە کەسێکدا هەبوو ئەوا نموونەی کەسێکی سەرکەوتووە.

*ئەکتەری باش هەمیشە دەبێت بەدەم کامەرانیەوە بێت.

*شەخسیەت شتێکە تۆ ناتوانی تەعبیری بکەیت، هەمیشەلە ئاکار و کرداردا دەردەکەوێت.

*دەستکەوتە شاکاریە هەرە مەزنەکانە مێژوو بریتین لە تێکۆشانی ئەو شتانەی کە وا ئەوانە بەر چاو لە کردن بێن.

*دەبێت خۆتان بکەن بە دەریای دەروونی خەڵکیدا.

*ئاسانە بۆ پیاو پڕ سۆز بێت.

کتێبخانەی کاریز
کەرکوك - بارو تخانە

سامان داریەتی بەو پەڕی ئازادی دادەنێم.

*ژیان و مردن بەهێز ترن لەوەی کە بە بەرهەمی ڕێکەوت دابنرێن.

*کەسێکی یەکجارزیرەکی بێ هەست دەتوانێ ببێتە پیاو کوژ. کەسێکی پڕ هەست ئەگەر فێری بە زیرەکیشەوە نەبێت، دەتوانێت ببێتە نمونەی تەنها بۆرەپیاوێکی بێ زیان.

*مرۆڤ هەتا پیربێت مەسەلەی ئیمانی زیاتر لا بەهێز تر دەبێت.

*هۆشی مرۆڤ هەمیشە لەسەر خۆی نیە و پیاویش هەمیشە سەر خۆش نیە.

*بە بەختەوەری یەکتری دڵ خۆشبن نەك بە بەد بەختی یەکتری.

*چ ژیر و چ نەزان دەبێت هەموو بۆ ژیان تێبکۆشن.

*لە هیچ گیرو گرفتێکا پیاو ناتوانێت بەردەوام هەموو بیر و هۆش و کرداری بخاتە سەر ئەو گیرو گرفتە.

*ڕێگا بێت دەشێ ژیان ئازاد و ڕەنگین بێت ، بەڵام ئێمە ئەم ڕێگایەمان وون کردووە.

*حەسودی گیانی خەڵکی ژەهراوی کردووە ، جیهانیان بە ڕق و کینە بەر بەست کردووە،
هەومانیان بە ئەسپایی بەرەو کلۆلی و خوێن ڕشتن ناردووە.

*ئێمە ئەوەندەی پێویستیمان بە مرۆڤایەتی هەیە ، ئەوەندە پێویستیمان بە داهێنان نیە.

*زۆر لەوە زیاتر پێویستان بە زیرەکی هەیە.

*میهرەبانی و نەرم و نیانی پێویستە بۆ گشت کەسێك.

*ئەم جیهانە ئەوەندە پان و بەرینە جێگەی هەموو کەسێکی تیا دەبێتەوە، ئەم سەرزەمینە گەورەیە دەوڵەمەندە و دەتوانێت بەشی هەمووان بدات.

* هەرگیز لە هیچ بارودۆخێکدا تکاتان لێدەکەم چەکی هیوا فڕێ مەدەن.

*ئادەمیزاد دەمرێ و دەبڕێتەوە ، بەڵام ئازادی هەرگیز مردنی بۆ نیە.

*ڕقتان لە خەڵکی نەبێت تەنانەت ئەو کەسانەش کە خەڵك خۆشیان ناوێت.

*ئەی سەربازان بۆ کۆیلەیی مەجەنگێن ، بۆ سەربەرزی هەوڵ بدەن.

*پیاو كه چواردەوری بە گیر و گرفت و دڵ شكاندن گیرا، ئەگەر ووره بەر نەدات دەبێت ڕوو بكاتە دان بەخۆدا گرتن و بێعاری و فشە و گاڵتە.

*ئەو كاتانەی كە بیر دەكەنەوە خەونەكانتان تێكەڵ مەكەنەوە، بەڵكو تەنها بیر لەیەك شتی شیاو و پەسەند بكەنەوە.

*ئەو كەسانەی كە خەڵك خۆشی ناوێن ، ناسروشتین.

*لەیەك كاتدا تەنها بیر لەیەك شت بكەنەوە.

* بەڕاستی دوژمنایەتی بارێكی گرانە بەسەر گیانی ئادەمیزادەوە.

*بۆ عاشقی كەسێك بین كە خۆشی ناوێین؟ بۆعەشقی كەسێك قبوڵ نەكەین كە خۆشی ئەوێین؟ ئایا كامیان بەختەوەرترمان دەكات، هەرگیز لە خۆتت پرسیوە؟

*كاتێك عاشق ئەبین، شتەكان گونجاو نابن، كاتێك شتەكان گونجاون عاشق نابین.

*عیب نیە لەسەرخۆ سەركەویت، عەیب ئەوەیە بە پەلە بكەویت.

* لە كۆتایی تەمەنمدا بە دەسەڵاتدارانی ئەمەریكام ووت ئەگەر حەزرەتی مەسیح ببێت بە سرۆكی وڵاتەكەتان ئامادەنیم بگەڕێمەوە بۆ ژیان لە ئەمەریكا.

*جوانی با ڵندە لە پە ڕەکانی دایە، جوانی مرۆڤ لە زمانی دایە.

*هەموو شت پێویستی بە عەقڵە عەقڵیش پێویستی بە تاقیکردنەوەیە.

*مێشکت بەزانست و هوونەر چەکدار بکەیت باشترە لەوەی لاشەت بە خشڵ و زێڕ برازێنیتەوە.

*ئەگــــــەر راستی بچێنیت ئەوا بێگومان متمانە بە دەست دەهێنیت.

*ئەگـــــەر بێ فێزی بچێنیت، ئەوا بێگومان گەورەی بە دەست دەهێنیت.

*ئەگەر کۆڵنەدان بچێنیت، ئەوا بێگومان سەرکەوتن بە دەست دەهێنیت.

*ئەگـــەر ڕێزگرتن بچێنیت، ئەوا بێگومان پێکەوە ژیان بە دەست دەهێنیت.

*ئەگەر لێبوردن بچێنیت، ئەوا بێگومان ئاشت بوونەوە بە دەست دەهێنیت.

*ئەگـــەر کراوەی بچێنیت، ئەوا بێگومان دۆستایەتی بە دەست دەهێنیت.

*خۆشەویستی تەواو جوانترین وێنەیە لە تۆماری سەرکەوتندا.

*ئەگەر ئارام گرتن بچێنیت، ئەوا بێگومان چاکبوونەوە بە دەست دەهێنیت.

* تەنانەت لە پیریشدا دایکم هەر هێندەی ئاسمان جوانبوو لەلام.



Charles Chaplin. His last day in America 1952

یەکێك لە بەناو بانگترین وێنەکانی چارلی چاپلین کە بە واژۆی خۆیەوە بڵاوی کردەوە

پیاو ئەگەر خودا پێیدا، تەنانەت
خەڵکیش ڕەفتاری لەگەڵ دەگۆڕن

*****

یەك جار لە دوژمنی خۆت بترسە و
هەزار جار لە هاوڕێکەت

*****

گەورەترین ڕۆژ کە لە دەستمان دەچێت
ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا پێناکەنین

*****

مرۆڤ ئەگەر هەژار و برسی بێت، باشترە
لەوەی کە سووك و بێ هەست و سۆز بێ